**سیزیف**

# ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە

پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

سەرپەرشتیاران

جەبار سابیر، ئارام سدیق

زنجیرە کتێبی یانەی قەڵەم

(١٣٩)

سیزیف

# ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە

+ ناوی کتێب: سیزیف، ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە

+ بابەت: ڕۆمان

+ نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح

+ تیراژ: ١٠٠٠ دانە

+ چاپ: یەکەم

+ چاپخانە: پەنجەرە، تاران

+ نرخ: ٤٠٠٠ هەزار

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٦٣٠) بۆ ساڵی ٢٠١٥ دراوەتێ.

پێشکەشە بە کاریتەی کچم

# ١

میوانە خۆشەویستەکان! دوکتۆرە ئازیزەکان! من ناوم باوەنوورە، خۆتان بە دوکتۆر باوەنوور دەمناسن. سوپاس بۆ هەموو ئەو وشە گەرم و گوڕانەی لەم چرکە ساتە دژوارەی تەمەنمدا لە هەناسە زیاتر پێویستم پێیەتی، هەناسەیەک کە هەڵکێشانی تا دێ زەحمەتتر دەبێت. سوپاس بۆ پشتگیریی و مەدح و سەناتان، بۆ هەموو ئەو نامە و ئیمایڵ و تێلانەی کە باران بوایە بە هەزار چەتریشەوە شوێنێکی وشک بە بەلەشمەوە نەدەما.

من وتارەکەم بە زمانی کوردی نووسیووە، وەک چاوتان لێیە نووسخەیەکی زۆریش بە زمانە شیرینەکەتان و دوو زمانی تریش وەرگێڕدراون و دەتوانن بێن و بیبەن و چاوێکی پیابخشێنن. ئەوەی لام گرنگ بووبێت وەرمگێڕاوە.

من ئێوەم لێرەدا، لەم هۆڵەدا بۆیە کۆکردۆتەوە، تا هەم سوپاسی پشتگیریتان و هەم چیرۆکی ئەو کوڕەتان بۆ بگێڕمەوە، کە دوو دڵی هەیە. لە ڕۆژنامە و میدیاکاندا، هەم لە وڵات و هەم لە لێرە و لە دەرەوە زۆر شت لەسەر ئەم کوڕە نووسرا، هەم بە ڕاست و هەم بەدرۆ، بۆیە پێم خۆش بوو چیرۆکەکە

لە زمانی منەوە، کە دوکتۆریم ببیستن، نەک لە زمانی کەسانی ترەوە، کە بە ڕۆژی ڕووناک کردوویانە بە پارووپەکی چەور و گۆشتیان بە لەشەییەوە نەهێشتووە. من کەسانێکی زۆرم هەم لێرە و هەم لە وڵاتەوە و هەم لە چەند سەفارەتێکەوە بانگ کردووە، بەڵام لەگەڵ ئێوەدا من دوو کەسی زۆر گرنگم بۆ ئێرە دەعوەت کردووە کە وەک من بێنە سەر ئەم مەنەسە و وتاری خۆیان بخوێننەوە. دوو کەس کە هیچ کاتێ لە ژیانمدا ڕێکەوتم نەکرد بیانناسم، ڕێکەوتم نەکرد بیانبینم. بەڵام تەنها جارێک بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردن و داوام کرد ئەوانیش گەر بۆیان دەکرێت ئەم چیرۆکە بنووسنەوە. دوو کەس کە هەست دەکەم بێ ئەوان ئەم چیرۆکەی من بۆتان دەگێڕمەوە نوقسان و ناتەواو دەردەچێ.

ئازیزان! وەک خۆتان دەزانن من وەک دوکتۆرێک خەونێکی بچووکم هەبوو، خەونێک بە بێ پشتگیریی ئێوە و وڵاتەکەتان هاتنەدی مەحاڵ بوو، من توانیم دڵێکی دەستکرد بە چەند مانگێک دروست بکەم، بەڵام دروستکردنی ئەم دڵە پلاتینە ساڵانێکی زۆرە لەگەڵمدا دەژی. من ویستم خزمەتێک بە مرۆڤایەتی بگەێنم، ویستم ئیتر کەس بە نەخۆشییەکانی دڵ نەمرێت. برۆ چەند عاشق دەبی، عاشق بە. چەند دڵت دەشکێ گوێ مەدەرێ، من دڵێکی ترت دەدەمێ بەرگەی هەموو نەهامەتییەکان بگرێت. دڵێک وەک بەلوعە فرمێسکی پێدا بێتە خوارەوە و کەی دەشتەوێ بیگرەوە. دڵێک ببێ بە پرد و هەرچی یارە دڵڕەقەکانی دونیا هەیە بەسەریدا بپەڕنەوە و لەرەیەکیشی بۆ نەکات. دڵ لەم سەردەمە ئاڵۆز و مۆدێرنەی ئێستادا وەک گوڵدانێکی ناسکی لێ هاتووە، بەهەموو شتێ دەشکێت. بە هەموو کەوتنە خوارەوەیەک و لە دەست بەربوونەوەیەک پارچەکانی بڵاودەبێتەوە، هیچ شتێ وەک پارچەی شکاوی دڵ نییە، کە پارچەکانی دڵ بڵاودەبنەوە، ئینسان هەم خۆی و هەم خەڵکانی نزیک و خۆشەویستی خۆشی تەفروتوونا دەکات. ئەم کاتەی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر مرۆڤەکان دڵیان دەشکێت. بە دەست من بوایە، ئەم

سەردەمەم ناو دەنا (سەردەمی دڵشکان). هێندەی من دڵشکانم لەم لاو ئەولا بینی، زەردەخەنە و پێکەنینم نەبینی. هێندەی دڵشکانم بینی، بەزەییم نەبینی، لێبووردن و سنگفراوانیی و خۆشەویستیم نەبینی، هێندەی جنێوم بیست، نووکتە و قسەی خۆشم نەبینی. یادگارەکانمان، بیرەوەرییەکانمان، تەمەنمان، پڕێتی لە دڵشکان، ئەو تەمەنەی هەندێ جار لە درۆیەک زیاتر لە لام هیچی تر نییە. سەیری ئەو هەموو دڵشکانەی لە هاوڕێکانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، لە یاری دڵڕەقی جۆراوجۆرەوە، لە باوکانی نەزان و مامۆستا ناشرینەکانمانەوە، لە سیاسییە سمێلفشەکانەوە بۆمان ماوەتەوە. لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگا دڵڕەقەکەی من، لە کۆمەڵێ منداڵی دڵشکاو زیاتر هیچی تر ناهێنێتە بەرهەم. مرۆڤ لە وڵاتەکەی مندا هەر لە بەیانییەوە لە خەو هەڵدەستێت، دڵی دەشکێت تا ئێوارە درەنگ دڵی خۆی دەباتە ژێر بەتانییەکەوە و دەخەوێ. هەر خەڵکەو لەسەر شەقامەکان بە نەخۆشییەکانی دڵ وەک گەڵای پایز دەوەرن و دەڵێن ئەوە خودا بردییەوە بۆ خۆی، بە گەنجی لە پڕ دەکەون و دەڵێن بەو تەمەنە کەمەوە ڕۆژی تەواو بووە. من ویستم شتێکیان بۆ بکەم وا زوو ڕۆژیان تەواو نەبێت، ویستم شتێ بکەم و خودا بەو گەنجێتییە و بەو بەهارە نەیانباتەوە بۆ خۆی و کەمێک بانگ کردنەکەیان دوا بخەم. هەموو ئەمانە وایان لە من کرد ئەوخەونەم هەبێ، خەونی دروستکردنی دڵێک لە پلاتین کە هەموو دڵشکانی دونیای تیا بێت و لە سەماو جۆلانەی خۆشی نەکەوێت. ڕەنگە زۆر کەس بیر لەوە بکاتەوە، کە دروستبوونی خەونێکی وا لای من پەیوەندی بە دڵشکانی خۆمەوە هەبێت. بەڵام دڵشکانی من چیرۆکێکی ترە، نازانم فریا دەکەوم بیگێڕمەوە یان نا؟ گەر فریا نەکەوتم لێم ببوورن! گەر گێڕاشمەوە ئەوا ناوی دەنێم دڵشکانە گەورەکە. بەڵام ئازیزان! ئەم تایتڵە، زۆر هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە هەموو کەس دڵشکانی خۆی لا گەورەیە، دڵشکانی خۆی بە دڵشکانە گەورەکە لەقەڵەم دەدا، وەک تەقینەوەی (بیگ بانگ) سەیری دەکا. ئازیزان!

هەمووومان بیگ بانگێک لە سینگماندایە و تەنها مەسەلەی کاتە و ڕۆژێک دێ خراپ دەشکێ و خراپ دەتەقێتەوە. کە تەقیشەوە هەموو هاوکێشەکان لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت. ئەوەی دەڵێت دڵم تۆزێک شکاوە و هیچ نییە بیرم دەچێتەوە، ڕاست ناکات. دڵ وەک هێلکەیەک وایە، کە شکا دەشکێت، کە شکا قەت بە شکاویی هەڵناگیرێت، خەونی من ئەوە بوو فریای ئەو هێلکە شکاوە بکەوم تا نەبووە بە هێلکە و ڕۆن و تا لەوە زیاتر نەخوراوە، ویستم هەرچی زووە لە ژێر دانەکانی ڕۆژگاردا دەریبێنمەوە. من ویستم هێلکەیەک لە جێگەی دابنێم قەت نەشکێت، قەت نەخورێت. چونکە هەستم کرد لابردنی دڵێکی نەخۆش و شوێنگرتنەوەی بە دڵێک لە پلاتین، پێویستییەکی گەورەی ئەم زەمەنەی ئێستامانە، کە بە دڵنیاییەوە پێم خۆشە ناوی بنێم سەردەمی دڵشکان.

## ٢

من خاتوو ماردین، ناسراو بە ماردین مۆنرۆ، لە مارلین مۆنرۆی شاژنە ئەکتەری سینەمایی سالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردووەوە نازناوەکەم وەرگرتووە. من پێویستە ئێوەی بەڕێز ببەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا، تەواو مەبەستم زیاتر لەوە، ئێوارەیەکە، کە لای من هەموو ڕووداوەکان لەوێوە دەست پێدەکەن. ئێوارەیەک کە من ناوم ناوە ئێوارە شێتەکە. ئەو ئێوارەیە من و گێلاسی هاوڕێم، کە ناومان نابوو گێلاسی غەم، منی برد بۆ بینینی ئەو کوڕەی کە ماوەیەک بوو لە دڵەوە حەزم لێ کردبوو. یان بە ڕاست خۆشم دەویست؟ چەند جارێک یەکتریمان بینیبوو، پیاسەی کورت کورتمان کردبوو، چەند نامەیەکیشی بۆ نووسیبووم. گێلاسی غەم پێش ئەوە بە تەلەفۆن بە منی وت: برجت باردۆ بەساقەی سەرت بێ! ئەمڕۆ دەچین بۆ یانەی وەرزشییەکە، ئەو کوڕەی خۆشت دەوێ، بۆت دەکەم بە دوو کوڕ گیانە. ئەم هاوڕێیەم هەمیشە وا بوو، گاڵتە و سوعبەتەکانی هەموومانی بووژاندبوەوە، کە گاڵتەی دەکرد، بەسەعات پێدەکەنین، وەک سەربازێکی دیل لە شەڕدا هەردوو دەستمان بەرز دەکردەوە و تەسلیمی

دەبووین. ئێمە ئەومان ناونابوو گێلاسی غەم، چونکە نەیدەهێشت کەس لەدەوروپشتی غەمگین بێت، بەڵام خۆی غەمگینترین خانمی سەر ئەم ئەستێرەیە بوو، دوو چاوی غەمگینی وای پێوە بوو گەر زۆر بە دیقەتەوە سەیرت بکردبایە دەتدایە پڕمەی گریان. تەنها چەند چرکەیەک بەس بوو، سەیرێکی سیمایت بکردبایە و دوای ئەوە هەستت بەڕوودانی کارەساتێک، بوومەلەرزەیەک، فەوتان و لە دەستدانی ئازیزێکت دەکرد. من هەمیشە پێم دەوت: چەتیو! تۆ قەت بەم چاوە غەمگینانەوە شوو ناکەیت، هەر کلۆڵێک کفری وای کرد و تۆی هێنا، هەر دەبێت بەدیار ئەم چاوە غەمگینانەتەوە دابنیشێت و شیوەن بکات، ئەویش هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیوت، کچێ تۆ زۆر بێ مێشکیت و لە پیاو قەت تێنەگەیشتوویت، ئالان دیلۆن لەدەوری سەرت گەڕێ، پیاو کەی سەیری چاو دەکا، هەر خۆتیان بۆ ڕووت بکەرەوە، هەموو شتێکیان بیر دەچێتەوە. نەیدەهێشت قاقاکەم تەواو بکەم دەیوت: نە مووچە دەمێنێ، نە کرێی خانوو، نە بایعی. نە دەنگدان بە حیزبەکان، چەتیو گیان!هەر بە خۆڕووتکردنەوەیەکی ئێمە، ئەوان بە جارێ دە شوێنیان هەڵدەستێ و بەرز دەبێتەوە، تۆ جارێ با لە زەغتەوە دەست پێ بکەین. من لە پێکەنیندا دەکەوتمە سەر عەرزەکەو ئەو دەیوت: کچێ تووڕەم مەکە و هەستەرەوە، ئەگینا هەموو ئەو شوێنانەت بۆ حیساب دەکەم.. ئەو ئێوارەیە کە لەدەرگای یانەکە چووینە ژوورەوە، ئەو..(گێلاسی غەم) هیچی وای پێ نەوتم، تەنها وتی: خۆت بگرە ئازیزم! دەک ئەنجلینا جولی بەقوربانت بێت و کراسێکی سوورمە لەتۆ دادڕێ. من دەمزانی ئەو کوڕەی لەدڵەوە خۆشم دەوێت و ناوەکەی نازانم. حەزێکی زۆری لە یاری تێنسی سەرمێزە و هەفتەی سێ چوار جار دێتە ئەم یانەیە و یاری دەکات. هەروەها لە ئاستێکی بەرزدا یاری شەترەنج دەکات و ئەو کاتانەی کە هەندێ مێز و کورسییان لە باخچەی یانەکە دادەنا و شەترەنجیان لەسەر ریز دەکرد، من ئەوم لە دوورەوە دەبینی بە هێمنی پیاوێکی بەویقارەوە جار دوای جار

دەستەکانی دەبردەوە، بە چاوێک یاری دەکرد و بەچاوەکەی تر قسەی لەگەڵ مندا دەکرد. دەبێت بڵێم یەکێک لەو سیفەتە جوانانەی ئەوی بەلای مندا ڕاکێشابوو ئەو هێمنییەی بوو، کە تەنها لە بنی دەریادا شتی وا دەست دەکەوێت. بەڵام کە یاری تێنسی دەکرد، تەواو کوڕێکی تر بوو، قەت لەو کەسە نەدەچوو، کە شەترەنجی دەکرد، کە تێنسی دەکرد هێندە عەجوول و دەم بە پێکەنین بوو، قاقا و کەپسەکانی تێکەڵاو دەکرد، کەس نەیدەزانی نووکتە دەکات، یان سێرف لێ دەدا، پێدەکەنێ یان کاتی لووبی هاتووە. کە شەترەنجی دەکرد پڕبوو لە هێمنی ژیان، پڕ بوو لە شەو. لەژێرزەمینێک دەچوو بە دە ساڵ کەس دەرگاکەی نەکردبێتەوە، وەک پادشایەک لە نێوان سێ سەرباز و قەڵایەکدا بۆ ئەبەد (تەبیت)ی کردبێت. کە تێنسیشی دەکرد پڕ لە جووڵەی ژیان. دەتوت لەگەڵ شیری منداڵیدا شیری کەروێشکی خواردووە. کە تێنسی دەکرد لە ژوورێک دەچوو سەد منداڵ تیایدا پێکەوە یاری بکەن، کە شەترەنجیشی دەکرد لەهەمان ژوور دەچوو سەد ساڵە جێت هێشتبێت. ئای خوایە هەر دوو سیفەیەکەم لا جوان بوون، چۆن هەردووکیان لە یەک کەسدا جێگەیان بووتەوە؟

# ٣

من ناوم (چالاک)ە. بەڕێز دوکتۆر (باوەنوور) داوای لێکردم کە شتێک بنووسم و ئامادەی بکەم و بۆتانی بخوێنمەوە. من پێویستە ئێوەی بەڕێز ببەمەوە بۆ ماوەیەک پێش ئێستا، لەوەشدا مەبەستم تەواو ئێوارەیەکە، کە لای من هەموو ڕووداوەکان لەوێوە دەست پێ دەکەن. ئێوارەیەک من ناوم ناوە ئێوارە زێڕینەکە. ئێوارەیەک من هێندەی ئەم گەردوونە دڵم خۆش بوو، یەکێک بوو لەو ڕۆژە کەمانەی تەمەن، تیایدا ئینسان هەستی تەواوی بەوە هەیە، کە ژیان دیارییەکی مەزنەو خۆشبەختە ئەوەی وەریدەگرێت، خۆشبەختە ئەوەی هەناسە دەدات و خۆشبەختە ئەوەی دێ. ڕۆژێکە لەو ڕۆژە کەمانەی مرۆڤ دڵی بە هەموو شتێکی ژیان خۆشە، تەنانەت بە ناشرینییەکانیشییەوە، بەڵکو ناشرینی نابینێت و بەدەم هەموو شتێکەوە پێدەکەنێت. هەموو شتێ جوانە، بەرد جوانە، دڕک جوانە، مووی ناو ماست جوانە. هەموو شتێکی ئەم گەردوونە بۆ ئەوەیە دڵی ئینسان خۆش بکات. هەست دەکات سروشت هی خۆیەتی، هەست دەکات پەلکەزێڕینە هاوڕێیەتی، مانگ خزمێکی نزیکێتی.

ئەو ڕۆژە، ئەو ئێوارەیە بوو یار منی هەڵبژارد. یار لەنێوان من و براکەمدا منی هەڵبژارد. ئەو ئێوارەیە هەردووکمانی کۆکردەوە، وتی نازانم بڵێم چی؟ نازانم؟ من هەردووکتانم خۆشویست، هەردووکتانم خۆش دەوێ، ئێستا گەر واز لەهەردووکتان بێنم، هەردووکتانم لەکیس دەچێ. بۆ هەموو لایەک باشترە من بۆ یەکێکتان بم، یەکێکتان بۆ من بن، بەو گرەوەدا کەمن لەگەڵ ئێوە و خۆمدا کردبووم، لای من چالاک بردییەوە، داوای لێ بووردن دەکەم بۆ ئەو بڕیارەم، ڕووی کردە براکەم و وتی: تۆ ئێستا دەتوانی ئیتر بڕۆی، من ئیتر ناتوانم سەیری چاوت بکەم. سوپاس بۆ هەموو شتێ. ئەو ڕۆیشت، براکەم بە دڵشکاویی ڕۆیشت و ئێمە بەتەنیا ماینەوە. من، چالاک، بەختەوەرترین مرۆڤ لەو ئێوارەیەدا، هەستم کرد گرنگترین گرەوی ژیانم بردۆتەوە، هەستم کرد جوانترین سیما، نازدارترین دەم و چاوێک ئەم ژیانە بەخۆیەوە بینیبێت، وێنەکەی لەگیرفانی مندایە. بەڵام بەڕێزان! ئازیزانی ئەم سیمینارە، کە ئێستا ئاوڕ دەدەمەوە بۆ دواوە، هەست دەکەم هەمیشە لەناو بەختەوەریدا جێگایەکی بچووک دەمێنیتەوە، جێگایەکی بچووک بۆ ئازار. جێگایەک کە کەس نازانێت ئازار چۆن وەک شێرپەنجە دەپەڕێتە ناوی و تیا جێگیر دەبێ، ڕۆژێک دێتە دەرەوە و گەورە دەبێت وەک زەردەواڵەیەک بە ڕۆژی ڕووناک پێوەت دەدا. من ماوەیەکی زۆرە لەو ئازارە دەڕوانم، ئازاری ناو بەختەوەری، سەیری فرمێسکی ناو پێکەنین دەکەم، نیگای شیوەنی ناو قاقاکان. تێڕامان لە گریانی ناو لەدایکبوون. سەرنجدان لەغەمی ناو عەشق. ماوەیەکی زۆرە هەست دەکەم هەرچی بەختەوەری کەسێک هەیە، لەسەر بەدبەختی و کلۆڵی کەسانی تر دروست دەبێ، هەژاری من لەسەر دەوڵەمەندبوونی تۆ، گریانی تۆ لەسەر پێکەنینی من، ژیانی من لەسەر مردنی تۆ. بەرزبوونەوەی تۆ بەسەر پێپلیکانەی ئێسقانەکانی بڕبڕەی پشتی مندا دەڕوات. ئەوئێوارەیە، یار منی هەڵبژارد. من ئێوەی ئازیزم بۆیە بردەوە بۆ ئەو ئێوارەیە، چونکە هەست دەکەم هەموو ڕووداوەکانی دوای ئەوە لەو ئێوارەیەوە دەست پێ دەکەن،

دوایی هەستم کرد کە دڵشکانی یەکەم جاری براکەم، یەکەم درز، یەکەم خورپەی راستەقینە، یەکەم بوومەلەرزەی دڵی، یەکەم سزادانی ڕاستەقینەی خۆی لەو ساتەوە دەستی پێ کرد، کە ماردین ، ماردین مۆنرۆ پێی وت، ئیتر دەتوانی تۆ ئێستا بڕۆیت، من دەمەوێت قسەیەکی زۆر گرنگ لەگەڵ چالاکدا بکەم. کە ئەو ڕۆیشت ئیتر هەستم کرد من دڵی یارم بردەوە، بەڵام دڵێکی ترم دۆڕاند.

# ٤

ئازیزان! کاتێک من دڵە پلاتینەکەم دروست کرد، کاتی خۆی زۆربەتانم دەعوەت کرد و بە سەعات لێمان ڕووانی. زۆرتان لەو باوەڕەدا نەبوون ئەم ئامێرە دەستکردە بتوانێ ئیشێکی وا ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنا بکات، هیچ کەسێک لەو بڕوایەدا نەبوو شتێک هەبێت جێگای دڵێکی ڕاستەقینە بگرێتەوە. لیژنەی ئەکادیمیای پزیشکی، ماوەیەکی زۆر گومانیان لەم داهێنانەی من بوو، نەک لەبەر ئەوەی من ئەوسا کەسێکی نەناسراو و غەریب و پەناهەندەیەک بووم، خۆتان دەزانن ئەوان بڕوایان بە داهێنانی ئیندڤید و تاک هەیە هەر کەسێک پێی هەستێت، بەڵکو گومانیان لەوێوە سەرچاوی گرتبوو کە مێشک و دڵ دووئەندامی زۆر تایبەتی مرۆڤن، زەحمەتە جێگەیان بگیرێتەوە. یەک ساڵ منیان هێنا و منیان برد، بە هەزارەها پرسیاریان لەبارەیەوە لێ کردم. دەیانووت کە دڵی ئاسایی مرۆڤ قەبارەکەی بەقەت مشتێتی، لەگەڵ گەورەبونی مرۆڤیشدا گەورە دەبێت، ئەم دڵەی تۆ دروستت کردووە، یەک قەبارەی هەیە و بۆ هەموو تەمەنێکە. قەبارەشی لەدڵی

ئاسایی زۆر گەورەترە. ئایا بەم دڵەوە مرۆڤ دەتوانێ خۆشەویستی بکات؟ ئایا خەفەت دەخوات؟ من بیرمە ئەوسا بە گاڵتەوە پێم وتن بەڵێ ڕاستە ئەم دڵەی من دروستم کردووە لە دڵە ئاساییەکە کەمێک گەورەترە، دڵی ئاسایی دوو گوێچکەڵە و دوو سکۆڵەی هەیە، بەڵام ئەوەی من لەجیاتی چوار ژوور، پێنجی هەیە، ئەوانیش وتیان بۆ؟ من بیرمە وتم ژوورێکی زیادەی تیایە ناوی یارۆچکەیە، ژوورێکە تەنها بۆ یار، یار چی لێدەکات با بیکات. خوای دەکرد تێکومەکانی دەدا. ئازیزان! کاتێکی زۆری ویست تا ئیمزایان لەسەر کرد، کە من یەکەم جار تەنها لەسەر یەک نەخۆش تاقی بکەمەوە، نەخۆشێک کە کاتێکی زۆری لەژیانیدا نەماوە، دەبێ ئەو نەخۆشەش تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت و بتوانێت ئیمزای لەسەر بکات، کە بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەی تووە، وتیان گەر لای تۆ سەرکەوت ئەوسا دەیخەینە بەر دەست و بە شۆڕشێکی گەورەی پزیشکی بۆتی لەقەڵەم دەدەین .ئازیزان! گەر من بە خێرایی باسێکی ئەم دڵە دەستکردە بۆ ئێوەی ئازیز بکەم، لێرەدا زیاتر مەبەستم لەو میوانە ئازیزانەیە، کە دوکتۆر نین و ئاگایان لەو داهێنانە بچووکەی من نییە، دەنا ئەو دوکتۆر و پرۆفیسۆرانەی من بانگهێشم کردوون بۆ ئێرە، ئاگاییەکی باشیان لەو ئیش و کارەم هەیە و زۆربەیان بەدواچوون و سەردانیان بۆ لابوری پزیشکییەکەم بە بەردەوام کردووە و پەیوەندیان هەبووە و بۆ ئەوەش سوپاسیان دەکەم. بە کورتییەکەی ئەو دڵەی من دروستم کردووە، دڵێکە لە پلاتین، ئەوەتا وێنەکەی دەتوانن لەسەر شاشە سپییە زیرەکەکە ببینن. ئەم دڵە تەنها بۆ ماوەی شەش مانگ دەخوات، لەناو جانتایەکدا، کە لە پشتی نەخۆشەکە بە چەند قایشێکەوە دەبەسترێت و لە پشتەوە ئەم دڵە بە نەشتەرگەریی دەکرێ بە بۆڕی گەورەی خوێنی نەخۆشەکەوە و وەک لە وێنەکەدا دەیبینن بە پاتری ئیش دەکات. ئەم دڵە وەک وتم تەنها وەک دڵێکی کاتیی بەکار دەهێندرێت، دڵە نەخۆشەکە بەهێز دەکات تا ماوەی شەش مانگێک تا ئەو شوێنە و ئەو نەخۆشخانەیە، کە

لێپرسراوە بەرامبەر بەو نەخۆشە دڵێکی تری ساغ و ئاسایی دەداتێ تا هەموو ژیانی پێی بژی. لەماوەی ئەو شەش مانگەدا نەخۆشەکە دەبێ بەبەردەوام لەژێر کۆنترۆڵی دوکتۆردا بێت و لە ژوور و شوێنێکی تایبەتیدا بژی و ڕۆژانە چەند جارێک پشکنینی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئەمە ئازیزان! بەکورتی ئەو خەونەی من بوو، کە چەند ساڵێکی زۆری ویست وەک لەسەرەتادا بۆم باسکردن تا توانیم بیهێنمە دی.

# ٥

هەر یەکسەر کە لەدەرگای یانەکە بەرەو ژوور کەوتین و لەبەر دەمی پەنجەرەی هۆڵی تێنسەکەدا وەستاین، گێلاسی غەم وتی: ئەها ئەوە تۆی بینی، ئێستا هەموو دونیا بە کەپسەکانی وردوخاش دەکات. ئەها، دەستی بگرن شتێ نەشکێنێ. جەیمس..جەیمس بۆند بەقوربانی بێ، سەیری ئەو باڵایەی. سەیرێکی کردم و وتی: ئەی ئەم برادەرە کەی شەترەنج دەکات، کاسپارۆف بەساقەی بێ؟ وتم نازانم ڕەنگە دوای ئەم تێنسە. وتی: ئەی دەڵێی چی هەر ئێستا بینێرم؟ ئەها ناردم، ئۆی، با بڕۆین ئێستا لە باخچەکەیە و شەترەنج دەکات. بە زۆر دەستی گرتم و بردمییە چەند مەترێک ئەولاتر بۆ ناو باخچەی یانەکە، کە لەدوورەوە ئەوم بینی دانیشتووە و شەترەنج دەکات، وەکو لە سەربانێک فڕێم بدەنە خوارەوە ئاوا بوو، وتم ئەوە چییە؟ ئەوە لێرەیە؟ ئەوە چۆن؟ وتی ئازیزم! ئەوە بوو، کە بە تەلەفۆن نەمویست پێت بڵێم، ئەوەی تۆ حەزت لێکردووە و خۆشت دەوێ و دەیبینی، دوو بران و دوانەن، ئەوەی تێنس دەکات ناوی چالاکە و ئەم کوڕەش ناوی مالاکە. ڕقێکی گەورەی

لە ناوەکەی خۆیەتی و هەست دەکات ناولێنانی ئەم بە مالاک لەلایەن باوکییەوە لە یارییەکی بێ زەوقی زمانەوانی زیاتر هیچی تر نییە، چالاک و مالاک، باوکی هێندە بێ فەنتازیا بووە، لەدوای چالاکەوە هیچ شتێکی تری بۆ نەهاتووە تا ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە و ئەم ئێستا باجە قورسەکەی دەدا، هەمیشە دەیوت: ناوەکەی من ناخۆشترین ناوی دونیایە، کەس نییە دوای ناوەکەم پێنەکەنێت، هەر بڵێم ناوم مالاکە، یەکسەر دەڵێن، چی؟ناوت چییە؟هەمیشەش دەبێ بۆ هەموو کەسێ ڕوون بکەمەوە و حونجەی بکەم. دەڵێن هەر کە دایکی دەیوت، وەی مالاک گیان، دایکت لەدەوری سەرت گەڕێ، هەمیشە مالاک پێی دەوت، تووخوا دایەگیان مالاک ناوە تۆ لەدەوری سەری دەگەڕێیت. من ڕۆژێک دێت و تەنها لەبەر ئەوەی وا ناوتان ناوم، جێتان دێڵم. گێلاسی غەم درێژە بەقسەکانی دەدا و دەڵێ: ئەوەی بۆ منیان گێڕایەوە ئەوەیە کە قووڵبوونەوەی ئەم کوڕە لە یاری شەترەنجدا زیاتر بۆ ئەو دوورە پەرێزییەی لە خەڵک و منداڵان دەگەڕێتەوە تا بەهۆی ناوەکەیەوە گاڵتەی پێ نەکەن، نەک ئەوە، بەڵکو بڕوایەکی تەواوی بەوە بووە کە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ناوی ناخۆش و شەترەنجدا هەیە، ستێینتز، لاسکەر، ئائیوێ، سپاسکی، کۆرشنۆی،فیشەر ،کارپۆف،کاسپارۆف... ئەم ناوانە هیچیان لە مالاک خۆشتر نین. کە دەیبەیتەوە زۆر بەئاسانی بەرامبەرەکەت کۆنترۆڵ دەکەیت، ئەوانەی سەیریش دەکەن، سیحریش لەوان دەکەیت و ئەوانیش بەلای خۆتا ڕادەکێشی، تا دەگاتە ئەوەی ئیتر کەس پێویستی بەناو نییە، کەس ناپرسێ تۆ کێیت و خەڵکی کوێیت؟ کەس ناپرسێ ناوت چییە؟بۆیە بە تەنیا لە ماڵەوە هەر خەریکی شەترنجکردن دەبێت لەگەڵ خۆیدا و هەموو یارییە گرنگەکانی نێوان سپاسکی و فیشەری ساڵی ١٩٧٢ ی لەبەردەبێت. هەموو ژیانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و تا پۆلی ٨ و ٩ پڕ دەبێت لەئازار و گریان، گاڵتەیەکی تەواوی دونیا بە خۆی و ناوەکەی وایان کرد کە بە هەفتە سەر نەکاتەوە بە پۆلدا. هەندێ

جار کە چالاکی برای نەخۆش دەکەوت، ئەم بەناوی چالاکەوە دەچووە دەرەوە و خەڵک زۆر لەیەکدی نەدەکردنەوە. چونکە تەواو لەیەک دەچن و دەبێ زۆر دیقەت بدەی تا بزانی کامیان کێیە؟ بەڵام جاری تر کە لەدوورەوە لە جیاتی مالاک دەیانووت، کێ مالاک یان ماکەر؟ پێدەکەنین و ئەویش لە تووڕەیدا پەلاماری هەموویانی دەدا و دەم و دانی دەشکاندن و دەکەوتە سەر عەرزەکە و فیی لێ دەهات و هەندێ جار دەبوورایەوە، کە هۆشی دەهاتەوە زۆر خراپ خۆی سزا دەدا، تا هەفتەیەک نانی نەدەخوارد، یان تا هەفتەیەک نەدەخەوت.. تا سێ، چوار ساڵ پێش ئێستا، هاوینێک لە هاوینەکان، لە کاتی ئیشی کرێکاری دا بە هاوینان، قرچە قرچی نیوەڕۆیەک، ئەو کاتەی هاوڕێکانی دەچنە نان خواردن، ئەم دەمێنێتەوە و کەس نازانێ بۆ، خۆی سزا دەدات و بلۆک دوای بلۆک بە قاڵدرمەکاندا بە شان دەباتە سەرەوە و دەیانهێنێتە خوارەوە، تا هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە و یەکێکیان دەیبینێ و پێی سەرسام دەبێ و پێی دەڵێ، کاک سیزیف! نانت نەخوارد لەگەڵمان؟ سیزیف، خودا سزای گەورەی دا، پێم بڵێ کێ سزای تۆی داوە؟ هەموو پێ دەکەنن و تەنانەت مالاک خۆشی پێ دەکەنێ و دیارە ناونانەکەی پێ خۆش دەبێ و دوای ئەوە هەمووان، کە ئیشێکیان پێی دەبێت بە سیزیف ناوی دەبەن و وەک شتێ جێگای ناوەکەی خۆی دەگرێتەوە. دوای ئەوە وردە وردە بە ئێواران دێتە دەرەوە و لەگەڵ چالاکدا دێتە ئەم یانەیە و بەهۆی لێزانینێکی زۆری لە یاری شەترەنجدا، ڕێزێکی زۆر بۆ خۆی پێک دێنێت، بەهۆی هێمنی و شەترەنج زانینییەوە، فیگور و کارێزمایەکی گەورەی لێ دەردەچێت و ڕۆژنامەو مێدیا کوردییەکان چەند جارێک لەسەر ئەم کوڕەیان نووسی کە کەس لێی ناباتەوە. ئێستا پێم بڵێ ماردین مۆنرۆی ئازیز! دەک کلینت ئیستوود بە لفکەیەکی زبر دەستێک لە پشتت با لە حەمام، پێم بڵێ! ئێستا تۆ کامیانت خۆش دەوێ؟

# ٦

که مالاکی برام ڕۆشت، من مەست و دڵشاد بەو بڕیارەی ماردین، وەک منداڵێک چۆن بۆ یەکەم جار چوکلێتێک دەخاتە دەمییەوە و تامی شیرینی دەکات، ئاوها منیش هەستم کرد یەکەمجارە تامی ئەوین دەکەم، هەستم کرد ئەمە یەکەمجارە لەشتێکی گرنگدا لە براکەم بەرمەوە، وەک سەد دەست شەترنجی لەسەر یەک لێ ببەمەوە وەها بوو. وەک خەونێک هەموو شەوێک ببینم و قەت نەیەتە دی. بەڵام بەیانییەک خەبەرم دەبێتەوە و چیم بینیووە بە زیادەوە هاتۆتە دی. ویستم باوەشی پێدا بکەم و ماچێکی بکەم، بەڵام ئەو بە غەمێکەوە پێی وتم: چالاکی ئازیز! ئەم باوەش و ماچەت هەڵگرە بۆ کاتێکی گونجاوتر، لەجیاتی ئەوە گوێم لێ بگرە!خۆت دەزانی ئێستا سیزیفی برات دەڕوات و سزایەکی توندی خۆی دەدا، بۆیە گوێ لەقسەکانم بگرە و بڕۆ خێرا فریای بکەوە نەوەکو شتێکی خراپ لەخۆی بکات. بەڵام پێش ئەوە گوێم لێ بگرە، من ناتوانم ئیتر لەم شار و وڵاتەدا بژیم، من ناتوانم شووبرایەکم هەبێ خۆشم ویستبێت و منی خۆش ویستبێت، من دەزانم قەت مالاک ناتوانێ لە من خۆش بێت کە ئەوم هەڵنەبژارد، ناتوانێ منی

بیرچێتەوە، من دەبوایە یان وازم لەهەردووکتان بهێنایە، یان لە هیچتان. ئەوەش خۆت دەزانی نابێت. هەرچەند لەدڵەوە کۆڵێ حەزم دەکرد شووم بەهەردووکتان بکردبایە، چونکە هەستی تەواوم بەوەیە، کە ئێوە یەک کەسن و بەهەڵە بوونە بەدوانەیەکی لەهەموو شتێکدا دژ بەیەک. ئێوە بەهەردووکتان یەکتری تەواو دەکەن. من هەردووکتانم خۆش ویست بەبێ ئەوەی بزانم کە دووکەسن و ئێوەش هەردووکتان منتان خۆش ویست بێ ئەوەی بزانن، کە تەنها و تەنها یەک کەستان خۆش دەوێ. بۆیە ئەم بڕیارە هەتا بڵێی زەحمەت بوو، ئیتر هەندێ جار وایە، ژیان پێویستی بەبڕیاری زۆر گران هەیە، کە هەموو کەسێک ناتوانێت بە ئاسانی بیاندات، ئەمە لەو جۆرەیە کە بڕیاردانی هیچی کەمتر نییە لە وەشانی خەنجەرێک بۆ ناو دڵ. ئای خوایە! هیچ کەسێک تووشی دووڕیانی وا نەبێت. ئەمە چ قەدەرێکە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگای وا؟ پێم بڵێ ئەمە چ گاڵتەپێکردنێکە بە ئینسان؟ من هەر ئەو ڕۆژەی کە گێلاسی هاوڕێم پێی وتم ئێوە دوو کەسن، زانیم ڕۆژێ دێ و دەگەمە دووڕیانێکی واو ناچاردەبم یەکێکتان لەدڵم دەربکەم، دەرکردنێک هیچی لەدەرکردنی ئادەم کەمتر نییە لە بەهەشت. ئاخر ئەمە چ نەگبەتییەکە، چاوانی من تەنانەت مووش دەبینێ، بەڵام دەم و چاوی ئێوە، بەمووش فەرقی نییە، ئێوەم بۆلەیەکتر جیانەکرایەوە، ڕەنگە بۆ سەد ساڵی تریش بۆم جیانەکرێتەوە. بەڵام کە دەمبینین تەواوی دوو کەسی جیاواز بوون و منیش وام دەزانی دووکەسی دژ بەیەک لەناو یەک کەسدا چەند شتێکی جوان و دەگمەنە. من لەوەدا چەند بەختەوەرم کە تووشم بووە بەتووشی کەسێکی واوە. بۆیە دەبێت زۆر بەوردی گوێم لێ بگریت، تۆش لەبەردەم بڕیارێکی زەحمەتدایت، من شتێکی زۆر گرنگ لەتۆ داوا دەکەم و دەبێت هەر ئێستا پەیمانم پێ بدەیت جێ بەجێی بکەیت. من بە چاوی منداڵێکەوە کە پڕە لە حەسرەت و پاڕانەوە، پڕە لەترسی لەدەستدانی کەسێکی ئازیز، سەیرم کرد و وتم فەرمووو ئەمر بکە خانمەکەم!

# ٧

هەر کە لیژنەی پزیشکیی ڕازیبوونی خۆیان پێ بەخشیم، ئیتر لە گۆڤاری پزیشکی دونیادا بڵاوبوەوە کە من داهێنانێکی وام بەڕێوەیە و لە ئامادەبووندایە. هەموو گۆڤارە پزیشکییە گرنگەکان بە داهێنانی سەردەم ناویان دەنا، تەنها لە وڵاتەکەی خۆمدا نەبێ کە هیچ نرخێکی نازانن. وڵاتەکەی من شوێنێکی سەیرە، قەت ڕێزی داهێنەرەکانی خۆی ناگرێت، هیچ نرخێک نادات بە ئینسانە بلیمەتەکانی، بەدرێژایی مێژوو هەر وابووە. لەگەڵ هەموو کرانەوەیەکی ئێستایدا بەڕووی دونیادا، بەڵام دەڵێی قەت لەناو نەخشەی دونیا و مێژوودا شوێنێکی تایبەتی نەبووە و نییە. لەوێ چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، بەڵام کەسێکم نەبینی بەدوو دێڕ شتێک لەسەر ئەم داهێنانەم بنووسێت. بە هۆی خزمەکانمەوە دەمبیست کە لەوێ دەڵێن، ئای لەو دڵەی کوردێک دایهێناوە، بڕوای پێ ناکەین، دەبێ چەند قۆڕ و گرینۆک بێت و تەحەمولی هیچ نەکات، نەخۆشەکە دوای هەفتەیەک لە شوێنێ کەوتووە، دەبێ ئەم نەخۆشەی دوکتۆر هەمیشە

ئەمبولانسێکی بەدواو بێت، توو شەرەفتان ئەوە وەزعە؟ یان دەیانووت، دوکتۆر باوەنوور هێندە ڕەقی دروست کردووە، عەیب نەبێ، هەر لەهی خۆی دەچێ، دەزانن ئازیزان، مەبەستیان دڵم نەبوو، بەڵکو شوێنی ترم بوو. بە هەر حاڵ ساڵی پاربوو، هەر کە من لە دەرگاکە بە ئیمزای ڕازی بوونی لیژنەوە هاتمە دەرەوە، تەنها بیرم لەیەک شت دەکردەوە، چۆن ئەم ئیشەم بخەمە گەڕ، چۆن بیخەمە بواری پراکتیکەوە، بۆ ئەوەش هەر بیرم لەوە دەکردەوە، نەخۆشێک بدۆزمەوە ڕازی بێت بەو مەرجانەی من بۆی دادەنێم. لە ئینستیتۆتی پزیشکی و کۆنتۆیەکی نێودەوڵەتییەوە پارەیەکی تایبەتیان بۆ ئەم کارەم دانا بەو پێیەی ئەم کارە هەرچەندە هەڵواسینی جانتایەکی بچووکە بە پشتی نەخۆشەکەوە، بەڵام کارێکە پارەیەکی زۆری تێ دەچێت. من ئەو کاتە بۆ پشووی هاوین پێویستم بە حەوانەوە بوو، من هەمیشە بە هاوینان بۆ ماوەی دوو، سێ هەفتە، حەزم لەگەڕانەوەیە بۆ وڵاتی خۆم. لێرە هەتاو تەنها دوو هەفتەیەک دەبیندرێت، لە وڵاتەکەی من تەنها دوو هەفتە نابیندرێت. لێرە گەر خۆت خۆش بوێ دەبێ گەر هەتاو دەرکەوت بچیت و لەبەردەمیا خۆت هەڵخەیت، لای ئێمە گەر ڕقت لەخۆت بوو دەبێ ئەم کارە بکەیت. لێرە هەتاو دەڵێی لامپایەکە بەئاسمانەوە دوور دوور هێزی لەبەر براوە، لەوێ هەتاو هێندە نزیک و گەرم و بەهێزە، وەختە بێتە چاڵی چاوتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من بە بێ برانەوە هەموو ساڵێک دەچمەوە، من هەر لەوێ لەدایک بووم، بۆیە هەست دەکەم من هەرمنداڵی هەتاوم و دەبێ هەموو ساڵێک بڕۆمەوە تا ئەم خزمە گەرمەم لە نزیکەوە ببینم.کە ساڵی پار چوومەوە، هەر لێرەوە کە سواری فڕۆکەکە بووم، بیرو هۆشم تەنها لای ئەوە بوو، کێ بدۆزمەوە؟ چ نەخۆشێک ڕازی دەبێت و دەبێتە یەکەم فریشتەی نەخۆشی من، تا چاکی بکەمەوە و ئەم داهێنانەی لەسەر تاقی بکەمەوە. لە فڕۆکەدا بیرم لێ دەکردەوە، لەکاتی دابەزین و باوەش کردندا بە خزمان و ماچ و مووچی کوردانە، هەر بیرم لێ دەکردەوە، لەکاتی

سەیران و کفتە خواردن و سینییە یاپراغ، پاقلاوە و زلۆبیا و محەلەبی، من هەر لە فیکری ئەوەدا بووم یەکێ بدۆزمەوە، تا لەگەڵ ماڵی براکەمدا ڕۆژێکیان چووین بۆ سەیران. لە کاتی یاریکردنی ئەزنیف و دۆمینە و تاوڵە و شەترنج دا کە من هەر لە منالّییەوە زۆر باشیان لێ دەزانم و هەمیشە لەگەڵ براکەمدا ململانێی ئەوەمانە کاممان دەیبەینەوە و برازا و خزمان هەمیشە بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە لەدەورمان کۆدەبنەوە. نیوەیان لەسەر من دەکەنەوە و نیوەکەی تریان لەسەر براکەم، تا یەکێ لە برازاکانم وتی: مامە گیان! تۆ گەر شەترەنج لە باوکیشم بەریتەوە، لە سیزیفی نابەیتەوە. وتم لەکێ؟ وتی: ئەوە کوڕێکە نازناوی سیزیفە، خۆی ناوی مالاکە، هەموویان پێکەنین، من هەر لە خۆمەوە نەمتوانی پرسیار نەکەم، وتم ناوی چییە؟ وتی مالاک، وتم ئەی بۆ پێکەنین؟ وتیان لەبەر ناوەکەی، تووخوا ئەوە ناوە، وتم کوڕم وەڵا، ناوی من باوەنوور، لەوەی ئەو خۆشتر نییە. ببوورە قسەم پێ بڕیت، ئێ فەرموو، باسی سیزیفم بۆ بکە. وتی: کوڕێکە یارییەکی زۆر باشی شەترەنج دەزانێت و کەس لێی ناباتەوە، بەڵام نازانم ئێستا دەیکات یان نا، چونکە نەخۆشە، منیش وتم نەخۆشی چییە؟ وتی وا بزانم نەخۆشی دڵێتی و دەشڵێن ڕەنگە زۆری نەمابێت، چونکە ناچێت بۆ لای دوکتۆر. منیش بەسەرسامییەوە پرسیم، ئەی بۆ ناچێت بۆ لای دوکتۆر؟ نازانم مامە گیان، بەڵام دەڵێن لەسەر شتێ خۆی سزا داوە، ئەو کوڕە بەوە بەناوبانگە، کە هەمیشە شتێک لەژیانیا سەرنەگرێت، خۆی سزا دەدات. بۆ ئەمەیان نازانم بۆ خۆی سزا داوە. کە وای وت، منیش یەکسەر لەیاری وەستام و وتم، دەزانی، وەڵا حەز دەکەم یارییەک لەگەڵ ئەم سیزیفە بکەم، بەشکم پێی بدۆڕێنم و دڵی چاک بێتەوە. تۆ، برازای شیرین! پێم ناڵیی ئەم مالاکە لەکوێ ببینم؟ وتی، با هەندێ جار دەچێت بۆ یانەی وەرزشییەکە و لەوێ شەترەنج دەکات، دە تۆ تەلەفۆنێک بکە، بزانە کەس دەیناسێ، وتی با، مامە هەموو شار دەیناسن و ڕۆژنامەکان زۆریان لەسەر نووسیووە، وا بزانم برایەکیشی هەر لای خۆتانە، منیش وتم

ئەی باشە ئێستا ئەم برادەرە لە کوێ بدۆزینەوە؟ چوو، تیلێکی کرد و هاتەوە، وتی:دەڵێن بەیانی دەچێتە یانەکە، هەر چەندە لەوەتەی نەخۆش کەوتووە، کەمتر یاری دەکات، گەر لەوێش نەبێ، ئەوا کافتریایەکی تازە کراوەتەوە، زۆر هێمن و ئارامە، بە ئێواران دەچێتە ئەوێ و کتێبێک لەگەڵ خۆی دەبات و دەیخوێنێتەوە، من ئەدرێسەکەی دەزانم و بەیانی دەتبەم. دە باشە، بەیانی هەر یەکسەر دەچینە کافیتریاکە، ببمە بۆ ئەوێ.

# ٨

کامیانم خۆش دەوێ؟ ئای گێلاسی هاوڕێم، پرسیارێکی زەحمەتم لێ دەکەی، من ماوەیەکە هەردووکیان دەبینم، یان یەکێکیان نازانم! پیاسەم لەگەڵ هەردووکیاندا کردووە، یان تەنها لەگەڵ یەکێکیان، ئەوەشیان نازانم، بەڵام بەوەدا کە باسی ئەوەیان کردووە، کە حەزیان لە تێنس و لە شەترەنجیشە، بەوەدا کە یەکێکیان عەجوولێکی جوانە و ئەوی تریان هێمنێکی قووڵ، بەوەدا ئێستا دوای ئەم قسانەی تۆ بیری لێ دەکەمەوە، هەست دەکەم من بێ ئەوەی پێ بزانم، هەردووکیانم بینیووە، هەردووکیان خۆشیان دەوێم و هەردووکیانم خۆش دەوێ. لەوە دەچێ هەردووکیان نامەیان بۆ نووسیبم. بەڵام قەت پرسیارم نەکرد ناوت چییە؟سەیرە بۆ؟ یان ڕۆژێک پرسیارم کرد و ئەویش وتی تکایە جارێ واز لەناو بێنە، تۆ پێم بڵێ گێلاسە مەیموون! غەمگینی هاوڕێم! تۆ لە کەیەوە دەزانی؟ بۆ زوو پێت نەوتم؟ ئەمڕۆ بەیانییەکەی پێیان وتم، بڕوا بکە ئەمڕۆ، من نەمزانی لەگەڵیاندا وا بە ڕاستتە. منیش وتم، ڕاستە، ڕاست نییە نازانم. لەو ماوە کەمانەدا کە

پیاسەیەکی خێرامان کردووە، قەت نەچووە بە عەقڵمدا، کە ئەمانە دوو کەس بن، بۆیە کاتێک باسی شەترەنجی کردووە و ڕۆژێکی تر باسی تێنس، قەت پرسیارم نەکردووە، باشە تۆ جاری پێشوو باسی شتی ترت کرد. شەرمنیی من و چاوی برسی خەڵکی دەوروپشت بۆ پرسیار قەت نەیهێشتووە بەدڵی خۆم سەیری سیمای بکەم و بەدڵی خۆم پرسیاری ژیانی لێ بکەم. بەڵکو تەنها بەوە ڕازی بووم کە لەتەنیشتییەوە بەبێدەنگی بڕۆم، هەر وەک بێدەنگی کەوتنە خوارەوەی گەڵایەک لەدارێک، کە لەبەر حەیای کچان لەم شارەدا نایانەوێ دەنگێک لەپیاسەکەیان بێت و خەڵک بزانن پیاسە دەکەن، هەوڵ دەدەن لەنزیکەوە کەسێک بناسن. ئەی ئێستا چی دەکەی ماردینی ئازیز؟ ئێستا با بڕۆین، نامەوێ بمبینن، با بیرێکی باشی لێ بکەمەوە، دەبێ هەردووکیان ببینم و بۆیان باس بکەم کە شتێکی وا ڕووی داوە، بزانم پەرچەکرداریان چۆنە؟ با بشزانم ئەوان تا چەندێ بەڕاستیانە، گەر کەسیان بەڕاستیان نەبوو، ئەوسا هەست دەکەم شیکارکردنی ئەم پرسیارە ئاسانە، چش لەخۆم و دڵی خۆم، گرنگ نییە، هەوڵ دەدەم ئەوانم بیربچێتەوە، هەر یەکێکیشیان بەڕاستی بێت، ئەوا هەڵبژاردنی ئەوەی پەیوەندییەکەی بەڕاست گرتووە، ئەوەشیان ئاسانە، گرفتەکە ئەوکاتە هەیە و دەست پێ دەکات، کە هەردووکیان بەڕاستیان بێت. هەردووکیان منیان خۆش بوێ، گەر گریمانەیەکی وا هاتە پیش ئەوا من بۆ ئەوە پلانێکم هەیە. جارێ من دەبێ هەفتەکەی تر هەردووکیان پێکەوە ببینم و بۆیان باس بکەم، ئینجا سێ، چوار مانگێک هەردووکیان بە جیا ببینم و گرەوێکیان لەگەڵ بکەم، ئەوەی گرەوەکەی بردەوە ئەویان هەڵدەبژێرم. ئەوەی گرەوەکەی بردەوە، دڵی منیش دەباتەوە.

٩

وتی: چالاکی ئازیز گوێ بگرە! وەک وتم ئەمە بڕیارێکی زۆر زەحمەت بوو، ڕەنگە زەحمەت ترین بڕیاری ژیانم بووبێت، بۆیە منیش داوا لەتۆ دەکەم، بڕیارێکی زەحمەت بدەیت، تا بزانم بەراست منت خۆش دەوێ یان نا؟ چۆن گومان لەوە دەکەیت خانمەکەم؟ نا گومان ناکەم، بەڵام بەڕاست دەمەوێ بزانم تۆ منت چەند خۆش دەوێ؟ منیش وتم:هێندە خۆشم دەوێیت، کە بتوانم هەموو شتێکت بۆ بکەم، فەرموو چی داوا دەکەیت، داوای بکە ماردین گیان. تۆ منت خۆش دەوێ و دەتەوێ بمهێنی؟ وایە؟ بێگومان ئازیزم! ئەوە خەونی منە تۆ ڕازی بیت، ببیت بە ژنی من. باشە گوێ بگرە چالاکی دڵ! وەک لەسەرەتادا وتم کە من دەمەوێ بەزووترین کات لەم شار و وڵاتە بچمە دەرەوە، دەمەوێ تا ساڵێکی تر من و تۆ یەکتریمان هێنابێت و ئەم وڵاتەمان جێ هێشتبێت. تۆ دەڵێی چی؟ دەتوانی پەیمانێکی وا بدەیت بە من؟ بەڵێ دەتوانم، شەو و ڕۆژ ئیش دەکەم و پارەیەکی باش پێکەوە دەنێم، هەم بۆ ئاڵتۆن و ژن هێنان و هەم بۆ سەفەر، گوێ بگرە چالاک، من ئاڵتۆن و شتی

وام ناوێ، لەئەڵقەیەکی دەست زیاتر هیچی ترم ناوێت، ئەڵقەکەش وەک سومبۆلێکی خۆشەویستی، دەنا ئەوەشم نەدەویست. ئاهەنگێکی بچووکیش دەکەین و گەورەی ناکەین ، من تاقەتی ئەو جۆرە ئاهەنگانەم نییە، کە ئێستا خەڵکی بێ زەوق فێری بوون، کە لە ریکلامێکی بێ بایەخ زیاتر، هیچی تر نییە. وەک گێلاسی هاوڕێم ناوی ناوە ڕیکلامی کۆیلایەتی. من خۆشم پارەیەکی باشم هەیە، ئەوەی لەسەر تۆیە، ئیشێکی باش بکە تا ڕێگایەکی گونجاو بۆ سەفەر دەدۆزیتەوە، بە یۆناندا، بەرەو ئەوروپا، بۆ هەر کوێ بێ گرنگ نییە، ئەوەیان لەسەر تۆ. چوار، پێنج مانگی تر، شایی دەکەین تا ئاسانتر خۆمان تەرخان بکەین بۆ سەفەر، ماڵی ئێمە گەورەیە و پێویست بە کرێ و خانووی سەربەخۆو ئەم شتانە ناکات، خۆت دەزانی هەر دایکم و برایەکی بچووکم هەیە و لەو ماڵە گەورەیەدا بەتەنیان و بەشی ئێمەش دەکات تا چەند مانگێک دوای ئەوە سەفەری بۆ دەکەین. جارێ بۆ سەفەرەکە بەکەسیش مەڵێ. دایکم پێشی خۆشە ئێمە بچینە لای و ماوەیەک لەوێ بین. تۆ دەڵێیت چی؟ منیش وتم: باشە هەمووی بەسەر چاو، پەیمان بێت، بەو چاوانەی تۆ، بە خۆشەویستیمان هەموو شتێک پێکەوە بهێنینە دی، بەڵام ماردینی ئازیز، منیش لای خۆمەوە، پرسیارێک و داوایەکم لەتۆ هەیە. بە سیمایەکی شەکەتەوە، کە تا ئەو ساتە هەستم پێ نەکردبوو، سەیرێکی کردم و وتی فەرموو، بە پرسیارەکەت دەست پێ بکە. پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا چی وای لەتۆ کرد من هەڵبژێری؟ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، لەو هەناسانەی هەندێ جار ئینسان بیەوێ بەیەک جار هەموو هەوای ئەم گەردوونە بۆ خۆی ببات. وتی: پرسیارێکی زەحمەتە و ڕەنگە وەڵامیشی نەبێت، وەک دەزانی، ئێوە هەردووکتان دوو مرۆڤن، هەموو کچێکی عاقڵ ئاواتەخوازە لەگەڵتاندا بژی، من تۆم هەڵبژارد و هەموو وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە، تازە گرنگی خۆی لەدەست دەدات. تازە هەر چییەک بڵێم بێ سوودە و لەماندووبوونی من زیاتر و لە شپرزەیی ڕاکردن زیاتر بەدوای کۆمەڵێک ڕستەی سواودا هیچی تر

نییە، هەر لە خۆشاردنەوەیەک دەچێ لەودیو ڕستەکانەوە. بۆیە تازە واز لەو پرسیارە بێنە کە وەڵامەکەی هەرچییەک بێت، نرخی نییە، ئەمە لەو جۆرە پرسیارانەیە، پێش کردنیان وەڵامی نییە و تازە بێ سوودە. ئێستا داواکەت چییە؟ ئۆکەی، تۆ داوای خۆت لەمن کرد و منیش خستمە سەر چاوم، ئەوەی من داوای دەکەم ئەوەیە کە لەمڕۆ بەدواوە، کە تۆ منت هەڵبژارد و براکەمت هەڵنەبژارد، دەمەوێ تۆ تەنیا و تەنیا هی من بێت و هی کەسی تر نەبیت. باشە، بێگومان پەیمان بیت ئازیزم. پەیام بێت، دڵی من تەنها و تەنها هی تۆیە و بۆ تۆیە تا ئەبەد. بەس تەنها ڕێگەم بدە یەک جار، تەنها یەک جار ئەو بەتەنیا ببینم و بۆی باس بکەم بۆچی تۆم هەڵبژارد، تا هیچی لەدڵدا نەمێنێ.منیش ئەوەم بە پێویست زانی و پێشم خۆش بوو، بۆیە وتم باشە زۆرم پێ خۆشە، وابکە، تەنها یەک جار. دەباشە ئێستا ئیتر چالاکی دڵ بڕۆرەوە بۆ لای ئەو برایەت، ئیستا ڕەنگە سزایەکی توندی خۆی دابێت و فریای کەوە، ماردین باوەشێکی سووکی پیاکردم و منیش فریای ماچێکی کورت کەوتم لەسەر کولمی و بەخێرایی خۆم گەیاندەوە ماڵەوە. کە گەیشتمەوە دایکم دەگریا، دەیوت کە مالاک هاتۆتەوە و هەناسەی توند بووە سینگی زۆر هێشاوە، بەراکردن چوومە و لای دوکتۆرەکەی دراوسێمان کە موقیمە، بۆم بانگ کردووە و وتوویەتی هیچ نییە، بڕوا ناکەم دڵی بێت، بەس باشترە بچێت بۆ عیادە بۆ لای دوکتۆری تایبەتی دڵ. نەوەک پێویستی بەهەندێ چارەسەر بێت. ئەی ئێستا لەکوێیە؟ لەژوورەوە دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، دەڵێ ناڕۆم بۆ لای هیچ دوکتۆرێک، دیسانەوە خۆی سزا داوەتەوە، پێم ناڵێی کوڕم چی بووە؟منیش هەموو شتێک کە پێویست بێ، بۆ دایکم گێڕایەوە، باسی ماردین و پەیوەندی ئەو بە ئێمەوە و هەڵبژاردنی ئەو بۆ من و ژنهێنان و زۆر شتی تر، تەنها باسی سەفەرم نەکرد و وتم با هەموو شتەکان تێکەڵ نەکەم و پەیمانەکەی ماردینیش نەشکێنم، دەشم زانی دایکم پێی خۆش نییە سەفەر بکەم، سەیرێکی کردم و ماچێکی کردم

و پیرۆزبایی لێ کردم، لەبەر خۆیەوە وتی: ئای کوڕە کڵۆڵەکەم مالاک، لەهەموو شتێکدا دەیدۆڕێنێ، لەشەترەنجدا نەبێ.

# ١٠

بەیانی هەر لەڕێگا، پێش ئەوەی بچینە کافیتریاکە، من لە دوکانە وەرزشییەکان، شەترەنجێکم کڕی و خستمە ناو کیسەیەکەوە، چووین بۆ کافتریاکە و ئەوی لێ نەبوو. دانیشتین و من قاوەیەکی خەستم داواکرد و چایەکی شیرینیش بۆ شێرۆی برازام. هەواڵمان پرسی، وتیان جارێ نەهاتووە، بەس دێت، چەند ڕۆژە نەهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ ڕەنگە بێت. ڕووم کردە برازاکەم پێم وت: ئەم کوڕە ناوی مالاکە، ئەی بۆ پێی دەڵێن سیزیف، خۆ سیزیف یاریزانی شەترەنج نەبوو؟ نازانم بۆ وای پی دەڵێن، هەر لە زۆر زووەوە وای پێ دەڵێن و بووە بە نازناوی. باشە باسی ئەوەت کرد، کە ئەم برادەرە ناچێت بۆ لای دوکتۆر تا سزای خۆی بدات، مەبەستت چییە لەوە؟ سزای خۆی بۆ دەدات؟ وتی: نازانم مامە گیان، بەس ئەم کوڕە بەوە بەناوبانگە کە هەر شتێکی لەژیاندا بۆ نەهێتە دی، سزایەکی توندی خۆی دەدا. ئەی ئەم جارە چی بووە؟ دەبێت شتێکی گەورە ڕووی دابێت. کەس نازانێت ئەمجارە چی بووە. وەک وتم براکەی لای ئێوەیە، نایناسی؟ من خۆشی ناناسم ڕۆڵە، نەک

براکەی، ئەی ئەو بەشکوم بتناسێ، بڕوا ناکەم، خۆ لەوێ کوردەکان هەموو یەکتر ناناسن، دووەمینیش من دوکتۆرێکم، با دوکتۆرێکی ناسراویش بم، کێ دەمناسێت؟ ئەوە گەر شاعیرێکی زۆر خراپ بوومایە، وەک زۆربەی زۆری لەم شاعیرانەی ئێستا هەن، ئەوە شانسی ناسینم لەناو کورددا زیاتربوو وەک لە دوکتۆرێکی داهێنەر. هەردووکمان پێکەنین، شێرۆ بە پێکەنینەوە وتی، ڕاست دەکەی مامە، بڕوا بکە، لەم شارەدا کەبابچییەک گرنگترە لە دوکتۆر و زووتر دەناسرێتەوە. پێکەنینەکەمان تەواو نەکرد، برازاکەم بەسووکی پێی وتم، ئەوە هات مامە، ئەوە خۆیەتی، دە باشە، شێرۆ گیان، با دانیشێت، من دەچمە لای دادەنیشم و تۆ لێرە بمێنەرەوە، دۆندرمەیەک بۆ خۆت داوا بکە، من دەمەوێ بەتەنیا قسەی لەگەڵ بکەم، گەر هەردووکمان بین، ڕەنگە زۆر نەکرێتەوە و قسە نەکات.

باشە مامە گیان من لێرە چاوەڕێت دەکەم، هەر کاتێک تەواو بوویت، وەرەوە. کاتێکی کەم تێپەڕی، ئەو قاوەیەکی داوا کردو هەر یەکەم قومی لێدا و کتێبێکی لەناو جانتا بچووکەکەیدا دەرکرد، من بەخۆم و شەترەنجەکەمەوە گەیشتمە سەری. وتم: بێزەحمەت دەتوانم کەمێک لات دابنیشم، دەڵێن تۆ یاریزانێکی زۆر باشی شەترەنجیت و حەزم کرد بەختی خۆم تاقی بکەمەوە؟ دەستم برد تەوقەیەکم لەگەڵ کرد و ئەویش بەشەرمێکەوە دەستی هێناو و وتی فەرموو، هەرچەندە زۆر دەمێکە یاریم نەکردووە. بەڵام یارییەکی خێرا دەتوانین بکەین. وتم: دوو قاوە داوا دەکەین، ئەوەی دۆڕاندی، پارەکەی بدات، ئەویش زەردەخەنەیەکی زۆر هێمن گرتی و وتی: باشە، خراپ نییە، ئەوە هەر لە ئێستەوە قاوەیەکم بردەوە، منیش پێکەنیم و وتم: من ناوم باوە نوورە، بەدیقەتەوە سەیرێکی وردی کردم و وتی، من تۆم لەکوێ بینیووە؟ دەم و چاوی تۆ زۆر غەریب نییە لام، ئا بووستە، تۆ ئیشت چییە؟ منیش وتم گەر بڵێم، من کاردیۆلۆجیستم، هیچ شتێ بەتۆ دەڵێ ئەم ناوە؟ بەڵێ، تۆ دوکتۆری دڵیت؟ نەخۆشییەکانی دڵ وایە؟ منیش وتم ڕاستە ناوە

لاتینییەکەت زانی. تۆ دوکتۆر باوەنووریت، وێنەو هەواڵی تۆم ماوەیەک پێش ئێستا لە ڕۆژنامەکاندا خوێندەوە. بەڵێ وایە، تۆ لێرە نازیت؟ فریا نەکەوتم وەڵام بدەمەوە، یەکسەر وتی: تۆ چالاک ناردوویتیت؟ من چالاک ناناسم ئازیزم، چالاکی برام؟ بۆ ئەوەی بارەکە ئاسایی بکەمەوە، یەکسەر وتم: ئاساییە من سپی بم و تۆ ڕەش؟ باشە، سپی بە. لەگەڵ ڕیزکردنی داشەکاندا، من چونکە سپی بووم، یەکەم جار جوڵانی خۆمم کرد و دەستمان کرد بەیاری. بەهێمنی وتم، گوێ بگرە ئازیزم! من کەس نەیناردووم و بڕوا بکە کەسم نەدیووە و کەس ناناسم. ئەوە برازاکەم لەسەر ئەو مێزەی تر دانیشتووە منی هێنا بۆ ئێرە، دوێنێ باسی تۆ کرا کە شەترەنجێکی باش دەزانیت و منیش ئەمڕۆ ئەم شەترەنجەم کڕی و حەزم کرد بەختی خۆم تاقی بکەمەوە. دە ڕۆژێک دەبێ هاتوومەتەوە و هەفتەیەکی تریش دەمێنمەوە و ئیتر دەڕۆمەوە بەلای ئیش و کاری خۆمەوە. یەک بار ئیش چاوەڕێم دەکات. وتی: هەرچەند لەکاتی یاری شەترەنجدا حەز ناکەم قسە بکەین، بەڵام من ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو کارەی تۆ هەیە کە داتهێناوە و لەوە دەچێ خەڵکانێکی زۆر سوودی لێ ببینن، بۆیە ڕێگەت لێ ناگرم گەر قسەیەک بکەیت. منیش سوپاسم کرد و بە ئەسپەکەم کشێکم کرد و وتم. دەمێکە شەترەنج دەزانی؟ بە فیلێک ئەسپەکەی خواردم و وتی: بەڵێ، هەر لە منداڵییەوە خەریکی یاریم، ناوی هەموو پاڵەوانەکانی شەترنج دەزانم و زۆربەی زۆری یارییەکانی کردوویانە لەبەرمە و ئاگادارێکی باشی شێوازی یاری کردنیانم، ماوەیەک لەم شارەدا کەس لێی نەدەبردمەوە، بەس ئێستا کەمتر دەیکەم و نەخۆشم. بە وەزیرەکەی قەڵایەکی خواردم و وتی: هەست دەکەم، تۆ ، دوکتۆری دڵ و منیش نەخۆش و بیمار، نەهاتبی بۆ لام تەنیا و تەنیا باسی شەترنجم لەگەڵ بکەیت، وایە؟ منیش وتم ڕاست دەکەیت، دوێنێ لەگەڵ باسکردنی شەترنجی تۆدا، باسێکی خێرای نەخۆشییەکەشت کرا و منیش کەزانیم دڵت کەمێک ناساغە، وەک دوکتۆرێکی دڵ، حەزم نەکرد، گەنجێکی وەک تۆ،

یاریزانێکی وا بەهرەمەند، خۆی فەرامۆش بکات، لەکاتێکدا ئینسان گەر نەخۆشیش بێت و بتوانێ کەمێک یارمەتی وەربگرێت تا زیاتر بژی، ڕەنگە خراپ نەبێ. ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشاو وتی: تازە درەنگە، دوکتۆر گیان، تازە بۆ من درەنگە. وتم، دەزانی چی ئازیزم، من شتێکی زۆر گرنگ لەژیانمدا فێری بووم، کاتێک ئینسان بۆ ماوەیەکی زۆر ئیشی دوکتۆری دەکات، شتێکی گرنگی بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە، کە ئەوە ئێمەی دوکتۆرین بە نەخۆشەکە دەڵێین تازە درەنگە، نەک بە پێچەوانەوە. هەردوو برۆی دا بەیەکدا و ئەسپێکی خۆی، بەفیلێکم گۆڕییەوە و وتی: هەندێ شتت بۆ باس دەکەم، بەڵام پێم خۆش نییە هیچ پرسیارێکی تایبەتی ژیانی تایبەتیم لێ بکەیت، منیش وتم، پەیمانت دەدەمێ، هیچ پرسیارێکی تایبەت ناکەم، چونکە پێویستیشم پێی نییە، نەک ئەوە، بەڵکو من خۆم بەهۆی ئیشەکەمەوە دەمێکە ژیانی تایبەتیم نەماوە. هەردووکمان پێکەنین. خۆت باست کرد، باسی بکە، دەنا هیچ پرسیارێک ناکەم، بەس هەست دەکەم من زۆر بتوانم یارمەتیت بدەم. چۆن دەتوانیت؟ من بە چەندەها شێوە دەتوانم یارمەتیت بدەم، چەندەها هاوڕێی دوکتۆرم لێرە هەن، خوا خوایانە تەلەفۆنێکیان بۆ بکەم و ئیشێکیان پێ ڕابسپێرم. خۆشم شتی زۆرم لەخەیاڵدایە بتوانم خۆم بۆت بکەم، بەس لەسەرەتادا دەمەوێ باسێکی خێرای تەندرووستی خۆتم بۆ بکەیت، ئەوسا من پێت دەڵێم دەتوانم چیت بۆ بکەم. هەرچییەکیش دەڵێیت بەهیچ شێوەیەک لە نێوان منی و تۆدا ناچێتە دەرەوە، ئەوە پەیمان بێت لە منەوە.

# ١١

بۆ هەفتەکەی تر، من هەردووبراکەم دەعوەتی قاوەیەک کرد و پێکەوە دانیشتین. هەردووکیان بە شێوەیەکی زۆر مەست و حەپەساو سەیریان دەکردم، وەک سەیری تابلۆیەکی ئاڵۆزی سوریالی بکەن، ئاوا دەمیان داچەقاندبوو، منیش پێم وتن، ئازیزان! ئەو حەپەسانەی ئێستای ئێوە، هەفتەیەک پێش ئێستای خۆمم بیردەخاتەوە. من هەفتەیەکە دەتلێمەوە، هەفتەیەکە، لەوەتی زانیوومە ئێوە یەک کەس نین و دوو کەسن، ئارامم لێ بڕاوەو نازانم چی بکەم. پێش ئەوەی دەست بە هیچ شتێک بکەم، لە پرسیارێکی سادەوە دەست پێ دەکەم، کامتان منتان خۆش دەوێ؟ هەردووکیان قسەیان بۆ نەکرا، بەڵام دەستیان بەرز کردەوە. منیش لەبەر خۆمەوە وتم، تەنها لەوە دەترسام.باشە کامتان بەڕاستانە؟ بەسەر سوورمانێکەوە هەردووکیان دیسان دەستیان بەرز کردەوە. باشە، کامتان بەبێ من دەتوانن بژین؟ حەزم کرد یەکێکیان دەست بەرز بکاتەوە بارەکەم بۆ سووک بکات. بەڵام دەستم نەدی بەرزبێتەوە. ئیتر ئەوە ئێستا هەر سێکمان

تێگەشتین کارەکە چۆنە، هەرسێکیشمان دەزانین وا ناچێت بەڕێوە، منیش نەمزانیووە ئێوە دوانەن، ئێوەش نەتانزانیووە، کە هەردووکتان لەیەک کاتدا منتان خۆش دەوێ و من دەبینن، ئێوە هەردووکتان پیس لەیەک دەچن، ئای خوایە، لە دایکبوونی دوانە چ هەڵەیەکی بایۆلۆژی گەورەیە. من دەستووری ئەم هەرێمەم بنووسیبایەتەوە، خاڵێکم بۆ زیاد دەکرد، ئەویش ئەوەیە کە دوانەکان بۆیان نییە پێکەوە بچنە دەرەوە، چونکە ئاسایشی ئەم وڵاتە تێک دەدەن، من هەفتەیەکە، لەوەتی گێلاسی هاوڕێم پێی وتم و باسی ئێوەی بۆ کردم، بارم تێک چووەو ژیانم سەرەوژێر بۆتەوە. دە شتێک بڵێن؟ کەسیان هیچیان بۆ نەوترا. باشە ئێوە دوانەن و هاوڕێیەکی وا نزیکی یەکترن باسی منتان بۆیەکتری نەکردووە؟هەردووکیان بە نا، سەریان ڕاوەشاند، ئێوەی کوڕان مەخلوقێکی سەیرن، من باسی هەموو شتێکم بۆ گێلاسی هاوڕێم کردووە، خوشکێکم هەبوایە نەمدەهێشت بخەوێت و هەموو شتێکم بۆ باس دەکرد، هەموو یەکتربینینێک و هەموو جوڵاندنەوە و جل و بەرگ و ئاکارتان. ئێوەش یەک وشەتان لەبارەی منەوە بەیەکتر نەوتووە. باشە ئێستا کامتان ناوتان چالاکە، هیوادارم هەردووکتان دەست بەرز نەکەنەوە، هەردووکیان دەستیان بەرز نەکردەوە، بەڵام هەردووکیان پێکەنین و چالاک دەستی بەرز کردەوە، سەیرێکی ئەوی تریانم کرد و وتم کەواتە تۆش مالاکی؟ سەرێکی ڕاوەشاند.منیش وتم:گوێ بگرن ئازیزان! لەوە ناچێت ئەمڕۆ کەستان هیچ قسەیەکتان بۆ بکرێت، منیش هەفتەیەکە وا بزانم لەگەڵ کەسدا هیچی وام نەوتووە، بەڵام لەگەڵ خۆمدا قەت ئەوەندە چەنەباز نەبووم. دەمەوێ لەم مەتەڵە بچینە دەرەوە، بۆ ئەوەش من هەفتەیەکە بیری لێ دەکەمەوە.یەکی دیارییەکی بچووکم بۆ هێناون، دەستم برد و لەناو جانتاکەمدا دوو ملوانکەم دەرهێنا و کردمە ملی هەردووکیان، ملوانکەکە دڵێک بوو لەبەردێکی مەرمەری زۆر جوان دروست کرابوو، هەردووکیان بەسەر سوپاسیان کردم و پێم وتن: ئازیزان ئێمە وا دەکەین، من ئێوە بۆ ماوەی چوارمانگێک بە جیا دەبینم و

یەکتری دەناسین، هەفتەی جارێک یەکێکتان دەبینم، لەهەفتەی داهاتووەوە دەست پێ دەکەین، هەفتەی یەکەم بۆ چالاک و هەفتەکەی دوای ئەو بۆ مالاک، چوار مانگ دەکاتە ١٦ بینین، یەکی هەشت جارتان بەردەکەوێت. دوای چوار مانگەکە من بڕیاری خۆم دەدەم و یەکێکتان هەڵدەبژێرم و دەبێ هەردووکتان ڕازی بن بەو بڕیارەم. هەردووکیان بە بەڵێ باشە سەریان ڕاوەشاند. منیش بۆ ئەوەی بارەکە ئاسایی بکەمەوە، درێژەم بە قسەکانم دا وتم، گەر جارەکانی تر کاتێ یەک دەبینین، وەک ئەمڕۆ قسە نەکەن ئەوا سوپاستان دەکەم کارەکەم ئاسانتر دەبێ، ئەوا کەستان هەڵنابژێرم و ئاهـ هەرسێکمان پێکەنین و من بە پەلە ئەو شوێنەم بەجێ هشت و گەڕامەوەماڵەوە و خێرا تێلێکم بۆ گێلاس کرد و بە تووڕەییەوە پێم وت، من تەنها یەک دڵم هەیە، وایە، یەک دڵیش نادرێ بە دوو کەس، ئەویش وتی، ئێ کۆپی بکە ئازیزم، منیش وتم، دەک عەمرت نەمێنێ، هەموو شتێ کۆپی بکرێتەوە، دڵ ناکرێت، ئەویش وتی کچێ ئەوە بەڕاستە، وەڵا مامە عەزەی زانکۆ کۆپییەکی زۆر باشی هێناوە، وەکو خۆی دەریدەکات، منیش هێندە خەفەتبار بووم نەمتوانی پێنەکەنم و هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوەو وتی: بڕیار هەر وا دەبێ، دەک کۆندۆلیزا رایس راوێشکارت بێ، بەڵام پێم بڵێ گەر دوای چوار مانگ زەحمەت بوو یەکێکیان هەڵبژێری، چی دەکەی؟ ئەوە بیانوویەک بە یەکێکیان دەگرم و ئاهـ، پرسی: بیانووی چی؟ بۆ نموونە ئەمڕۆ یەکی ملوانکەیەکم بەدیاری خستە ملیانەوە، دڵێک لە بەرد، سومبولێکی زۆر دڵڕەقانەیە، بزانم دەربارەی ئەوە دەڵێن چی، هەر کامێکیان شتێکی وت و من بەدڵم نەبوو، دەیکەمە بیانووی بۆ هەڵبژاردنی ئەوی تریان. ئەویش وتی گەر بەدوای بیانوودا دەگەڕێیت، ئەوا منیش دانەیەکی باشم لایە، گەر هەر کامێکیان دوای چوار مانگ ملوانکەکەی لەمل نەبوو، ئەوا با بیدۆڕێنێ. ئەمە تەنها ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنی یەکێکیان زەحمەت بێت.منیش وتم باشە بەڵام هیوادارم نەگاتە ئەوە و تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

# ١٢

لەو ڕۆژەوەی ماردین منی هەڵبژارد، من تەواو گۆڕام، لەگەڵ خۆم و لەگەڵ دونیادا تەواو بوومە کوڕێکی تر. ئازایەتیی و ئومێدێک هاتنە ڕۆحمەوە، کە لەوەو پێش قەت هەستم پێ نەکردبوو. بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ ئەم ماوەیە ئیشێکی باش بدۆزمەوە تا پارەیەکی زۆر پێکەوە بنێم. هەر بەهۆی مامۆستایەکی وەرزشەوە، توانیم هۆڵی یانەی وەرزشییەکە بە بەیانیان تا نیوەڕوان قەرز بکەم و کۆرسێکی فێربوونی تێنسی سەر مێزم کردەوە و منداڵانێکی زۆر خۆیان ناونووس کرد و پارەیەکی باشم دەست دەکەوت. بە نیوەڕوانیش هەندێ ئیشی زیادەم دەکرد و هەندێ جاریش لەگەڵ ماریندا یەکمان دەبینی و پیاسەمان دەکرد. دەبێ ئەوە بڵێم کە هەموو جارێک کە ماردینم دەبینی، بەخۆم دەوت، ئای کە من چەند کوڕێکی بەختەوەرم، کە کەسێکی وا پێم ڕازی بووە و دەیەوێت لەگەڵ مندا بژی، حەز دەکات ژیانم لەگەڵ بەشبکات. هەستم دەکرد ماردین فریشتەیەکە و خودا بۆ هەموو کەسێکی نانێرێت. ئەو کاتانە کە زیاتر و زیاتر دەمناسی، هەستم دەکرد

گەر خودا ئێستا حەز بکات نمایندەی خۆی بۆ بەشەر بنێرێ، ئەوا بێ سێ و دوو، ماردین یەکێ دەبێت لەوانە. ئەمە لەو نمایندانە نییە کە بە چەقۆ و سەربڕین قسە بکات و لەدوای خۆیەوە ڕووبارێک لە خوێن جێ بێڵێت، بەڵکو لەو نمایندانەیە کە خۆشەویستی و لێبووردیی و جوانی بڵاودەکاتەوە، لە چاوانیدا بۆ کوێت بوێ دەتوانی بڕۆیت لەگەڵیدا گەشتی خۆت بکەیت. خودای ڕاستەقینە گەر هەبێ بەو تاقی ئاسمانەوە، نمایندەی ڕاستەقینەی دەوێ و لای من ماردین بێگومان یەکێکە لەوانە. هەتا زیاتر دەمناسی، هەستم دەکرد ئەم کچە خەمی هەموو شتێک دەخوات، خەمی باڵندە و پەپوولە و گەڵای وەریو، خەمی بەرد و خەمی دار، خەمی پایز، خەمی هاوین. ڕۆح و دڵ و چاوانی پڕ بوون لە خەون بینین، حەزێکی زۆری لەسەفەر بوو، لە دونیا بینین، خولیا و کەڵکەڵەی سەفەر هەمیشە لەگەڵیا دەژیا و قەت ڕۆژێ خیانەتی لەو هیواو حەزەی نەکردووە. بۆیە لە بینینەکانماندا هەمیشە بە تامەزرۆی منداڵێکەوە باسی بینی دونیای دەکرد، سەفەرکردن بە ئۆتۆمبێل بە وڵاتاندا، وێنەگرتنێکی بێ سنوور لەناو سروشتدا. وەستان و دابەزین لەسەر سنوورەکان و هەڵمژینی هەناسەیەک پڕ بە سییەکان. تاقیکردنەوەی هەموو خواردنەکانی عالەم، نووستن لە ئوتێلە پەرپووتەکاندا، فێربوونی شەش، حەوت زمان،خوێندن لە دوو ، سێ دانیشتگا، مەلەکردن لەدەریاچە و ڕووبارەکاندا، فێربوونی پاسکیل بە دە دەقیقە و دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری بە مانگێک. کڕینی خانویەک لەسەر دەریاچەیەک، کە هەمیشە لە پەنجەرەکەیەوە بە ڕۆژ هەتاو دیار بێت و بە شەویش مانگ. لەسەر مێزی هۆڵەکە هەمیشە دوو ڕۆمان دانرابێت. ماڵێک شەرابی تێدا بێت و پڕ بێت لە کتێب، سەلاجەیەکت هەبێ، بەفرگرەکەی هەمیشە سێ، چوار جۆر دۆندرمەی تیا بێت. کەس نەڵێ ئەوە تۆ چیت لەبەردایە، کەس نەڵێت ئەوە تۆ چی دەخۆی؟ بۆ کوێ دەڕۆی و چی دەکەی؟ لە شوێنێک بژیت لە فەرهەنگەکەیاندا وشەی عەیبە نەبێت، شەرمکردن تەنها وشەیەکی ئەدەبی

بێت و لەکتێبەکانەوە جارێ نەهاتبێتە دەرەوە. حەز دەکەم لەشوێنێک بژیم تەزبیح بەدەست پیاوەوە نەبینم. بووتڵی غاز نەبینم، نەبینم لە منداڵێک بدرێ، لەسەر شەقازلەیەک و لێدانی ژنێک، پیاوەکە هەفتەیەک بخرێتە زیندانەوە. حەزم لەشارێکە ئەو هەموو دووکانی زڕەنگەرەی تیا نەبێت، حەزم لەسەدەها سینەمایە، تۆسەیری ئەو هەموو خەڵکە چۆن لەبەر بێ ئیشی رژاونەتە سەر شەقامەکان. ئەو هەموو دەموچاوە بێتاقەتانە چین؟ پێدەکەنی و دەیووت، بە کوردییەکەی حەزم لە سەفەرە.

# ١٣

لە ماوەی دوو سەعاتێکدا، من و مالاک فریا کەوتین سێ قاوە بخۆینەوە و سێ جار شەترەنجی لەمن بردەوە. برازاکەشم چوار چا و پێنج قاپ دۆندرمەی تەواو کرد. لەو ماوەیەدا من زۆر بەوردی گوێم لێگرت، باسی تەنگە نەفەسیی و ئازارەکانی سەرسینگی، باسی سڕبوونی دەست و قاچ و دوو سێ جار بوورانەوە و شتی تر کە بە پێویستی نازانم لێرەدا بیگێڕمەوە، بەڵام ئەوانەی کە باسم کردن، شتێکی ئاسایی و گشتین و ڕەنگە هەموو کەسێک پێش من زانیبێتی. دوای ئەوەی هەموو قسەکانی کرد، ئینجا سەیرێکی کردم و وتی، دەڵێی چی دوکتۆر؟ درەنگە یان نا؟ گوێ بگرە، سیزیفی ئازیز! خۆ ئاساییە پێت بڵێم سیزیف؟ وتی بەڵێ، باشە ئازیزم! گوێ بگرە. نازانم تۆ چیت لەبارەی منەوە خوێندۆتەوە؟ لێرە چیان لەبارەی منەوە نوسیووە، ئەوەش نازانم؟ بەڵام بە کورتییەکەی من دڵێکی دەستکردم دروست کردووە تا بتوانێت جێگەی دڵێکی نەخۆش بگرێتەوە، ئەو دڵەی من دروستم کردووە کاتییە و تەنها بۆ شەش مانگێک دەخوات. تا دوای ئەوە

دەبێ نەخۆشەکە دڵێکی تری ڕاستەقینەی بۆ پەیدا بکرێت. بە کورتییەکەی ئەمەی من ئیشێکی زۆر ئاڵۆز و گرانە و تازەیەو تا ئێستاش لەسەر کەس تاقیم نەکردۆتەوە و لەلایەن لیژنەوە تازە ئیمزای لەسەر کراوە. پرۆسەی هێنانی دڵێکی ساغ و دانانی لەجێگای دڵێکی نەخۆش هەر وا ئاسان نییە و ئەوەی من دروستم کردووە تەنها بۆ ئەو ماوەیەیە کە نەخۆشەکە چاوەڕێی دڵێک دەکات بۆی بێت. ئەمەی من دڵێک نییە ئینسان بتوانێ ژیانێکی ئاسایی پێی بژی، بەڵکو دڵێکە لە چاوەڕوانیدا لێدەدا، چاوەڕوانی هێنانی دڵێکی تر. بەڵام دڵێکە هەموو ئیشێکی دڵیکی ئاسایی دەکات، بەڵام نەخۆشەکە دەبێت بیست و چوار سەعات لەژێر کۆنترۆڵی دوکتۆردا بێت. جۆرێکی تر هەیە هەر یەکسەر دڵەکەی فرێ دەدەن و دڵێکی تری لەشوێن دادەنێن و پەیس مەیکەرێک لەلای شانییەوە لە ژێر پێستەکەیدا بۆ دروستکردنی تەیاری کارەبایی بۆ فرێدانی خوێن بە هەموو شوێنێکی لەشدا، بەڵام لەمەی مندا پێویستت بە فرێدانی دڵە نەخۆشەکە نییە و تۆ دەتوانی ئەو شەش مانگە خاوەنی دوو دڵ بیت. بەهەر حاڵ گوێ بگرە سیزیفی ئازیز! من جارێ نازانم تۆ پێویستت بەو جۆرە نەشتەرگەرییەیە یان نا؟ من دەبێ هەموو پشکنینەکانی تۆ ببینم، دوای ئەوە من نازانم تۆ ڕازی دەبیت بەوە یان نا؟ گەر ڕازی بوویت من پێخوشحاڵم و هەموویت بە خۆڕایی بۆ دەکەم، نەک ئەوە، بەڵکو تۆ لە ئێستاوە منیش لێرە نەبم، هەموو ئیشێکی دوکتۆرت لەسەر من دەبێ، چونکە هەست دەکەم تۆ کوڕێکی شایانی هەموو شتێکی جوانی، ڕەنگە پارەیەکی باشیشت بۆ دابین بکەم لەو کۆنتۆیەوە، کە بۆ ئەم پرۆژەیەم کراوەتەوە، چونکە لە ماوەیەکی درێژدا ڕەنگە تۆ وا بەئاسانی نەتوانیت ئیش بکەیت و بژێوی خۆت دابین بکەیت. خۆت بیرێکی لێ بکەرەوە، من چوارشەممەکەی تر سەفەر دەکەم و دەگەڕێمەوە، ژمارەی تەلەفۆنی خۆتم بۆ بنووسە با لام بێت. ئەمەش ژمارەی مۆبایلی من، چ لێرەو چ لەدەرەوە، تکایە تەنها لای خۆت بێت و مەیدە بەکەس. گەر خەڵکی ئەم

شاره پێ بزانن تەلەفۆنی منت لایە، بە شەڕیش بێت لێت وەردەگرن، چونکە نیوەی زیاتری خەڵکی ئەم شارە بە پیر و گەنجەوە دڵێکی نەخۆش لە سینگیاندایە و پێ نازانن، بە دڵێکی نەخۆشەوە دەژین، بەدڵێکی زامدارەوە دڵداری دەکەن و منداڵێکی نەخۆش دەخەنەوە، گۆرانی دەڵێن و دەمرن.
بەهەر حاڵ ئازیزم! تۆ هەر لە بەیانییەوە بچۆ بۆ لای دوکتۆرێکی هاوڕێم، ئەمە ئەدرێسەکەیەتی، تا ئەو هەموو ئەو پشکنینانەت بۆ بکات کە من داوای لێ دەکەم و بە فاکس و وێنەی کۆمپیۆتەر بۆم بنێرێت تا هەمووی ببینم، من خۆم تێلی بۆ دەکەم و هەموو شتێکی تێ دەگەێنم. هاوڕێمە و دوکتۆرێکی زۆر باشەو متمانەم پێیەتی و ناوی مانییە، تا ئەوساش بیرێکی لێ بکەرەوە. ئێمە دەتوانین هەموو پرۆسەی نەشتەرگەرییەکە هەر لێرە بکەین و بێگومان دەبێ ئەوەش بزانیت کە دەکەوێتە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەم ڕۆژنامە دەتفرۆشێ بەو ڕۆژنامەو ئەم ستوونە هەڵتدەدا بۆ ئەو ستوون ، بەڵام من هەوڵێکی زۆر دەدەم لەو بارەوە دووریان بخەمەوە تا ژیانت هێمنتر بێت.

## ١٤

من له ماوەی ئەو چوار مانگەدا، هەموو هەفتەیەک بەجیا، هەردووکیانم دەبینی، له نزیکەوه هەولێکی زۆرم دا بیانناسم. دوو کوڕی جوان و پاک و هەست ناسک، که هەموو کچێک ئاواتەخوازە بیانناسێ و لێیان نزیک بیتەوه. دوو ئینسان، لەنێوان جولەو هێمنی، وەک شەو و ڕۆژ جوان ،یەکێکیان وەک ناخی دەریاو ئەوی تریان ڕووی دەریا. دەهاتن و دەچوون. ئەوەی له هەموو شتێ لام جوانتر بوو ئەوە بوو ، ڕۆژێک نەمبینی یەکێکیان، ماسکێکی درۆ لەدەم و چاو بکات، خۆی نەبێت، درۆیەک بکات تا گرەوی دڵم بەرێتەوه، بەدرۆ شتێ بڵێ تا زیاتر خۆی بێنیته پێشەوە. بەڵکو هەمیشه خۆیان بوون، لەگەڵ ئەوەدا که لەسەدا سەد سیمایان لەیەک دەچوو، بەلام خۆیان تەواو دوو ئینسانی جیاواز بوون. دەبێ بڵێم، لەو ماوەیەدا من هەردووکیانم وا چوو بەدڵدا که حەزم دەکرد وەک ڤیسکۆنتی، پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ئیتالۆ کالڤینۆ، چۆن بە گوللەیەک بوو بە دووبەشەوه و هەردوو بەشەکەشی ژیانی خۆی ژیا، منیش ئاوا ببوومایه بە دوو بەشەوه و یەکی بەشێکم لەگەڵ برایەکدا

بوایە. کاتێک بە جیا ئەم قسەیەم بۆ هەردوو براکە گێڕایەوە، هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون، کە من ناتوانم وەک ڤیسکۆنتی بم، چونکە کاتێ ئەو پاڵەوانە بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان باش بوو، ئەوی تریان بەشێکی خراپ، بەڵام من لای ئەوان بەشی خراپم نییە و دەبێ تەنها بۆ یەکیکیان بم. منیش وەڵامەکەیانم پێ جوان بوو، وەڵامەکەیان ئیشی هەڵبژاردنەکەی منی زەحمەتتر کرد. هەتا هەفتەکان دەهاتنە سەر یەک، من شپرزەتر دەبووم، چونکە کاتی بڕیار نزیکتر دەبووەوە. تا دووهەفتەی کۆتایی، ئەو کاتە هەردووکیان یەکی یەک جاریان بینینی من مابوو، ئیتر دوای ئەوە دەبوایە بڕیاری خۆم بدەم. سەرە سەرەی چالاک بوو، باسی سەفەرم هێنایە پێشەوە، حەزم کرد بزانم رایان بەرامبەر سەفەر چییە، چالاک وتی، من جوانترین شتێ بۆ ئینسان ببینم، سەفەرکردنە، بێ سەفەرکردن مرۆڤ قەت نازانێ لەکوێی دنیادا دەژی، ئینسان تەنها لەسەفەردا خۆی و دەوروپشتەکەی دەناسێ، تواناکان تەنها لە سەفەردا تاقی دەکرێنەوە .ئەوەی ناتوانێ سەفەر بکات، ناتوانێ دونیای خۆش بوێ و ناتوانێ لێی تێبگات. بەڵام من لەگەڵ تۆدا دەتوانم هەموو دونیا بگەڕێم، دەتوانم هەموو دونیام خۆش بووێ، من هەموو دونیام خۆش دەوێ چونکە تۆم خۆش دەوێ و تۆ تیایدا دەژیت، لەو کاتەدا بێ ئەوەی پێ بزانین، زۆر لەیەکتری نزیک کەوتبووینەوە، بە جۆرێک تەواو هەناسەکانمان بەریەک دەکەوت و بۆنێکی خۆشی هەردووکمان تێکەڵاو دەبوو. لە پارکێک دانیشتبووین، کەسمان لێوە دیار نەبوو، من لە شوێنی خۆم وشک بوو بووم، چونکە ئەو قسانەی ئەو قسەی دڵی من بوو، هیچ قسەیەکم پێ نەبڕی، حەزم دەکرد زیاتر بڵێ، وتم ئێ چی تر؟ لەپڕ بێ ئەوەی پێ بزانین، دەمی زیاتر هێنایە پێشەوە و کەمێک لێوەکانمان بەر یەک کەوتن، موچرکێک وەک سووکە کارەبایەک لەسەرمەوە تا بنی پێم ڕۆشت، مووی قۆڵم وەک بۆ شەڕ هەستابن، هەموویان قوت ببوونەوە. ئەویش دەمی زیاتر هێنایە پێشەوە، ناو دەمم بوو بە لیک، دەتوت هەزار

لیمۆی قاش کراو بە جارێک تکاوەتە ناو دەممەوە .تامێکی زۆر تەڕ و تازە بوو، لەهیچ میوەیەکی دونیا نەدەچوو، منیش وەڵامی ماچەکەیم دایەوەو بۆ چەند چرکەیەک خۆشترین ماچی ژیانم کرد. بەڵام لەپڕ وەک دەستێک من راکێشێتە دواوە، هاتمە دواوە و هەستامە سەر پێ، ئەویش هەستا و سوور و تەریق بوەوە، وتم ئەوە چی دەکەین؟ دەزانی درەنگە، با بڕۆین. هەموو گیانمان دەلەرزی، من وتم تاکسییەک دەگرم و پەلەمە، ئەویش وتی ئێ زۆر باشە، منیش بە پاسەکە دەڕۆمەوە. کە گەڕامەوە ماڵەوە هێشتا سیحری ماچەکە لێم نەبووەوە، مەست بووم دەتووت دوو شووشە شەرابی سوورم هەڵقوراندووە، هەموو شتێ لەبەر چاومدا جوان و پڕبایەخ بوون، ویستم تێلێک بکەم بۆ گێلاسی غەمگین و هەموو شتێکی بۆ باس بکەم، لەپڕ تێلەکەم داخستەوە و نەمکرد، لەدڵی خۆمدا وتم ئێستا سوعبەتێکی قۆڕ دەکات و دەمهێنیتەوە سەر سفر، تازە بەیانی بۆی دەکەم، لەپڕ باوەشم کرد بەدایکمدا و لە خۆشیدا دوو سێ ماچم کرد، ئەویش ماچێکی سەری کردمەوەو وتی ئەوە چییە ڕۆڵە دەڵیی کوڕان ماچیان کردووی؟

١٥

حەز لێ بوونی ماردین بە سەفەر، تەواو لەگەڵ خەون و خولیای منیشدا یەکی دەگرتەوە، بۆیە لای خۆمەوە پەیمانم بەخۆم دا کە هەموو هەوڵێک بدەم تا ئەو خەونەی هەردووکمان بێتە دی. لەملاشەوە، مالاکی برام ڕۆژ دوای ڕۆژ تەریک تر و دوورەپەرێزتر دەبوو، بە هیچ شێوەیەک حەزی نەدەکرد بمبینێ. هەموو هەوڵی دونیای دەدا لەو ژوورە دانەنیشێت منی لێ بم، هەستم دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ بێتاقەت تر و لاوازترە، بە هیچ شێوەیەک حەزی نەدەکرد لە دڵدارییەکەیدا باسی دوڕاندنی خۆی بکات. بە دایکمی وتبوو کە ئەمە سەخترین دۆڕاندنی ژیانێتی. نازانم چۆن وشە و ڕستەی وای بەکارهێنابوو تا وتبووی، هەموو دۆڕاندنەکانی تری دونیا بە گوونی ئەم دۆڕاندنە. من و دایکم کۆڵێ بەوە پێکەنیبووین. هەر لەیەکەم ساتەوە ئەم هەڵبژاردنەی پێ قوت نەچوو، هەستی دەکرد فێڵێکی لێ کراوە، زۆر شەترەنجانە سەیری ئەو بابەتەی دەکرد و وای بۆ دەچوو هەموو شتێکی لەژێر کۆنترۆڵدا بێت و زۆری پێ ناچێت یارییەکە دەباتەوە. هەستی کرد منێک، کە لە منداڵییەوە تا ئێستا هەمیشە لێم بردۆتەوە، بەڵام ئەمەیان حەقی هەموو شتێکم لێ دەکاتەوە. ئەمەی ناونابوو فیناڵ، پێی وابوو ماردین کەسێکی عەجوول و سوعبەتچی وەک منی بۆ چییە، کە وەک خۆی دەیووت کە قنگم بۆ نەکراوە تا دانیشم. هەمیشە دەیوت تۆ ئەم هەموو کرمەت هەیە بۆ ناچی بۆ دوکتۆر. هەتا ئەو کاتەش کە ئیتر کاتی ژن هێنانەکە هاتە پیشەوە، بە خێرایی هات و پیرۆزبایی کرد و بە ماردینی وت: منیش دیاری خۆم بۆ هێناوی براژن! حەزم کرد ئەم ملوانکەیە بەملتا هەڵواسم. ماردینیش خۆی نووشتانەوە و ملی بۆ هێنایە پێشەوە و ملوانکەکەی بە سنگیدا شۆڕ کردەوە، هەمان ئەو ملوانکەیە بوو کە ماردین بۆ هەردووکمانی

هێنابوو، ئەو دڵە بەردینە مەڕمەڕە، وتی: ئەم دڵە جوانە هەر لەخۆت دێت براژنی ئازیز. باوەشێکی ساردی پیا کردین و بیانوویەکی دۆزییەوە و بەجێی هێشتین و دانەنیشت پێش ئەوەی بڕوات،گێلاس بەردەمی لێ گرت و وتی: بۆ کوێ کوڕی باش؟ وتی: دەڕۆم ئیشم هەیە، گێلاس زانی کە مالاک هەمان ئەو ملوانکەیەی هێناوەتەوە و بە دیاری داوێتێ، پێی وت:هەر ئەمەت هێناوە؟ ئەی دوگمەو دۆلابێک؟ماڵت ئاوا بێت کوژەکەیەک؟ کڵاو و لاگیرەیەک؟ من بۆ ملە شیلانە هیچ ناڵێم، حەقم بەسەر گەردانە و گۆبەرۆکەوە نییە، سمڵ و مێخەک ئەوە هەر واز لێ بێنە، چەنە و پاوانە و کرمەک ڕەنگە زەحمەت بن، هیچ نەبێ لووتەوانەیەک، یەک لووتەوانە ماڵت ئاوا بێت، هەموو کوڵابووین لە پێکەنیندا و تەنانەت مالاکیش خۆی پێ ڕانەگیرا... وەک من و ماردین پێشتر پلانمان بۆ کردبوو، ئاهەنگەکە دانیشتنێکی ئاسایی بوو، کەسی وامان بانگ نەکردبوو، هەر خۆمان بووین. بەڵام گێلاسی غەمگینی لێ بوو، بە سەد کەس دەچوو، نەیهێشتووە یەک کەس لەو ماڵەدا دانیشێت، هەموومانی بەهەڵپەرکێ ورووگێژ کردبوو. بەڵام من دڵم هەر لای مالاکی برام بوو،هەستم دەکرد بێ ئەوەی هەڵەی کەسی تێدا بێت، برایەتیمان قەت وەکو خۆی لێنایەتەوە، هەستم دەکرد وەک (نیتشە) دەڵێ کە هەندێ جار ئاسانترە لە دوژمنێکت خۆش بیت وەک لە هاوڕێیەکت، منیش هەستم دەکرد، مالاک لەهەموو دونیا خۆش بێت، تازە لە ئێمە خۆش نابێت.

## ١٦

کاتێک ژمارەی مۆبایلەکەم بۆ مالاک نووسی و دامە دەستی، لە سیمایدا هەستم بە تارمایی زەردەخەیەک کرد، نەمزانی ئەو سووکە زەردەخەنەیە، لە ڕازی بوونییەوە هاتووە، یان لە شەرم و ڕێزییەوە بۆ من. بە ڕۆژێک پێش ئەوەی بگەڕێمەوە تێلێکی بۆ کردم و پێی وتم، کە چووە بۆ لای دوکتۆرەکەی هاوڕێم و هەموو پشکنینەکانی کردووە، منیش دەستخۆشم لێ کرد و پێم وت کە شتێکی چاکت کردووە و هیوادارم بتوانم یارمەتیت بدەم، بەڵام ئەوە بزانە کە من بەبێ ویست حەز و ئامادەیی تۆ هیچ شتێکت ناتوانم بۆ بکەم. دەبێ تۆ هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدا بێت تا پێکەوە بتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین. کە گەڕامەوە من سەیرێکی پشکنینەکان دەکەم و تێلت بۆ دەکەم و پێت رادەگەێنم. کە گەڕامەوە من هەر بیرم لە پرۆژەکەم دەکردەوە. هێنانە دی ئەم خەونەم هەموو شتێک بوو بۆ من. چەند ڕۆژێ دواتر، ئێ سی گی و ئێکۆکاردیۆگرامەکانی بۆ ناردم و لێرەدا وەک دوکتۆرێک نامەوێ بچە ناو وردە تەفاسیلەکانی نەخۆشەکەمەوە، بەڵام هەستم کرد دڵی ئەم کوڕە

ماندووەو پێویستی تەواوی بەو دڵە دەستکردە کاتییە هەیە تا بتوانین دواتر دڵێکی ترو ساغ لە سینگیدا بچێنین. تێلێکی خێرام بۆ کرد و پێم ڕاگەیاند کە بە وردی سەیری هەموو پشکنینەکانم کردووە و تەواو لەبڕوایەدام کە پێویستت بەو نەشتەرگەرییە هەیە و بەو جۆرە دەتوانی لە داهاتوویەکی نزیکدا ببیتەوە بە خاوەنی دڵێکی بەهێز و بە هەموو هێزتەوە جارێکی تر باوەش بکەیتەوە بە ژیاندا. سیزیفی ئازیز! ئەم هەفتەیە بیرێکی باشی لێ بکەرەوە و هەفتەکەی تر وەڵامم بدەرەوە. پێخۆشحاڵم بتوانم یارمەتیت بدەم. بە کزییەکەوە وتی نازانم، زۆر دوودڵم، منیش زانیم غەمبارە، بۆ ئەوەی دڵی خۆش بکەم وتم: دوودڵی چیت؟ تۆ یەک دڵیت، جارێ یەک دڵت هەیە، کەی بوویت بە دوودڵ، ئەوسا دوودڵ بە. من هەست دەکەم دڵم ماندووەو بەرگەی هیچ ناگرێت، هەندێ جار دەمەوێ بمرم، بنووم و هەڵنەستمەوە، نازانم ئینسان بۆ دروست بووە؟ ئێمە ئەم زەوییەمان ئاوەدان کردۆتەوە یان تێکمان داوە؟ ڕۆژ بە ڕۆژ پەشیمانم لەوەی بوومە بە میوان، میوانێکی ناوەخت و ناشرین و ڕەزاقورس. حەز دەکەم شەقێک لەم تۆپە بدەم، لەم تۆپی ژیانە، تێیهەڵدەم و نەیەتەوە..خەڵک ڕادەکەن و پێدەکەنن، ئازاری یەکتر دەدەن و گاڵتە بەیەک دەکەن تا ڕۆژی دێ بەتەنیا دەڕۆین و دەمرین. نازانن هەموومان میوانین. ئەم خەڵکە وا مامەڵە دەکات، وەکو ئەوە وایە قەت نەڕوا، وەکو ئەوەی هەر لێرە بێت و نەمر بێت. هێندە دڵم لاوازە لەشی خۆمم بۆ هەڵناگیرێت، سەری پڕ پرسیاری خۆمم بۆ هەڵناگیرێت. وەک تارمایی خۆم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشم. بێدەنگ بوو، هەستم کرد دەیەوێ زۆر شت بڵێ، بەڵام لەگەڵ هەموو هەڵچوونەکەشیدا، هێشتا ئارامیی و هێمنی ڕۆحی خۆی پاراستبوو، کە تەواو بوو، منیش وتم: دەی ئازیزم! ڕاست دەکەی، گوێ مەدەرێ! هەموومان میوانین، بڵێین چی ئیتر، بەدەست خۆمان نییە، منیش حەزم دەکرد بۆ ئەبەد خاوەنماڵ بووینایە، خاوەنماڵ بووینایە و بۆ هەمیشە ئەم زەوییەمان ئاوەدان بکردبایەتەوە. دیارە خاوەنماڵ نین، بۆیە

ئەم زەوییە ئاوەدان ناکەینەوە، بەڵکو تێکی دەدەین و شەقی تێهەڵدەدەین..
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی، زۆر سوپاس دوکتۆر گیان! دەی باشە،
بیر کردنەوەی ناوێ، من ڕازیم، ڕازیم و سوپاسی زۆریشم بۆت.

## ١٧

بۆ بەیانی هەر کە لەخەو هەستام، خۆم نەگرت، یەکسەر تێلم کرد بۆ گێلاس و هەر کە، وتم سسسسسسلللللللآووووو لە خۆتان ئەی گێلاسی باخچە غەمگینەکان! یەکسەر وتی: ئەوە چییە دەڵێی ماچ کراوی؟ وتم ئەیەڕۆ.... ئەوە بۆ وا دەڵێی؟ ئەوە دایکمیش هەر وای پێ وتم: بە پێکەنینەوە وتی: لە دەنگتدا تۆنێکی سەیر هەیە، بەس لە کاتی ماچکردندا پەیدا دەبێ. لە پێکەنیندا بە مۆبایلەکەوە تەخت لەسەر عەرزەکە لێی ڕاکشام وتم: وەڵا پرۆفیسۆر گێلاس، لەمەیاندا ڕاست دەکەی، کچێ دەزانی هەموو گەنەمووەکانی قۆڵم بەرزبیوونەوە، دەتووت سوپایەکن و شەڕ دەکەن. وتی دەک ناپیلیۆن لە دەوری بالآت گەڕێ، ئەو نەگبەتە لە ڕووسیای قەیسەری نەبردەوە، ئێستا لە تۆ دەباتەوە. وتم: دە باشە، ئێوارە یەکتری دەبینین و بۆت باس دەکەم، وتی: کچێ ئێوارەی چی؟ ئێستا تاکسییەک دەگرم دێم، نانی بەیانیشم نەخواردووە، هێلکەیەکم بۆ بخەسەری تا بکوڵێت، ئەوا هاتم. کە هات هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. وتی: ئەمەیان ماچی کامیان بوو، وتم:

چالاک، ئەوەی تێنسەکە دەکات، ئەی ئەوی تریان مالاک، ماچی کردوویت؟ نەخێر، کەواتە هەڵبژاردنەکەت تەواو، ئیشەکەت ئاسان بوو، ئەوەی ماچی کردیت، هەڵیدەبژێریت، ئەوەی ماچی کردیت گرەوەکەی بردەوە. منیش وتم: ئێ منیش هەر لە دوێنێوە بیر لەوە دەکەمەوە، خۆ تازە ناتوانم شوو بەوی تریان بکەم و ئەمیانم ماچ کردبێت، بەتایبەتی ماچەکەش هی ناو دەم بوو، گەر هی ڕوومەت بوایە قەینا و بەهەرحاڵ... چەند جارت ماوە بیانبینی؟ یەکجاری ئاخرم ماوە و مالاک ببینم، هەفتەکەی تر دەیبینم. کاتێکیش لەگەڵ مالاکدا یەکتریمان بینی، هەر چەندم دەکرد نەمدەتوانی سەیری چاوی بکەم. ئەو وەک هەمیشە، بێدەنگ بوو،منیش بەبێدەنگی لە تەنیشتییەوە، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، هەست دەکەم هەردووکمان بەدرێژایی دوو سەعات وەک دوو دێراوی بێدەنگ لەتەنشت یەکەوە ڕۆشتین. نە من هیچم وت و نە ئەو، هەمیشەش وا بوو، دەبوایە هەر من دەست پێ بکەم و قسە بکەم و ئەویش وەڵامم بداتەوە، گەر من هیچم نەوتایە، ئەو لە ئارامیی و بێدەنگی خۆیدا بوو. ئەو هێندە بێدەنگ و هێمن و ناسک بوو، پێم سەیر بوو لەشارێکی وا چەنەبازدا، کەسێکی وای تیایە بەدەگمەن شتێ دەڵێ و قسەدەکات. دەڕۆشتین و سەیری درەختەکانمان دەکرد، دەڕۆشتین و سەیری باڵندەکان. سەیری ڕێبواران، سەیری پەیکەرە تۆزلێ نیشتووەکان، سەیری بوتڵە ئاوە فڕێدراوەکان. دەنکی فڕێدراوی گوڵەبەڕۆژە، دەنکە کوولەکە، توکڵی پاقلە. من دەڕۆشتم و لەتاو بێدەنگی، کاغەزی فڕێدراوم لەدەورم کۆدەکردەوە و دەمخستنە ناو تەنەکە خۆڵی بەتاڵەوە، مالاکیش بتڵە ئاوی فڕێدراوی کۆدەکردەوەو دەیووت: ئای خوایە ئەم خەڵکە هەمیشە تینوون، تینووی نەک تەنها ئاو، بەڵکو هی هەموو شتێتک. تا دوو سەعات، خۆمان بەو شتانەوە خەریک کرد، تا دوواجار، وتم دەباشە، مالاکی ئازیز، وا ئیتر من دەڕۆمەوە، ئەمە ئیتر دوا بینینمان بوو، دوای ئەمە من بڕیاری خۆم دەدەم و پێتان ڕادەگەێنم. بڕیارەکەشم هەرچییەک بێت، دەبێت هەردوولاتان پێی

ڕازی بن .تازە ئەوەی بوو، بوو، ئەوەی ڕۆیشت، ڕۆیشت، ئەوەی کە دێت و ئەوەی ماوە گرنگە. وتی: باشە خانمی ئازیز! سوپاس بۆ هەموو شتێک، هیوادارم ئەم ماوەیە هیچم نەوتبێ، دڵی ئێوەم عاجز کردبێت. منیش سووکە زەردەخەنەیەک گرتمی و وتم: نا،بەساقە، تۆ نەک دڵی منت عاجز نەکرد، بەڵکو تۆ ئەم ماوەیە هەر هیچت نەووت. لێک جیابووینەوە، ئەو بەرەو یانەکە ڕۆیشت، تا هەندێ یاری شەترەنج بکات و منیش حەزم کرد بە پێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، لەڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە کە تازە من هەڵبژاردنی خۆم کرد و پەشیمان نابمەوە، تازە هیچ شتێ من پەشیمان ناکاتەوە. من چالاک هەڵدەبژێرم، هەڵبژاردنەکەشم هی ئەوە نییە کە ئەم دوانە، یەکێکیان لەوی تریان باشتر بێت، چونکە هەردووکیان وەک یەک باشن، بەڵکو تەنها هی ئەوەیە کە چالاک ماچی کردم و بۆ ئەمەش نامەوێ مالاک قەت بەمە بزانێت. دەنا هەرگیز لێمان خۆش نابێت.

# ١٨

من هەر لە هەفتەی یەکەمی دوای ژن هێنانەکەوە، تەواو خۆم تەرخان کرد بۆ دەرهێنانی دوو پاسپۆرت و دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ سەفەر. لەگەڵیشیدا ئیشم دەکرد و وەک شێت پارەم کۆدەکردەوە. ڕێگاکان تا دەهات، زەحمەت تر و گرانتر دەبوون.قاچاغچییەکان دڵڕەقتر و سنوورەکانی ئەوروپا داخراوتر. ماردینیش لەو ماوەیەدا هەمیشە دەیوت: دەبێ بەزووترین کات بڕۆین، کاتمان نییە، نابێ زۆر بمێنینەوە. هەموو ئێوارەیەک کە دەهاتمەوە، هەزار پرسیاری دەکرد و هەستم دەکرد زۆر پەلەیەتی. دەموت: ئازیزم! پەلە مەکە، تا هاوین کاتمان هەیە، با خۆمان نەدەینە دەست هەموو شتێ، بە هێمنی باشە .با دەست بەتاڵ نەگەڕێینەوە. خەڵکێکی زۆر دەڕۆشتن و هەموو شتێکیان دەفرۆشت و دەست بەتاڵ دەهاتنەوە، من لەو ماوەیەدا دەستم کرد بە فرۆشتنی کتێبەکانم، دەبێ بڵێم ئەو ساتانە بە زەحمەت ترین ساتەکانی ژیانم دەژمێرم، کە سەیری کتێبەکانم دەکرد، گریانم دەهات، دەبوایە خواحافیزی لەهەموو پەڕەیەک بکەم، هەموو پەڕەیەک کە یادگارێکم

لەگەڵی هەیە. قەت بڕوام نەدەکرد هێندە هەرزان کتێبە خۆشەویستەکانم بفرۆشمەوە. هەستم دەکرد، ڕۆژ دوای ڕۆژ لەم شار و وڵاتەدا کتێب و وشە تا بێ هەرزانتر دەبێ، تا بێت بێنرختر. هەستم دەکرد، ئەوە کتێبەکانم نییە دەیانفرۆشم، بەڵکو خەونەکانمە، ئارەزووەکانمە، ئومێدەکانمە، هاورێ نزیکەکانمە. ئەو ساتانەیە کەبۆ خۆمم هەڵگرتوون، بۆ دڵی خۆم. کە کتێبێکم دەفرۆشت وەک خیانەتم لێ کردبێت، نەمدەتوانی چاوببڕمە بەرگی کتێبەکە، هەرچەندێ پارەیان بایە، وەرم دەگرت تا لە کۆڵم ببنەوە، وا دەهاتە بەر چاوم، کتێبەکان لەگەڵ فرۆشتنیاندا بەسەرمدا هاوار دەکەن. لەگەڵ فرۆشتنی هەر کتێبێکدا خەونێکی ناخۆشم دەبینی، لە خەونەکانمدا نووسەرەکان دوام دەکەوتن، دەستیان دەنایە بینم بمخنکێنن، هاواریان دەکرد بۆ دەمانفرۆشی، بۆ دەتەوێ لەکۆڵت بینەوە. بۆ وا هەرزانت کردین؟ هەستم دەکرد ئەوە کتێبەکان نین من دەیانفرۆشم، بەڵکو نووسەرەکانن وا بەهەرزان خستوومنەتە بازاڕەوە. خەونم دەبینی و کتێبی سووتاو دوام دەکەوت، هێرشیان دەکردە سەرم دەیانویست بمسووتێنن. خەڵکانێک دەمیان دروابووەوە، زمانیان نەبوو نەیاندەتوانی قسە بکەن، لەچاویاندا ئاگر دەباری، بەو ئاگرەی چاویان کتێبیان دەسووتان و بەدەوەرییەوە سەمایان دەکرد. گروپ ـ گروپ دەوەستان کتێبیان لەسەر یەک هەڵدەچنی و ئاگریان تێ بەردەدا و بە دەست هەڕەشەیان دەکرد، نەشیان دەزانی چی دەکەن، نەیاندەزانی بۆ کتێب دەسووتێنن، بۆ دوژمنی کتێبن؟

## ١٩

هەر کە سیزیف ڕازی بوونی خۆی بۆ نەشتەرگەرییەکە پێ ڕاگەیاندم، بڕیارم دا تیمێکی پزیشکی پێکەوە بنێم و لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە تا لەوێ بەردەستیم بکەن. هەوڵم دا هیچ میدیایەک ئاگادار نەکەمەوە تا کارەکە بەهێمنی بەڕێوە بچێت. حەزیشم کرد هەموو پرۆسەی نەشتەرگەرییەکە بە ڤیدیۆ بگرم تا دوایی بتوانین پشکنینی لەسەر بکەین و تێلم کرد بۆ دوکتۆر مانی کە پشکنینەکانی بۆ سیزیف کردبوو، تا ژوورێکی تایبەتیم بۆ تەرخان بکات و کاتی هاتنەوەکەشم بۆ هەفتەکەی تر دیاری کرد و نەشتەرگەرییەکەش بۆ دە ڕۆژی تر. لە ڕاستیدا، من دەمتوانی چاوەڕێ بکەم تا لێرە یەکێ پەیدا دەبێت و نەشتەرگەری بۆ دەکەم، چونکە هەموو شتێک لێرە بۆ من ئاسانتر بوو، وەک لە گواستنەوەی هەموو ئەو شتانە، کە لەگەڵ خۆمدا پێویست بوو بیبەمەوە. هەروەها سەرپەرشتیی و کۆنترۆڵی پزیشکی دوای نەشتەرگەرییەکەش هەر لێرە ئاسانتر بوو، چونکە من دوایی نەمدەتوانی خۆم زوو زوو کۆنترۆڵی بکەم، دەبوایە من بێمەوە بۆ ئێرە و یەکێ لەوێ

ڕاسپێرم تا بەو كارە هەستێت. بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەكان من پارەیەكی باشم بۆ ئەو پرۆژەیەم وەرگرتبوو، بۆیە دەمتوانی بەئارەزووی خۆم كەسانێك ڕاسپێرم و مووچەیان بدەمێ، هەروەها دامنابوو پارەیەكی زۆریش بدەم بە سیزیف تا ماوەیەكی زۆر بەشی بكات، چونكە سەركەوتنی ئەو پرۆژەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو، دەرگایەكی گەورە بوو بۆ من بەرەو ئایندەیەكی گەش. هەموو شتێك ئامادە بوو، سواری فڕۆكە بووین و هاتینەوە. چونكە چەند دوكتۆرێكی ئێرەم لەگەڵ خۆمدا بردبووەوە، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی تەلەڤیزیۆن و میدیاكان بیانشارمەوە، داوام لە چەند هاوڕێیەك كرد كە مامۆستای زانكۆن لای خۆمان تا بە پیرمانەوە بێن، تا میدیاكان وا بزانن كە ئێمە بانگێشی زانكۆ كراوین و بۆ چەند موحازەرەیەك هاتووینەوە، تا بەو شێوەیە لە نەشتەرگەرییەكە دووریان بخەینەوە. كە گەیشتین بۆ ڕۆژی دوایی من تێلێكم كرد بۆ سیزیف و بۆ ئێوارەكەی بانگم كرد بۆ هەمان ئەو كافیتریایە، كە من و شێرۆی برازام یەكەمجار بینیمان. هات و من هەموو شتێكم بۆ باس كرد و وتم، بەیانی نا، دوو بەیانی نەشتەرگەرییەكە دەكەین و تۆ دەبێت هەر لە بەیانییەوە بێیت و ئیتر لەوێ بمێنیتەوە تا من پێت دەڵێم دەتوانی بڕۆیت. هەر پرسیارێكت هەبێت، دەتوانی ئێستا بیكەیت، وتی دوكتۆر گیان؟ تۆ بڵێی ئەمە سەربگرێت؟ بەڵێ ئومێدی زۆرم بەمە هەیە، خۆ من جارێ دڵە نەخۆشەكەت لە سینگتا فڕێ نادەم، ئەوەیانت هەر دەمێنیتەوە، گەر دڵە پلاتینەكەش ئیش بەباشی نەكات، دڵەكەی خۆت هەر هەیە، ئەم دڵە دەستكردە دڵە لاوازەكەت قایمتر دەكات، تا شەش مانگ، ئەوسا دڵێكی ساغ و سەلیمت بۆ دەدۆزینەوەو وەك بۆم باسكردی بۆت دادەنین،من گەرانتی ئەوەت دەدەمێ. مەترسە، ئازیزم مەترسە، هەموو شتێك لەژێر كۆنترۆڵدایە و تۆ تەنیا نیت و من تیمێكی زۆر شارەزام لەگەڵ خۆمدا هێناوەیەوە.

## ٢٠

من کاتێک هەردوو براکەم بینی پێم ڕاگەیاندن کە چالاکم هەڵبژاردووە، وەک لەگەڵ خۆشیا قسەم کرد، دەبوایە بۆ دواجار مالاک ببینمەوەو باسی ئەوەی بۆ بکەم بۆچی ئەوم هەڵنەبژارد؟ بەڵام من هەرچەندم دەکرد، نەمدەتوانی سەیری چاوی بکەم، ئەویش کە هات هەر لەیەکەم ساتەوە تووڕە بوو؟ قەت بەو شێوەیە ئەو کوڕە هێمنەم وا تووڕە نەبینیبوو، من پێش ئەوە ئاگام لەهەموو ئاکار و شەڕەکانی بوو لە ماڵەوە، چالاک بە وردی هەموو ئەو سزایانەی بۆ گێڕامەوە، کە مالاک هی خۆی داوە. دەزانم هەناسەی توونـد بووە و دڵی هێشاوە، بووراوەتەوە، دەرگای بە دوو سێ ڕۆژ لەسەر خۆی داخستووە و نەیکردۆتەوە،. هەموو ئەمانەی کردووەو نەیویستووە بچێت بۆ دوکتۆر.هەر لە دوورەوە منی بینی، بەهەڵچوونەوە وتی: من نازانم بۆ بە تۆ دەڵێن ماردین مۆنرۆ؟ تۆ هیچ لەو ناچیت، هیچ سیفەتێکی ئەویشت تیا نییە، ناوێکی هەڵەیان ناوی، ناوێکی هەڵە. منیش نەمدەزانی چی بڵێم. وتم ئەوە خەتای گێلاسی هاوڕێمە، سەیرێکم کرد و ویستم کەمێک هێمنی بکەمەوە،

وتم: شێوەی قژم تۆزێ لەو دەچێ، هەر سەیریشی نەکردم، وتم: منیش وەک ئەو لە یەکی مانگی شەشدا لەدایک بووم، بە پێکەنینەوە وتم: ڕەنگە وەکو ئەویش بە کۆمەڵێ حەب کۆتایی بە ژیانم بێنم. تۆ قەت لەو ناچێت، قەت ئەو نیت. وتم: منیش حەزم لە بۆنی خۆشە پێش نووستن لەخۆمی بەم.هۆلیود لەم شارەی ئێمە بوایە، دە، دوازدە فۆتۆگراف بە دوامەوە دەبوون. ئەو هێندە زویر و توورە بوو، هیچ شتێ ئارامی نەدەکردەوە.وتم: گوێ بگرە مالاکی ئازیز! من تازە چالاکم هەڵبژارد، بڕوا بکە هی ئەوە نییە ئەو لە تۆ باشتر بێت، بەس من هەر دەبوایە یەکێکتان هەڵبژێرم، وایە؟ ئێوەش ئەو کاتە پەیمانتان دا بە من کە هەر بڕیارێک بدەم، دەبێ ئێوە قبووڵی بکەن. ئێوەش بەمە ڕازی بوون وتی: بەس پێم بڵێ مارلین مۆنرۆ، ئەو چی هەیە و من نیمە، ئاخر ئەوەیە گرفتەکە، هەردووکتان زۆر لەیەک دەچن و مەگەر درۆزن فەرقتان بکات، منیش درۆزن نیم و نەمتوانی هیچ جیاوازییەک بدۆزمەوە، بەڵام هەر دەبێ یەکێکتان بۆ ژیان هەڵبژێرم و ئەوی ترتان وەک هاوڕێ و برا. من نامەوێ هاوڕێت بم، نامەوێ نە برای تۆ بم نە برای چالاک. هەردووکتان خیانەتتان لێ کردم و لە پشتەوە چەقۆتان لێ دام، حەزم دەکرد خۆت باسی بکەیت، بەڵام من دەزانم بۆچی ئەوت هەڵبژارد. هەموو شتێک دەزانم.من بەهیچ شێوەیەک نەمدەویست مالاک بەوە بزانێت کە پێش ئەوەی من هیچ بڕیارێکم دابێت تا یەکێکیان هەڵبژێرم، چالاک ماچی کردووم، من هەموو هەوڵێکم دا ڕێگە لەوە بگرم تا پێی نەزانێت، ویستم ڕۆژێک بەتایبەت ببینم و ئەوەی پێ بڵێم، بەڵام ئەفسووس فریا نەکەوتم. ئێوارەیەک لە ئێوارەکان پێش ئەوەی من فریا بکەوم هیچ بڵێم، لەماڵەوە لێیان دەبێتە شەڕ و چالاکیش هیچی بۆ نامێنێتەوە و پێی دەڵێ: منی هەڵبژارد چونکە تۆ هیچ قسەیەک ناکەیت، منی هەڵبژارد چونکە کەسێکی بێ زەوقیت، منی هەڵبژارد، چونکە جورئەتی منداڵێکت نییە و لەناوی خۆت دەترسی، منی هەڵبژارد، چونکە من توانیم ماچی بکەم و تۆش ئازایەتی

ئەوەت نییە سەیری چاویشی بکەیت.پێم بڵێ چاوی چ ڕەنگە؟ پێم بڵێ ئەگەر پیاوی؟ مالاکیش زۆر توورە دەبێ و ڕادەکاتە دەرەوە و دوای چەند سەعاتێک بە بورانەوەوە دوو سێ کەس دەیهێنیتەوە و دوکتۆرە موقیمە گەنجەکەی دراوسێیانی بۆ دێنن و دەڵێ هیچ نییە، چاک دەبێ، بەس بیبەن بۆ لای دوکتۆر باشترە. لەوەوە وا دڵی دەشکێ، ئیتر بڕیار دەدا سزایەکی گەورەی خۆی بدات. کە هەمیشە خۆی بەسزا گەورەکە ناوی دەبرد، کەس نەیدەزانی ئەو سزایە چییە؟ کەس نەیدەزانی چۆنە؟ هەمیشە بە دایکی دەوت: سزا گەورەکە ماوە، سزا گەورەکە، دایکیشی دەیوت: دە بەسە ڕۆڵە! ئەوەندە سزای خۆت مەدە، خودا جەهەنەمێکی لە ئاسمان دروست کرد، تۆش کۆپییەکیت هێنایە ئەمماڵەی ئێمەوە.

# ٢١

دەبێ بڵێم ئەو کاتەی کە ماردینم گواستەوە، ڕاستیەکەی ئەم وشەی گواستنەوەیە بۆ من وشەکی هەڵەیە، چونکە ماردینم هەر بۆ ماڵ و ژووری خۆی گواستەوە، ئەوە من بووم چوومە ئەوێ نەک ئەو بیتە لای من. من هەر چەند کوردم، هیچ بەعەیبی نازانم بڵێم کە ئەوە ئەو بوو منی گواستەوە. هەرلەسەر قسەی خۆی، چووینە ژوورەکەی خۆی، ئەو وتی: کە شوێنیان لای دایکی هەیە و بۆ ماوەیەکی کورت پێویستیان بە خانووی کرێ نییە، من ئەو کاتانە ئیتر مالاکی برامم نەبینییەوە، چەند جارێک کە سەری دایکمم دەدا، ئەو دەیزانی من دێم، لەژوورەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە، یان دەچووە دەرەوە تا من دەڕۆیشتم. من زۆر هەوڵم دا قسەی لەگەڵدا بکەم. بەڵام ئەو هەموو پردەکانی ڕووخاند، هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی کلۆم دا. من قەت هەست ناکەم خیانەتم لەبرای خۆم کردبێت، ئەو چەند ماردینی خۆش ویستووە، منیش ئەوەندە، چەند هۆگری بووە، ڕەنگە من زیاتر. کە ماردینیش دواجار منی هەڵبژارد، خۆ من ئیمزام لەسەر هیچ

کاغەزێک نەکردووە، کە من نابێ سەیری چاوی بکەم، نابێت ماچی بکەم، بۆم نییە باسی سەفەر بکەم، نابێ سوعبەت و گاڵتە بکەم، بۆم نەبێ قسە بکەم.کە ئەو نازانێ چاوی چ ڕەنگێکە، من چی؟ کە وا دەزانێ ژیان هەمووی شەترەنجە و وەک شەترەنجیش بێدەنگە، بەمن چی؟ تەنانەت ئەو کاتەش کە ویستمان بڕۆین، دایکم زۆر هەوڵی دا و قسەی لەگەڵ کرد تا بێت و خواحافیزیمان لێ بکات، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک وەڵامی نەدایەوە، تەنها وتی، خواحافیزیان بێت، من نایانناسم. من ئەوسا هەموو شتێکم حازر کرد، بۆ دەربازبوونمان قسەم لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کرد، کە پێویستە لەگەڵیان بکرێت، من لێرە، لەم کوڕەدا ڕەنگە حەز نەکەم باسی زۆر شت بکەم، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە چوار مانگ بەڕێگاوە بووین، هەرچی دەردەسەرییەک خودا ناوەکانی دەزانێت و بە دونیادا بڵاوبووەتەوە هەموویمان چەشت. هەر مرۆڤێکی دڵڕەق، لەسەر ئەم زەوییە بوونی هەبێ ئێمە بینیمان. نەبوونیی و برسێتیی و میزکردن لەناو بوتڵی ئاو و خۆنەشتن بە مانگ، نووستن لەناو دۆلاب و کارتۆن و دواوەی پیکاب و لۆرییەکاندا، هەر لە سواری کەر و ئەسپەوە بیگرە، تا سەیارە و شەمەندەفەر و بەلەم و پاپۆڕ، فرۆکە و پاس، هەموویمان تاقیکردەوە و گەیشتینە ئێرە. کاتێک ئەمانەم بۆ ئەو کەسە باس کرد، کە لێرە لێپرسینەوەی لەگەڵ کردین بۆ وەرگرتنمان وەک پەناهەندەیەک، وتی: باشە ئێستا گەر بچیتەوە بۆ هەمان شوێن، ئامادەی جارێکی تر هەمان ڕێگا بگریتەوە تا بییت بۆ ئێرە؟ وتم بەڵێ. وتی: تۆ کەسێکی ئازایت و لە هەموو شوێنێک دەتوانیت بژیت و پەکت ناکەوێت. من و ماردین جارێ ئیقامەمان بۆ دەرنەچوو بوو، کە بە پاپۆر سەفەری سێ وڵاتی دراوسێمان کرد و بۆ ڕۆژێ دەماینەوە و زوو دەهاتینەوە. ئەو شوێنانەی کە پاسپۆرتی نەدەویست بە سەعاتێ خۆمان دەگەیانێ. دەبێ بڵێم کاتێ ئینسان گەورەش بێ و زمان نەزانێت هەر دەڵێی منداڵە، ئێمەش منداڵێکی گەورە بووین و کوڵی دڵیشمان بەو منداڵییەی خۆمان خۆش

بوو. خۆشە گەورە بی و منداڵ بی. بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستم بە غەمێکی زۆر قووڵ دەکرد لە چاوەکانی ماریندا، تێنەدەگەیشتم و ئەویش هیچی نەدەوت. تەنها دەیوت، هیلاکم... هیلاک. ئەو ڕەونەق و شەوقەی کە هەیبوو بۆ سەفەر و ژیان کەمتر دەبوەوە.هەستم بە بێزاریی و بێتاقەتی دەکرد لە روحیداو نەمدەزانی هی ئەوەیە تازەین و جارێ بێ ئیقامە و شوێنین. یان جارێ هیلاکی ڕێگا لەرۆحی دەرنەچووە. لە وڵاتیش کاتێ قسەم لەگەڵ دایکم دەکرد، دەیوت کە مالاک باری تەندروستی خراپتر بووەو هەموو ڕۆژێ هەڕەشەی ئەوەمان لێ دەکا، کە خۆی سزا دەدا و هەر دەڵێ : جارێ ماوە سزا گەورەکە، جارێ ماوە.

# ٢٢

ئازیزان! دەبێ بڵێم نەشتەرگەرییەکە هەشت سەعاتی خایاند، زۆر بەسەرکەوتوویی کارەکان جێ بەجێ کرا، وەک لە پێشدا وتم، من هەموو ئیشەکەم بە ڤیدۆ گرتووە و بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ پشکنین و بەدواچوون و لێکۆڵینەوەی زانستی و پزیشکی لەسەر بکەن، دەتوانن لە بەشی کتێبخانە ڤیدۆییەکەی ئینستیتوت قەرزی بکەن. چاوێک بە هەموو وردە دیتاڵییەکان بگێڕن و ئەو ئیشە زەحمەتە بە چاوی خۆیان ببینن. دوای نەشتەرگەرییەکە، من خۆم لەگەڵ دوکتۆرێکی هاوڕێمدا، کە هەردووکمان زۆر ماندوو بووین، پرێسکۆنفرانسێکمان گرت و چەند ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و میدیایەک، کە خۆمان بەباشمان زانی داوەت کرد و لەوێدا هەندێ زانیاری گشتیم لەبارەی نەشتەرگەرییەکەوە بە دونیای دەرەوە وت و هەواڵەکە وەکو پووش بە جیهاندا بڵاوبووەوە. وێنەی سیزیف، کوڕێک کە یاری شەترەنج دەکات، لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە کوردی و بیانییەکانی گرتەوە، وێنەیەکی مالاک بەگەورەیی، لەژێریدا، سیزیف، کوڕێک خاوەنی دوو دڵە. من لەلای

خۆمەوە وام کرد کە مالاک جارێ ئەو ئێوارەیە خەبەری نەبێتەوە تا بەیانی، دوو کەسیشم بەدیارییەوە دانا تا بەیانی ئاگایان لێی بێت و پۆلیسێکیشم لە دەرەوە قەزکردبوو تا کەس بەبێ ڕازی بوونی من و دوکتۆری هاوڕێم نەچێتە ژورەوە. لەو عیادەیەدا کە هەشت ژووری هەبوو، وەک کلینیکیکی بچووک وابوو، من ژوورێکی گەورەو تایبەتیم بۆ مالاک بەکرێ گرتبوو. کە بەیانی چووم و بە شرینقەیەک خەبەرم کردەوە. هەستم کرد زۆر لاوازە، بەڵام یەکسەر منی ناسییەوەو وتی: سڵاو دوکتۆر باوەنوور، من لەکوێم؟ لە ژیاندام یان لە جەهەنەم؟ وتم: بۆ وا دەزانی من هەر لەو دوو شوێنە دەبینی؟ بەهەشتم پێ ڕەوا نابینی؟ بە کزییەوە وتی، ببوورە، مەبەستم ئەوە نەبوو. منیش وتم: دەزانم و گاڵتەم لەگەڵ کردی، چۆنی؟ هەست بەچی دەکەی؟ وتی: زۆر گێژ و ماندووم، دەڵێی لەناو لمی بیاباندا چەند ڕۆژە بەجێ ماوم، وتم دەزانم و ئەوەی تۆ هەستی پێ دەکەی زۆر ئاساییە و گرنگ ئەوەیە هەموو شتێ باش چوو بەڕێوە، هەواڵەکەشم بە دایکت وتووە و بەدڵ خۆشی ناردمەوە بۆماڵەوە. تۆش هێدی هێدی هێزت بۆ دێتەوە، وتی: پشتم زۆر دێشێ، من نەمزانی پیاو دوودڵی هەبێ، پشتی دێشێ، من بیستوومە پیاو دوو ژنی هەبێ پشتی دێشێ. منیش پێکەنیم و وتم: با بگەیتە تەمەنی من، دڵیشت نەبێ، ژنیشت نەبێ، پشتت دێشێ. کەمێک وەستام و وتم: ئەوە هی جانتاکەیە، کە هەڵتگرتووە، کەمێک قورسە، بەڵام یەکجار وا نییە، ئەوە کەمێک هی ئەو برینانەیە و سارێژ دەبێت. وتی: دەزانی چی دوکتۆر باوەنوور! ئێستا من تەواو بووم بە سیزیف، وتم: چۆن؟ وتی ئەی سیزیف هەمیشە بەردی خۆی بەکۆڵەوە بوو، من دڵم بە کۆڵەوەیە. منیش پێکەنیم و وتم: ڕاست دەکەی، ئەم شەش مانگە تەحەمول بکە، سیزیف بەردەکەی خۆی فڕێ دەدایە خوارەوە و هەڵیدەگرتەوە، هیوادارم تۆ دڵی خۆت فڕێ نەدەیتە بەر دەمی یار، چونکە هەزار ئیشمان تیاکردووە و هەڵناگیرێتەوە. تارمایی زەردەخەنەیەکم لە سیمایدا بینی، وتم: گوێ بگرە ئازیزم! من سێ

ڕۆژی تر لێرە لات دەبم و خۆم تیمەکەی لەگەڵ خۆمدا هێناومە، دەڕۆینەوە، من لێرە دوکتۆرێک و سیستەرێکم بۆ دامەزراندوویت و هەمیشە دێن و ئاگایان لێت دەبێت، ئەم شەش مانگە هەمووی دەتوانی لێرە بمێنیتەوە. پێش ئەوەی بڕۆمەوە، ڕێگا دەدەم بۆ دە دەقیقەیەک تیمێکی تەلەفزیۆنی بێنە ژوورەوەو ڕیپۆرتاژێک لەبارەتەوە بکەن، دوو ڕۆژنامەشم داوەت کردوە و یەک، دوو پرسیارێکت لێ بکەن و دوو سێ وێنەت بگرن و نایەڵم زۆر هیلاکت بکەن. وەک پەیمانیشم پێ دای، من کە هاتم، دوو جانتام بۆ تۆ پێ بوو، یەکێکیان دڵە پلاتینەکە بوو، ئەوەی تریان جانتایەک پڕلە پارە، ئەو دۆلابە دەبینی لە بەرامبەرت، ئەوە دۆلابی تۆیە و پارەکەم لەوێدا بۆ داناوی، هەر چەند لێرە پێویستت بە پارە نییە، چونکە لێرە هەموو شتێکم بۆ دابین کردوویت، بۆیە گەر مانگێکی تر، یان زیاتر توانیت تۆزێک بچیتە دەرەوە، ئەوا بیخەرە بانقەوە باشترە با لێرە لێت نەدزن، تۆ دەبێ هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی دوکتۆردا بیت. من بە مۆبایل هەواڵت دەپرسم ئاگام لێت دەبێ، بەس تۆ هەوڵ بدە زۆر مۆبایل بەکارمەهێنە. دوو جاری تریش دامناوە لەم شەش مانگەدا، سەرت لێ بدەمەوە. دەستم برد و کلیلەکەم بۆ خستە ژێر سەرینەکەیەوە، وتم: ئێ دەی گەر هەر پرسیارێکت هەیە، فەرموو. وتی: نا، ئێستا هیچم نییە، زۆر ماندووم و دەمەوێ بخەوم. دە باشە ئازیزم! وا بکە.

# ٢٣

لەکاتی شوو کردن و گواستنەوەدا، وەک هەموو کەپڵێک، چووین و هەندێ پشکنینی خۆمان کرد، تا بزانین بابەتی منداڵ بوون و ئەم شتانە لە داهاتوودا چۆن دەبێ، هەروەها حەزم کرد بزانم هەموو شتێکم تەواوە؟ ماوەیەک کەمێک مەمکم دەیەشا و زۆر جار لەبەر ئاوێنە خۆم ڕووت دەکردەوە و سەیرم دەکرد و دەستم تێوە دەدا، تا بزانم شێوەو قەبارەو ڕەنگی دەوری گۆی مەمکەکانم چۆنە. وەک هەموو کچێک کە هەندێ جار سەیری مەمکی خۆیان دەکەن، نەوەک یەکێ لێی دزیبن، منیش ئاوا ناو بە ناو، بەدزییەوە سەیرم دەکرد، بەڵام هەندێ جار هەستم بە کەمێک ئازار دەکرد و نەمدەزانی هی چییە، بۆیە بە فرسەتم زانی و ئەو کاتەی کە پشکنینەکانی ترم کرد، بە دوکتۆرم وت، سەیرێکی بکات و بزانێت بۆ هەندێ جار ئازارێکی سووک پەیدا دەبێ، بەتایبەتی کاتێک دەستی تێوە دەدەم، هەموو پشکنینەکانم کرد و دوکتۆر وتی هیچ نییە و چاک دەبێ و هیچی وای نەدۆزیوەتەوە. دوای سێ چوار مانگی تر وەرەوە و پشکنینی ترت دەکەمەوە، وتم: ئاخر

ڕەنگە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم، وتی ئێ باشتر، لەوێ ئەو شتانە باشتر دەزانن و شاشەی زیرەکی وایان دروست کردووە، هەموو شتێ بەجوانی دەبینرێت، بۆیە هەر لەوێ بیکە باشترە. کە هاتمەوە، وەک هەمیشە تێلم کرد بۆ گێلاس، من هەمیشە کە کەمێک غەمبار دەبووم، قسەم لەگەڵ گێلاس دەکرد و تا دوو قسە بکات و دڵم خۆش بکاتەوە. ئەم جارە پێم وت، چووم هەندێ پشکنین بکەم، هەست دەکەم تۆزێ مەمکم دێشێ کە فشاری لێ دەکەم، ئەویش وتی: ئێ کچێ! فشاری لێ مەکە، خۆ گلاراو نەیگرتووی، تۆ دەچی بۆ خاریج، مەمکت بۆ چییە؟ منیش پێکەنیم و وتم بۆ لە دەرەوەی وڵات مەمکم ناوێ؟ وتی : کچێ لەوێ کێ سەیری مەمک دەکات، مەمک هەر بۆ ئێرە باشە خەڵکی پێ شێت بکەی. منیش دیسانەوە تەخت لێی کەوتم، درێژەی دا بەقسەکانی و وتی: تۆ خەستەخانەی شێتەکانت بینیووە؟ وتم: نا، وتی: ئێ، وتم: ئێی چی؟ وتی: یەکێکیانت لێ بینیووە چاک بوو بێتەوە؟ وتم نازانم ، نا، نەمبینیووە. وتی: ئەوە بۆیە لەوێن، چونکە هەموو هەفتەیەک دەڕۆم و مەمکی خۆمیان پیشان دەدەم. قاقام لێ داو وتم: ئای غەمگینی هاوڕێم! بێ تۆ لەوێ چۆن بژیم؟ ئەویش وتی: ئەی من لێرە بێ تۆ چی بکەم؟ ئەوکاتەش کە سەفەرمان کرد، هەموو ڕۆژی پێش ئەوە بۆ یەک گریاین، نانمان پێکەوە خوارد و گریاین، چامان خواردەوەو گریاین، باوەشمان کرد بەیەکداو گریاین. تا بەیانی کەسمان ژیر نەبووینەوە، بەیانی بەچاوی ئاوساوەوە سواری ماشێنەکە بووم و نەمتوانی ئاوڕی لێ بدەمەوە. تا گەیشتینە سەر سنوور، من دە جار زیاتر تێلم بۆ کرد، بە سەعات قسەمان دەکرد، هەستم دەکرد بەشێکی گەورەم لەخۆم، لەگەڵمدا نەهێناوە. هەستم بە نوقسانییەکی گەورەی خۆم دەکرد بێ ئەو، من کە ڕۆیشتم، لە هەموو شار و کوچە و ئوتێل و شەمەندەفەر و دەریاکاندا، بەدرێژایی ئەو چوار مانگە، بەدرێژایی ئەو ڕێگا سەختە، دڵم لای سێ کەسی زۆر ئازیز بوو، دایکم و گێلاس و مالاک. هەستتم دەکرد دایکم بێ من تەواو

تەنیا دەمێنێتەوە، گێلاسیش دەبێتە تەنیاترین مەخلووقی سەر ئەم زەمینە، مالاکیش بە نەخۆشترین ئادەمێک من لە ژیانمدا ناسیبێتم.

## ٢٤

لە ماوەی چوار، پێنج مانگدا، من و ماردین، زمانێکی باش فێر بووین و ڕۆژی هەشت سەعات دەمانخوێند، لە ماڵیشەوە پێکەوە هەر خەریک بووین، لەو ماوەیەدا من توانیم بە شەممان و یەک شەممان ئیشێک لای برادەرێکی کورد پەیدا بکەم بە قاپ شتن لە ڕێستوورانێکدا. ئێوارەیەک لەگەڵ هاتنەوەمدا پاسکیلێکی چاک و هەرزانی دەستی دووم دەست کەوت، دیار بوو خاوەنەکەی یان پێویستی بە پارەیەکی خێرا بووە، یان هی دزی بووە؟ نازانم، بەهەرحاڵ پاسکیلێکی١٦ گێڕی خێرایی بە پارەیەکی کەم کڕی و هێنامەوە بۆ ماردین، چونکە هەمیشە لەدڵمدا بوو، کە یەکەم شت پاسکیلێکی بەدیاری بۆ بکڕم. هەر پاسکیلی بینی گەشایەوە و بەو ئێوارەیە ڕامانکردە ناو پارکی نزیک ماڵەوە و هەر بە دوو جار کەوتن و پاڵنانێک بە دە دەقیقە وەک خۆی وتی، فێری پاسکیل بوو. تا سەعات ١٢ ی شەو ئەم کچە پاسکیلی ئاژووە، دوای ئەوە بۆ هەموو شوێنێک هەر بە پاسکیل دەڕۆی و یەکێک بوو لەساتە خۆشەکانی کە منی لەدواوە سوار دەکرد و

خۆشی دەستی لێ بەردەدا و قاقا پێدەکەنی و دەیووت: ئاگات لەخۆی بێ، ئێستا دەتخەم. نازانم پاسکیل لێخوڕینەکەم باشترە یان زمانەکەم... دوای هەفتەیەک هەر لە خۆمەوە هات بەسەرمدا و کۆرسێکی فێربوونی مەلەم بۆ هەردووکمان کری، ئەمە کۆرسێک بوو بۆ گەورەکان، بە هەشت جار، هەفتەی جارێک یەک سەعات بە یەکشەممان، فێری مەلە بووین و کاتێک ئاو و هەوا خۆش بووایە، بەپاسیلەکە دەچووین و جلمان دادەکەند و خۆمان هەڵدەدایە دەریاچەکەی نزیک ماڵەوە و مەلەمان دەکرد. دڵی خەفەت دایدەگرت و دەیووت: هەموو تەمەنم لە وڵاتەکەی خۆم، بەقەت ئەم دوو، سێ مانگەی ئێرە لە سروشتەوە نزیک نەبووم. بەقەت ئەم ماوە کەمە، لەناو سرووشتدا نەبووم. من نازانم بۆچی ئەو خەڵکەی ئێمە هێندە رقیان لە سرووشتە، لە سەیرانیش لە پیسکردنی زیاتر هیچ شتێکی تر نازانین. سەیری ئەو هەموو دارە، ئەو هەموو سەوزاییە، ئەو هەموو سیحرە. ئادەی ئەو کامێرایەم بەرێ، ئەم وێنانە هەمووی بۆ فەیسبووک. ئەم سرووشتە دەکەم بە پرۆفایل، با دار بەناوی منەوە بدوێ، گەڵا دەم و چاوم بێت. با ئاو لە جیاتی من باسی خۆی بکات، با ماسییەکان لەباتی من قسە بکەن. با باڵندەکان لەجیاتی من لایکی خەڵک بکەن، با گوڵە کیوییەکان لە جێگەی من کۆمێنت بنووسن. ئەو ماوەیە یەکەمجار بوو من توانیم کەمێک پارە بۆ دایکم بنێرمەوە، ئەمە یەکەمجار بوو هەستم کرد بوومە بە پیاو و یارمەتی دایکم دەدەم. هەموو تەمەنم، من پارەم لەو وەرگرتووە، ئێستا من دەینێرمەوە. باوکم ئەو ماوەیە نەخۆش و پیر، توانای ئیشکردنی نەبوو، بۆیە ئەوەی من دەمناردەوە شوێنێکی باشی دەگرت. کە بە تێل قسەم لەگەڵ دایکمدا دەکرد، هەر دەگریا، هەر دەیناڵاند و دەیووت، ئەو برایەت چاک نابێت، هەر بەرەو خراپتر دەڕوات. بە زۆر و بە هەزار شەڕ سێ ،چوار دوکتۆرم بردووە، هەموو دەڵێن دەبێت زوو عەمالیات بکرێت.ئەویش دەڵێ نایکەم، دونیاش بێتە خوارەوە نایکەم. منیش بە تووڕەییەوە دەمووت، بەو برایەم بڵێ: دونیا نایەتە خوارەوە، چونکە

خۆی لە خوارەوەیە، بۆ نایکات؟ دەیووت: دوکتۆرێکی زۆر باش هەیە، بەس زۆر گرانە، دەمووت گوێ مەدەرێ، من ئەم مانگەی تر پارەت بۆ دەنێرم و تکا دەکەم بیبە، چەندی تێ دەچێ، با تێیچێ. دەیووت: وەی خوایە! ئەو کورە هێمنەم بۆ وای لی هات؟ ئەو کورە بێدەنگەم بۆ تووشی نەخۆشی دڵ بوو؟ منیش نەمدەزانی بڵێم چی و چۆن دڵی بدەمەوە. دەمووت:ئەوە ئاخر چونکە قسە ناکات، ئەوەی قسە زۆر بکات، کەمتر تووش دەبێت. چونکە غەمەکان لەدڵییەوە دێنە دەرەوە. دایکمیش وتی: گەر وا بوایە لەم شارەدا کەس تووشی نەخۆشی دڵ نەدەبوو. پێم وت؟ بزانە چی دەوێ من لێرە بە دیاری بۆی بنێرمەوە؟ دەیووت پێم وتووە و ئەویش دەڵێ؟ من برام نییە، من کەس لەدەرەوە ناناسم.

# ٢٥

پێش گەڕانەوەی من و تیمەکە بە ڕۆژێ، ڕێگەم دا هەر لە ژوورەکەی خۆیدا ڕیپۆرتاژێک لە بارەی ژیانی تازەی مالاکەوە بکرێت و چەند ڕۆژنامەنووسێکم بانگ کردبوو، لەناویاندا کچێکی جوانیشی تیابوو، چەند وێنەیەکی بگیرێت و چەند پرسیارێکی لێ بکرێت و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە. ئەو دوو ڕۆژە، مالاک کەمێک هێزی بۆ هاتبووەوە و دەیتوانی بە پاڵکەوتنەوە کەمێک قسە بکات، چەند وێنەیەکیان گرت و منیش لەپاڵیدا بەر یەک دوو وێنە کەوتم و ئانێک توانیم لە ڕیپۆرتاژی تی ڤی کەدا دەرکەوم و باسێکی خێرای نەشتەرگەرییەکەو ئەنجامەکانیم کرد، ڕۆژنامەنووسەکە لێی پرسی؟ هەستت چۆنە؟ پێت خۆشە دوو دڵت هەیە؟ ئەویش وتی نا، بڕوا ناکەم، چونکە هەمیشە کەسێکی دوودڵ دەبم. لێی پرسییەوە: تۆ یەکەم کەسی لەدونیادا دوودڵت هەیە، کام دڵیان بڕیار دەرەوە، کامیان زیاتر و خێراتر لێدەدا و بەسەر ئەوی تردا زاڵە؟ ئەویش وتی نازانم، دەبێ کچێکی جوان ببینم تا بڕیار بدەم. کچە ڕۆژنامەنووسەکەش بە پێکەنینێکەوە هاتە پێشەوە و

وتی ئەی ئێستا؟ مالاکیش یەکەم جار بوو لە ژیانیدا سەیری کچ بکات، وتی: هەردووکیان، هەردووکیان وەک شێت لێدەدەن.هەموومان پێکەنین. لێیان پرسی: ئایا بە دوو دڵەوە دەتوانی ژیانێکی ئاسایی بژیت؟ ئەویش کەمێک بیری کردەوە و وتی: ئازیزان! من بەدڵێکەوە قەت ژیانێکی ئاسایی نەژیاوم، بڕوا ناکەم بەدوودڵیشەوە بتوانم. هەرچەند دەڵێن ژیان بەدڵە، دڵ ئیمزای لەسەر هەر شتێک کرد تەواو. گەروابێت، من دوودڵم هەیەو دەبێت دڵـم زۆر خۆش بێت، بەس ڕەنگە ئەو پرسیارە لە دوکتۆر بکەن باشترە، بزانین ئەو قەڵەمەکەی داوە بە کامیان بۆ ئیمزا؟ منیش بەپێکەنینەوە وتم: جارێ فریای قەڵەم و شت نەکەوتووم، ئەوە ماوەیەکی تر. سوپاسم کردن و هەموویانم ئیزن دا و کردە دەرەوە تا سیزیف ئیسراحەتی خۆی بکات، ڕووم تێ کرد و وتم: سبەی ئێوارە دەڕۆمەوە، پێش ئەوە دێم پشکنینێکی باشت دەکەم ئینجا جێتدێلم، بۆ بەیانی کە پشکنینم کرد، هەموو شتێک باش بوو، ئەوە زۆر دڵی خۆش کردم، پێم وت: گەر ئاوا باش بیت، دوو هەفتەی تر، دەتوانی کەمێک بەژوورەکەدا پیاسە بکەیت، ڕۆژی یەکەم تەنها چەند دەقیقەیەک، دوای ئەوە دەتوانم کاتەکانت بەرە بەرە بۆ زیاد بکەم. سەرەتا با سیستەرەکە یارمەتیت بدات، دوای ئەوە کەست ناوێ، بەڵام گەر هەستت بە ماندوێتی و گێژی کرد پیاسە مەکە. کە من لێرە نەبم، ئەو دوکتۆرەی بۆم داناویت، دوکتۆر مانی، ئەو بڕیاری هەموو شتێک دەدا و لەهەموو شتێکدا بەقسەی بکە، من هەمیشە پەیوەندیم لەگەڵیدا دەبێت و ئەویش بێ من هیچ ناکات. بۆیە لەوەدا بێ غەم بە. کە گەڕاشمەوە ئێرە بە بەردەوام لەگەڵیاندا پەیوەندیم هەبوو، لەماوی سێ مانگدا هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە دەچوو، هەموو شتێک بەو شێوەیە بوو، کە من پلانم بۆ کردبوو، خێرا بۆ ڕۆژێک سەرێکم لێ دایەوەو پشکنینێکی خێرام کرد و دڵم بە ئەنجامەکانی زۆر خۆش بوو. ئەو ئیتر دەیتوانی نەک لە ژوورەکەی خۆی بەڵکو کەمێکیش لە حەوشە، لە باغچەکەدا کەمێک پیاسە بکات و دانیشێ، لێرەش کە دەهاتمەوە، جار بە

جاریش قسەم لەگەڵ دەکرد دەیووت، کە هەست دەکات باشە و بێهێزییەکەی نەماوە، منیش لێرە تەواو سەرقاڵی پەیداکردنی دڵیک بووم، کە ماوەیەکی تر بۆی بەرمەوە و لە جێگەی دڵە نەخۆشەکەی بۆی دابنێم. هەرچەند حەزم دەکرد ئەو لێرە بوایە و هەموو ئیشەکانم لێرە بۆ بکردبایە، هەم بۆ من ئاسانتر بوو، هەم خێراتر، بەڵام هاتنی ئەو کاتێکی زۆری دەویست و حەزیشی زۆر لەوە نەبوو بێت بۆ ئێرە و تکایە کەس پرسیاری ئەوەم لێ نەکات بۆ؟ هەروەها ریسکی ئەوەم نەدەکرد بە فرۆکە بیهێنم تا فشارێکی زۆر نەچێتە سەر دڵی و لێدانی دڵی بگۆرێت و بەشێوەیەکی خراپ بکەوێتەوە .دەبێ ئەوە بڵێم وەک وتم هەموو شتەکان باش بوون، تەنها جارێک نەبێت رووداوێکی ناخۆش، ئینسیدێنتێک رووی دابوو کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا بیگێرمەوە، ئەویش کاتێک هەندێ گوڵی بۆ هاتبوو لە کەسێکەوە، وا بزانم لە هەمان ئەو رۆژنامەنووسە کچەوە، کە یەکەم جار چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لەگەڵ کردبوو، نازانم بۆ توورە دەبێت و گوڵدان و گوڵەکە بەهەرچی هێزی خۆی هەیە دەکێشێ بە عەرزا و هەندێ شتی ژوورەکەش دەشکێنێت، جارێک یان دوو جاریش دەقیژێنێ بەسەر سیستەر و دوکتۆردا و دوو سێ شتی تریش دەشکێنێت. من دوایی بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد و هێمنم کردەوە و داوای لێبووردنی کرد و وتی ئیتر دووبارە نابێتەوە، کە پرسیم بۆ گوڵدانەکەی شکان؟ وتی بڕوا بکە دوکتۆر گیان! خۆشم نازانم بۆ؟ حەزم کرد بزانم ئایا دڵم دێ شتی وا بکەم، چونکە قەت لەژیانمدا شتی وام نەکردبوو، گوڵدان بەم بە عەرزا، هەر وا حەزم کرد تاقی بکەمەوە. منیش بە پێکەنینەوە وتم: ئینجا ئازیزم ئێمە هەزارەها و بگرە ملیۆنەها شت هەیە، کە تاقیمان نەکردۆتەوە، گەر بیانکەین ڕەنگە دونیا قلْپ کەینەوە. ئەویش وتی: حەزم کرد بزانم کام دڵەیان پێی خۆشە و کامیان پێی ناخۆشە. دوای ئەوەی ئەوە بلاوبووەوە، من لێرەوە ڕێگەم دا چاوپێکەوتنێکی خێرا لەگەڵ رۆژنامەنووسێکدا بکات و ئەو رووداوە باس بکات تا لەوە زیاتر گەورە

نەکرێت، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەنووسەکە پرسیاری لێ دەکات، ڕات بەرامبەر کوشتنی ئینسان چییە؟ دڵت بۆ شتێکی وا دەڵێ چی؟ ئەویش بە گاڵتەوە دەڵی؟ نازانم، بەس ڕەنگە گەر ئێستا تۆ بکوژم ئاسان بێت و دڵێک لە پلاتین هیچ نەڵیت. شتەکە دیسانەوە لە مێدیاکاندا گەورە کرایەوە و من لێرەوە جارێکی تر قسەم لەگەڵ کردەوە و وتم بۆ وات وتووە؟ وتی: بروا بکە دوکتۆر، پرسیارەکانی زۆر قوڕ و ناخۆش بوون، ویستم لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، وتی: ئای خوایە! لەم ڕۆژنامەنووسانەی ئێستا، زۆربەیان نەزمان باش دەزانن و نە پرسیار. وتم ئاخر رۆڵە ئەو وەڵامانەی تۆ دوای ڕۆژێک دەگاتە ڕۆژنامەکانی ئێرەش و ئەوە بزانە ئەوە بۆ منیش زۆر باش نییە، وتی: تەواو بروا بکە، زۆر داوای لێ بووردن دەکەم دوکتۆر گیان، بمبەخشە .شتی وا ناکەمەوە .منیش وتم باشە ئازیزم بڕوات پێ دەکەم. بەڵام بەڕێزان! هەموو ئەو شتانەی دوایی روویان دا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوون و من ئاگام لێیان نییە و ڕوودانیان تەواو لەکۆنترۆڵی من چووبوونە دەرەوە. بۆیە حەزم کرد لەزمانی منەوە ببیستن نەک لەشوێنی ترەوە. من ناڵێم نەخۆشەکەم تەواو فریشتەیە، بەڵام گەر خودا ڕۆژێک پێویستی بە فریشتەی زیادە هەبوو، ناچار بوو سەیرێکی فەرمانگەی ئیش دۆزینەوەی بکات بۆ دامەزراندنی هەندێ فریشتە، ئەوا لای من سیزیف یەکێ دەبێ لە کەندیداتەکانی، بێ شک یەکێ دەبێ لەوانەی شانسێکی زۆری دەبێت تا ئیشی وای بەرکەوێت، من لێرە تەنها ئەوە دەگێڕمەوە کە بیستوومە و ئاگام لێیەتی، بەڵام خۆتان حوکم بەن ئازیزان، خۆتان حوکم بەن.

# ٢٦

هەر کە گەیشتینە ئێرە، هەستم کرد هێندە هیلاکی ڕێگام، قەت ئەو هیلاکییە لەڕۆحم ناچێتە دەرەوە. لەو ڕێگایانە، هێندە دەستیان بڕین، هێندە گاڵتەیان پێ کردیین، تەواو بڕوام بەوە هێنا، کە یەکێ لە سیفاتە ناشرینەکانی ئینسان ئەوەیە لەسەر نەهامەتیی و ئازاری کەسانی تر دەژی و خۆی دروست دەکات. بەڵام من بەختەوەر بووم، کە چالاکم لەگەڵدا بوو، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە ئەو پیاوە هەموو هەوڵی دونیای داوە دڵی من خۆش بکات، هەنگاو بە هەنگاو لە هەوڵی ئەوەدا بوو خەونەکانم بێنێتە دی. گەر بەڕێکەوت لە دونیایەکی تردا شانسی ژیانێکی ترم هەبێت و پرسیارم لێ بکەن و بڵێن تۆ لە ژیانی یەکەمتدا کەسێکت ناسیووە ناوی چالاک بووە، حەز دەکەی بیبینیتەوە و بچیت بۆ لای و لەگەڵیدا ژیان بەش بکەیتەوە؟ بێ دوودڵی دەڵێم بەڵێ، هەر ئێستا بمنێرن. ئەوە بۆ وەستاون و نامنێرن؟ بەڵام هەموو ئەو شتانەی دوایی ڕوویان دا، بەدەست من نەبوون، نا، بەدەست من نەبوون. وەک وتم من هەندێ جار ئازارێک لە مەمکی چەپمدا دروست دەبوو، لێرەش

کە گەیشتین، دڵم بەوە خۆش بوو، کە ئیتر لێرە باشتر دەتوانم پشکنینی خۆم بکەم و ئاگام لە تەندورستی خۆم دەبێت. لێرە هەر دوای چەند مانگێک لە هاتنماندا وەک پەناهەندەیەک، هەر لە کامپی پەناهەندەکانەوە،جارێ ئیقامەمان دەرنەچوو بوو ناردیانین بۆ هەموو جۆرە پشکنینێک، من لەوێ یەکسەر بە دوکتۆرەکەم وت: کە شتێکی وا هەست پێ دەکەم. وتی : ئۆکەی تێلت بۆ دەکەینەوە. ماوەیەکی پێ چوو، خانووەیەکی دوو ژووریان پێ داین و ئیمەش، من و چالاک خەریکی زمان و وردە سەفەری وڵاتانی دراوسێ و فێربوونی پاسکیل و وردە ئیش و پیاسەی ناو سروشت و مەلەکردن بووین، کە داوام لێ کرا بچم بۆ سەردانی دوکتۆرەکەم. لەوێ دوکتۆر پێی راگەیاندم کە دوو لووی بچووکی بینیووە لە مەمکی چەپیدا و دەبێ بە زووترین کات هەندێ پشکنینی وردی بۆ بکرێت، چونکە ئەو لووانە شتێک نین مرۆڤ فەرامۆشیان بکات. چونکە ئەگەری بڵاوبوونەوە هەیە. من وشک بووم لەشوێنی خۆم، ئەو پەرداخێک ئاوی بۆ هێنام و وتی: مەترسە جارێ! خۆت دەزانی لەسەدا سێ تا لەسەدا پێنجی ژنان جارێ تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن و زۆر جار بەئاسانی رێگای باش بۆ چارەسەرکردنی دەگیرێت. ئەوانەی لەسەر و تەمەنی پەنجاوەن زیاتر ریسکی تووشبوونیان هەیە. تۆش ژنێکی گەنجی و جارێ مەترسە. من جارێ ناتوانم هیچ شتێکت پێ بڵێم تا ئەو پشکنینە تازانە نەبینم کە خۆم دەمەوێت. تۆ ئێستا دڵت هیچ نەکات، تا ئەوسا ژیانی ئاسایی خۆت بژی و با بزانین چۆن دەبێ. ئێستا چەندەها چارەسەر هەیە بۆ گرفتێکی وا. کە گەڕامەوە، هیچم بە چالاک نەوت، بەڵام ئەو هەمیشە پرسیاری دەکرد، بۆ وا غەمبارم؟ من هەموو شتێکم دەکرد تا وای پیشان بدەم کە دڵم خۆشە و بە ڕاستیش لەگەڵیدا وەک منداڵێک دڵم بە دونیا خۆش بوو. هەمیشە سوپاسی ئەو چارەنووس و ڕێکەوتەم دەکرد کە لە ژیاندا منی بەو ناساند و منی خستە سەر ڕێگای ناسین و هەڵبژاردنی ئەو، کە هەمیشە بە ئێوارە زێڕینەکە ناوی دەبرد.

# ٢٧

ئازیزان! من شەوێکیان خەونێکم بینی، پێویستە لێرەدا وەکو خۆی بیگێڕمەوە. من و ماردین، دەستی یەکمان گرتبوو، بەناو سەوزاییەکی بێ سنووردا ڕامان دەکرد و سوپاسی گوڵ و پەپوولە و بەرد و دارمان دەکرد بۆ ناسینی یەکتری. من پێم دەوت: خانمی ئازیز! بیرتە، ئەو ئێوارە زێڕینەت بیرە، کە منت هەڵبژارد؟ ئەویش قاقای لی دەداو دەیوت: ئێستاش لای تۆ زێڕینە و نایگۆڕی؟ دەمویست وەڵامی بدەمەوە، هێزێک ڕێگەی نەدەدام وەڵامی بدەمەوە. دەیووت: ئەوە ملوانکەکەی منە تا ئێستاش لەملتایە؟ دەموت: بەڵێ لەو ڕۆژەوەی لە ملم کردووە، دوای ئەوە قەت دامنەکەندووە. با بەوێوە بۆ ئەبەد هەڵبواسرێ ئەویش دەیووت: ئاخر ئەوە دڵێکە لە بەرد، نە من دڵی وام هەیە و نە تۆ، منیش دەموت، هەر کاتێ من جێم هێشتی، ئەوە با دڵی من بێت و هەر کاتێ تۆ جێت هێشتم ئەوا تۆ دڵێکت هەیە لە بەرد. لە پڕ هەردووکمان کەوتینە شوێنێکی سەیرەوە، وەک (لابرینت)ێک وا بوو، شوێنێک هەزار بە هەزار پەنجەرە... هەزار بە هەزار ژوور، لەم پەنجەرە

دەڕوات بۆ ئەو پەنجەرەو لەم دەرگا بۆ ئەو دەرگا، هەندێ جار دەمبیست هاوارێک دەکا، قسەم دەکرد و ئەو گوێی لێ نەبوو، وەڵامی نەدەدایەوە، دەموت: تکایە ئەو یارییەم لەگەڵ مەکە، خۆتم لێ مەشارەوە، لەپڕ گوێم لێ دەبوو، دەیووت: ناتوانم، تۆ لەکوێیت؟ وەرە.. وەرە بۆ لام من لێرەم. تەواو لە تەنیشتەوەم. دەچوومە ژوورەکەی تر، بەنێوان چەقۆ و گوێزانەکاندا تێپەڕ دەبووم، هەندێ جار نووکێکی تیژ لە دەست و قاچم دەچەقین و خوێن فیچقەی دەکرد، دەمووت ئەوەتام، بۆ لێرە نیت، دەنگ نەبوو، هەموو شوێنێک تاریک بوو، هەموو شوێنێک کش و مات. کە خەبەرم بووەوە، هەستم کرد هەموو گیانم ئاوە، هەستم بە بێهێزییەکی زۆر کرد، سەیرم کرد ماردین هەستاوە و خۆی گۆڕیوە و چاوەڕێی من دەکات لەگەڵیدا نانی بەیانی بخۆم و بچین بۆ دەوامی خوێندنی زمان، منیش وتم: من ناتوانم ئەمڕۆ بێم، هەست دەکەم نەخۆشم و ئەمڕۆ لەماڵەوە دەمێنمەوە. تۆ ئەمڕۆ بێ من بڕۆ. ئەم شەو خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی، خەونی چی؟ نا، زۆر گرنگ نییە ئازیزم، تۆ بڕۆ با دوانەکەویت.

# ٢٨

ئازیزان! ئەوەی کە ڕووی دا و من ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە، هیوادارم هیچ کەسێک نە هیچی بۆ زیاد بکات و نە هیچی لێ هەڵبگرێت. چونکە درۆی زۆری بەدەمەوە کرا و خەریکە هەموو پەتەکانمان لەدەست دەرچێت و هەموو ئیشەکەمان دێتەوە سەر سفر. زۆربەی ئەم شتانە مالاک خۆی بۆی گێڕاومەتەوە. من دەزانم ئەو کوڕە هەموو شتێک بزانێت درۆ نازانێت. بیشیزانێت ئیشی پێی نییە، هەندێ کەس کە درۆزن نین هی ئەوە نییە نازانن درۆ بکەن، بەڵکو هی ئەوەیە ڕقیان لێیەتی و ئیشیان پێی نییە، مالاکیش یەکێکە لەوانە. هەروەها دایکی هەندێ شتی باس کردووە، کە خزمەکانم لەوێ گوێیان لێ بووە و بۆ منیان گێڕاوەتەوە، بەتایبەتی شێرۆی برازام. هەروەها دوکتۆر مانی کە سەرپەرشتی مالاک دەکات و من بەردەوام ئێستاش بە تەلەفۆن پەیوەندیم لەگەڵیدا نەپچڕاوە. چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕۆژە ناخۆشانەی کە شکاندنی گوڵدان و هەندێ شتی ژوورەکەی مالاک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە، زۆر کەس بە دزییەوە دەڕۆشتن و لە پەنجەرەی

ژوورەکەیەوە کە نزیک باخچەیەکی بچووک بوو، هەندێ جار هەندێ ڕۆژنامەنووس لە پەنجەرەکەوە وێنەی مالاکیان دەگرت و بە ڕۆژنامەکانیان دەفرۆشتەوە. بە تێل هەموو ئەو شتانەیان بە من وت، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەوە مالاکی زۆر تووڕە کردبوو، بۆیە بە زووترین کات، فەرمانم دا پەردەی ژوورەکەی بە قوماشێکی زۆر ئەستوور و تایبەت کە لێرە من خۆم بۆم پەیدا کرد و لە ماوەی چەند سەعاتێکدا لە فرۆکەخانەوە بۆم ناردەوە، قوماشێک کە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەبیندرێت و لە دەرەوە بۆ ناوەوە هیچ شتێک دیار نییە، تەواو وەک ئەو جامی ڕەشی ئۆتۆمبیلانە کە هەیە و دەیزانین. بەمەش مالاک زۆر دڵخۆش دەبێت و کەمێک ئارامیی بۆ دەگەڕێتەوە. هەموو ئەوانە دەبینێت بە خۆیان و کامێراکانیانەوە دێنە بەر دەمی پەنجەرەکەی و پڕ بەدڵ بە جووڵانیان پێدەکەنێت و لە ژوورەوە هەندێ دەنگ دروست دەکا تا بیانترسێنێ و ئەوانیش هەڵدێن و ئەمیش قاقا لێ دەدا. ئێوارەیەک لە ئێوارەکان، کە لە ژوورەوە بە شەترەنجێکی بچووکی موگناتیس یاری لەگەڵ خۆیدا دەکات. لە پەنجەرەکەیەوە کوڕێکی ڕۆژنامەنووس دەبینێ بە برینداری لە شەقامەکەوە بەسەر دیواری نزمی نەخۆشخانەکەدا بە شپرزەیی خۆی هەڵدەداتە ناو باخچەکەوە و لەبەردەمی پەنجەرەی مالاکدا دەکەوێ و خوێنی لەبەر دەڕوا و بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەدرێت. ئەمیش ماوەیەک سەیری دەکات، نەکا گاڵتە بێ، یەکێ بێت بیەوێت وای لێ بکات پەردەی پەنجەرەکەی لابدات و وێنەی بگرێت. کاتێک لێی ورد دەبێتەوە، سەیر دەکات چاوانی درۆ ناکەن و ئەو خوێنە، خوێنی ڕاستییە لەبەری دەڕوات نەک دۆشاوی تەماتە. خێرا پەردەکان لادەدات و پەنجەرەکە دەکاتەوە و هەر بە شەترەنجەکەی دەستییەوە، باز دەداتە دەرەوە و دەگاتە سەری، کوڕە گەنجەکە نووزەیەکی زۆر کەمی تیا ماوە و بە ئاستەم بە مالاک دەڵێ: لێیان دام و بە چەقۆ دەیانەوێ بێدەنگم بکەن، فریام کەوە هەناسەم بۆ نادرێ، ئەو خوێنە بوەستێنە. مالاکیش بەدەست دەیەوێ

خوێنەکە بوەستێنێت و ناوەستێت و هەموو دەست و گیان و شەترەنجەکەی دەبێت بە خوێن. لۆکە بێنە، تۆزێ ئاو بێنە خەریکە دەخنکێم. چەقۆیەکیش بێنە با بیانترسێنین، ئێستا دێن. ئەویش ڕادەکاتە ژوورەوە و بتڵێکی ئاو و تۆزێ لۆکە و چەقۆیەک لەگەڵ خۆیدا دەبات و پێش ئەوەی بگاتە سەر کوڕە بریندارەکە، سیستەرەکە دیتە ژوورەوە بۆ پشکنین مالاک و دەیبینی لە پەنجەرەکەوە قەڵەم باز بۆ دەرەوە و بە دەستییەوە چەقۆیەک دەبینێ وبە لەشێکی بریندارەوە هاوار دەکات و دوکتۆر و خەڵکانی زۆر ڕادەکەنە ژوورەوە و سستەرەکە هاوار دەکات، مالاک بگرن و فریای بکەون. مالاکیش لەو کاتەدا چەقۆیەک بە دەستییەوە، هەوڵ دەدا چەقۆکەی لەشی ڕۆژنامەنووسەکە دەربێنێ کە دوو کەس و دوکتۆر دەگەنە سەری و هەر دوو چەقۆکەی لەدەست دەردێنن و لەو کاتەدا کوڕە بریندارەکە هەناسەی نامێنیت و دەمرێت.

## ٢٩

بەلام من هەر ئازارم هەبوو، دەمزانی هەڵەیەک هەیە، نەمدەتوانی ژیانی ئاسایی خۆم بژیم، تا دوای چەند ڕۆژێک دوکتۆرەکەم تێلی بۆ کردمەوەو بانگی کردم. کە دەم و چاوی دوکتۆرەکەم بینی، هەستێکم کرد کە هەواڵێکی باشی پێ نییە بۆ من، وتی: ماردین دانیشە و بە وردی گوێم لێ بگرە! ئەنجامی پشکنینەکان هاتۆتەوە و دڵخۆشکەر نییە، مەمکی چەپت چەند لوویەکی گەورە و بچووکی تیایە و من پێش تۆ لەگەڵ چەند دوکتۆرێکی هاوڕێمدا لێرە پێکەوە سەیرمان کرد و لەگەڵ یەک قسەمان کرد و ئەوانیش وەکو من پێیان باشە، کە بە زووترین کات مەمکی چەپت ببڕینەوە تا بڵاو نەبێتەوە. تۆ چۆن هەستت پێ نەکردووە؟ وتم با، هەر زۆر دەمێکە هەندێ جار هەستم بە ئازار دەکرد، هەر لە وڵات پێش ئەوەی بێم. وتی: بە داخەوە دەبوایە زووتر کۆنترۆڵی بکەیت، هیوادارم بڵاونەبووبێتەوە، بەم زووانە کاتێکت بۆ دادەنێین و دەیبڕینەوە، دوای ئەوە کۆنترۆڵێکی وردت دەکەینەوە و بزانین چۆن دەبێ؟ کە ئێوارە هاتمەوە زۆر بێتاقەت و ماندوو

بووم، هەستم دەکرد هەموو گیانم دێشێ، ئەو ڕۆژە چونکە چالاک لەماڵەوە بوو، لەگەڵمدا نەهاتبوو بۆ خوێندنی زمان، خواردنێکی خۆشی لێ نابوو، بەڵام من هیچم پێ نەخورا و تەنها دڵم بەوە خۆش بوو، کە چالاک لە جێگادا بۆی نەکەوتووە دوای بینینی ئەو خەونە ناخۆشەی نەخۆشی خستبوو. کە هاتمەوە هیچم بە چالاک نەوت، وتم تازە دوایی شەو پێی دەڵێم. بە درێژایی ئەو ئێوارەو شەوە من بێدەنگ و سڕ، نەمدەزانی چی بڵێم، چووم و دوشێکم کرد و وتم من دەچمە سەرجێگا و رادەکشێم، ئەویش وتی : ئەوە چیتە ئازیزم! دە قسە بکە، منیش وتم زۆر ماندووم و گەر پێت خۆشە تۆش وەرە و کەمێک قسە دەکەین، وتی: باشە وا دێم. کە هات سەرم کردە سەر سینگی، قژم بەسەر هەموو تووکی سینگ و قۆڵیدا بڵاوبووەوە. ئەویش بۆنی کرد و وتی: هەمیشە بۆنی قژی تۆ خۆشترین عەتری دونیایە. وتم: دەزانی من ئێستا حەزم لەچییە؟ وتی : ئەیەڕۆ ژنەکە، حەزت لەماچ نەبێ؟ وتم: با وەڵا خۆ ئەوەشیان خراپ نییە، شتێکی تریشم حەز لێیە؟ وتی فەرموو ئەمر بکە، وتم حەزم لە حیکایەتە، نازانم بۆ؟ هەست دەکەم حیکایەت تەنها بۆ منداڵان نییە. دەتوانی حیکایەتێکم بۆ بکەیت؟ وتی بەسەر چاو، هەر تۆو حیکایەت. بەڵام دەترسم حیکایەتت بۆ بکەم و خەوت لێ بکەوێت و من بێ ماچ لەم ناوە بمێنمەوە. وتم: ئەوە دەبمە بەختەوەرترین کەسی ئەم دونیایە. بەم گەورەییە بە حیکایەت بخەوم چیم دەوێ؟ کێ شتی وای دەست دەکەوێت؟ وتی: بەڵام هەست دەکەم شتێکی تر هەیەو ناتەوێ پێم بڵێیت، لە نێوان وتن و نەوتندا تیاماویت؟ وتم: تۆ جارێ دەست بکە بە حیکایەتەکەت، هەست دەکەم ئەو حیکایەتە باشتر لە من قسە بکات، هەست دەکەم هەندێ جار حیکایەت تاقە هونەرێکە بە ناوی ئازارەکانمانەوە دەدوێ، دەبێتە نمایندەی ڕاستەقینەمان، کە حیکایەت قسەی کرد، پێویستە هێندە ڕێزی بگرین، هەموومان بێدەنگ بین.

# ٣٠

ڕۆژێک لە ڕۆژان، پادشایەک هەبوو، لە هیچ شتێکی ئەم دونیایە هەیە نەدەترسا، مردن نەبێت. قەت منداڵی نەدەبوو، هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو، ژنەکەی منداڵێکی ببێت و لە دوای خۆی جێگەی بگرێتەوە. هەموو پزیشک و زاناکانی وڵاتەکەی داوەتی کۆشک کرد، تا ڕێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە و دەرمانێک بۆ ژنەکەی دروست بکەن تا منداڵی ببێت. هەموو هەوڵێکیان بێ سوود بوو، تا ڕۆژێک ژنێکی جادووباز، دێتە لای پادشا و پێی دەڵێ کە ئەم شلەمەنییەکی لە ناو شووشەیەکدا هەیە، کە نرخەکەی زۆر گرانە، بەڵام گەر بیدات بە ژنەکەی ئەوا منداڵی دەبێت. پادشا بەم قسەیەی زۆر دڵی خۆش بوو، وتی: گەر ئەم شووشە ئاوە بدەی بە ژنەکەم، چەند پارەت دەوێ دەتدەمێ، ژنی جادووباز وتی: خشڵ و زێڕم بەقەت ئەم ژوورە دەوێ. پادشاش ئەمری کرد بۆی بێنن، سندووق دوای سندووق، دۆڵاب دوای دۆلاب، باوڵ دوای باوڵ، بووراق دوای بووراق ،خشڵ و زێڕیان بۆ هێناو ژوورەکەیان بۆ پڕ کرد، ئەویش وتی: فەرموو ئەمە شووشە پڕ ئاوەکەیە، ژنەکەت دەبێ

هەمووی بەجارێک بخواتەوە. پادشاش وتی: باشە، گەر تۆ ئێستا ئەم زێڕ و خشڵانە بەریت، ئەی ئەگەر ژنەکەم منداڵی نەبوو، جادووبازیش وتی: گەورەم! ڕێگەم بە تا ژنەکەت منداڵی دەبێت، لێرە بمێنمەوە، کەی ژنەکەت منداڵی بوو، ئەوسا دەڕۆم. هەر سێ، چوار مانگ تێپەڕی و بە ئاشکرا دیار بوو ژنەکە وردە وردە سکی بەرز دەبێتەوەو لە وڵاتدا جار درا، کە پادشاژن سکی هەیە و لە هەموو لایەکِ کرا بە ئاهەنگ. کە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تێپەڕی، ژنی پادشا کوڕێکی جوانی بوو، پادشا هاتە لای ژنی جادووباز و سوپاسی کردو وتی: هەموو خشڵ و زێڕەکانت بەرە، حەڵاڵی خۆتە، ئەویش وتی زۆر سوپاس پادشا، پێویستم بە عەرەبانەیەکی گەورەیە تا هەمووی بەرم، پادشا پرسیاری کرد بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ژنەجادووبازیش وتی: بەرەو وڵاتی دراوسێ. ڕۆژێک دوای ئەوە، ئەو کەسەی دواڕۆژ بۆ پادشا دەخوێنێتەوە، لەوە دەترسێت، کە کوڕە پادشا زوو گەورە بێت و جێگەی باوکی بگرێتەوە و ئەم لەئیش دەربکات. دێتە لای پادشا و دەڵێ، پادشای ئازیز! زۆر داوای لێ بووردن دەکەم، بەس ئەم کوڕەی بووتانە کاتێک گەورە بێت، دەتکوژێت و شوێنت دەگرێتەوە. پادشاش هەمیشە متمانەی زۆری بەو کەسە هەبوو، کە هەمیشە دواڕۆژی بۆ دەخوێندەوە، وەک لەسەرەتاشدا وتم کە پادشا لە هیچ شتێک نەدەترسا، لەمردن نەبێ، بۆیە یەکسەر بەقسەی دەکات و ڕاوێژکارەکانی کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێ: چی لێ بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن ، بیکوژە پادشا، باشترە، ئەویش هەر چەند بیری لێ دەکاتەوە، دڵی نایەت تاوانێکی وا بکات، بۆیە فەرمان دەدا، کە بیبەن لە دارستانێکی چڕ و پڕدا، خانوویەکی بۆ دروست بکەن، کە ڕێگای دەرچوونی تیا نەبێت، بە هەر شوێنێکدا بڕوێت، بتهێنیتەوە بەردەمی خانووەکە. ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، کوڕە لەو دارستانە جڕو پڕەدا گەورە دەبێت،چەند جارێک هەوڵ دەدات بڕوات و هەر ڕێگایەک دەگرێت، دەیهێنیتەوە بەردەمی خانووەکەی خۆی. بۆیە واز لەو خەیاڵانە دێنێت و ژیانی خۆی دەژی، چونکە هەموو شتێکی

هەیە بۆ خواردن و پادشای باوک هەر لە منداڵییەوە هەمیشە بەدزییەوە بەهۆی بەردەستەکانییەوە خواردنی بۆ دەنێرێت و کوڕەش لەو جەنگەڵەدا قەت بێ خواردن و ئاو نەبووە. هەموو بەیانییەک کاتێک لەخەوهەڵدەستێت، بە دەستێکی پەرداخێک شیر، کە پڕە لە هەنگوین و بە دەستەکەی تری مقەستێک دەگرێت بە دەستییەوە تا لق و پۆپ و گەڵاو لاسکی ئەو گوڵ و درەخت و گیایانە ببڕێت، کە جادووبازێک لەو جەنگەڵەدا ڕوواندبوونی و هەموو ڕۆژێ وەک شێت زیادیان دەکرد و بێ برانەوە گەورە دەبوون، بۆیە ئەم کوڕە هەر لە تەمەنی زۆر زووەوە بەیانیان هەڵدەستا و بە مقەستەکەی تێی دەکەوت تا کورتی دەکردنەوە، هێندە بوو بوو بەوەستایەکی لێهاتوو، هێندە خێرا کە پەلکە گیا و لقەکان فریا نەدەکەوتن زۆر درێژ و گەورە بن. هێندە خێرا و لێهاتووانە دەیبڕین بە سەعاتێک هەمووی کورت دەکردنەوە، ئەمە ئیشی دەبێت هەموو بەیانییەک، بەڵام هەمیشە شتێک لەدڵیا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن لەم جەنگەڵە بچێتە دەرەوە؟

## ٣١

مالاک بە لەشێکی خوێناوییەوە، هەر لە پەنجەرەکەوە دەهێننەوە ژوورەوە. خەڵکانێکی زۆر لەسەر دیوار و ناو جەوشەوە سەیری رووداوەکە دەکەن و کەس نازانێت چی رووی داوە. دوکتۆر پرسیار لە مالاک دەکات و مالاکیش توورە دەبێت و دەڵی: بۆ تۆ وا دەزانی من بەر چەقۆم داوە، وا دەزانی من کوشتوومە؟ سیستەرەکەش سەیری دوکتۆر و مالاک دەکات و پێی دەڵی کاکە مالاک، من تۆم بە چەقۆوە بینی هێرشت کردە سەر رۆژنامەنووسەکە، بە چەقۆو لەشێکی خوێناوییەوە تۆم بینی لەسەر لاشەکە. خۆ من چاوم بەدرۆ ناخەمەوە؟ مالاکیش زۆر دەشڵەژێ و هەموو گیانی دەلەرزێت و بە رستەی پچڕ پچڕ دەیەوێ باسی ئەوەیان بۆ بکات کە ئەم ویستوویەتی یارمەتی بدات و ئەو برینداری هاتووەتە بەر دەمی پەنجەرەکەی و داوای یارمەتی لێ کردووە. دوکتۆرەکانی ئەوێ هەوڵێکی زۆر دەدەن گیان بکەنەوە بە بەری رۆژنامەنووسە کوژراوەکەدا و دڵی بخەنەوە کار، هەموو هەوڵێکیان بێ سوود دەبێت، لە لایەکی ترەوە تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکرێت و ئەوان بە زووترین

کات دێن، بەڵام دوکتۆرەکە هەموویان لەژوورەکەی مالاک دەکاتە دەرەوەو داوا دەکات، کە ئێستا واز لە مالاک بێنن بێتەوە سەر خۆی، هاواریان لێ دەکات، وازی لێ بێنن! ئەو کوڕە خۆی نەخۆشەو دڵی بێ هێزە. لەو ناوەدا چەند کەسێک پێش ئەوەی دوکتۆر فریا بکەوێت هەموان بکاتە دەرەوە، بە مۆبایلەکانیان هەوڵ دەدەن چەند وێنەیەکی مالاک بە جلی خوێناوییەوە بگرن. هەواڵەکە زوو لە فەیس بووک و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە باس و خواس و قسەیەکی زۆر، لەم لاشەوە دوکتۆر مانی لەلایەک خەریکی هێمن کردنەوە و ڕێگری کرتنی هاتنە ژوورەوەی پۆلیسە و لەلایەکی ترەوە خەریکی ئارامکردنەوەی مالاکە کە حاڵی پەرێشانە و بە ئاستەم هەناسەی بۆ دەدرێت و بە دەستێکیش تێل بۆ من دەکات و بۆم دەگێڕێتەوەو دەڵێ چی بکەم؟ منیش وتم لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ تۆ مالاک ئارام بکەیتەوە و پشکنینی بۆ بکە، پێش ئەوەی بزانیت ئەو شتی وای کردووە، یان نا؟ چونکە ئەوە ڕیسکی ئەوەی تیایە کە هەموو باری تەندروستی بخاتە مەترسییەوە. من حەقم بەوەوە نییە مالاک پیاوکوژە یان نا؟ ئەو نەخۆشی ئێمەیە و ئێمە لێی بەپرسیارین. هەر چەند بەچاوی خۆشم بیبینم بڕوا ناکەم ئەو شتی وا بکات. بۆیە هەموان بکەرە دەرەوە و دەرگاکەی بە کلیل دابخە تا کەس نەچێتە ژورەوە و خۆت بڕۆ ژوورەوە و قسەی لەگەڵدا بکەو پشکنینی بۆ بکە و وەڵامم لێ بگێڕەوە. ئەویش وا دەکات، پۆلیسەکانیش دەڵێن باشە بەم شەوە دەڕۆین و بەیانی دێینەوە، پۆلیسێک لەبەردەمی دەرگای خەستەخانەکەدا دادەنێن و ئەو ناوە بەجێدێڵن. کە دەچێتە ژوورەوە و مالاک بەتەنیا کەمێک هێمن دەبێتەوەو لێدانی دڵی دێتەوە باری خۆیی و هەناسەیەکی قووڵ دەدات و دەڵێ: بڕوا بکە دوکتۆر گیان! من کەسم نەکوشتووە، ئەویش پێی دەڵێ ، ئازیزم! من بڕوات پێ دەکەم، بەس ئەم شەو با واز لەمە بهێنن و ئێستا بخەوە تا بەیانی، بەیانی با بزانین چۆن دەبێت و ئێستا بیر لە هیچ مەکەرەوە و بنوو.

بەیانی هەر زوو موفەوەزی پۆلیس خۆی دەگەێنێتە بەردەرگای مالاک و بە هێمنی بە دوکتۆر دەڵێ: دوێنێ نەتهێشت قسەی لەگەڵ بکەین، هیوادارم ئێستا بمانکەیتە ژوورەوە، ئەویش دەڵێ، با مالاک نانەکەی بخوات، دە دەقیقەتان زیاتر نادەمێ، خۆتان دەزانن ئەو نەخۆشە لەلایەن دوکتۆری گەورە گەورەوە، لەدەرەوەی وڵاتەوە چارەسەر دەکرێت و میدیای جیهانی ئاگای لێیەتی و ئێوە هەر وا ناتوانن لێێ بخوڕن، ئەم خەستەخانەیەتان پڕکردووە لە پۆلیس و هەموو ئاسایشی نەخۆشەکانتان شێواندووە، ئەمە بۆ نەخۆشەکان دەرئەنجامێکی زۆر خراپی دەبێت و داوا دەکەم هەموویان بکەرە دەرەوەو تەنها خۆت بمێنەرەوە و قسەی لەگەڵ بکە. ئەو هیچی نەکردووە، خۆ بەتەما نیت بیگریت. موفەوەزیش وتی: من جارێ نازانم ، بەڵام فەرمانی دەرکرد، کە پۆلیسەکانی لەگەڵیدا بوون بچنەوە ناو تۆتۆمبیلەکانی خۆیان. دوای دە دەقیقە لەگەڵ دوکتۆردا هاتە ژوورەوە بۆ لای مالاک. هەر لەیەکەم پرسیارەوە بارەکەی تێک دا، کاتێک وتی: پێم بڵێ، بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسەت بە چەقۆ کوشت؟ ڕەنگە هاتبێت وێنەیەکت بگرێت؟ ئەویش یەکسەر تێکچوو، وتی: بڕوا بکەن، هیچم نەکردووە، خۆی بریندار بوو. ئەی تۆ بۆ چەقۆت پێ بوو؟ خۆ نەشتەرگەری بۆ ناکەیت؟ مالاکیش وتی: خۆی داوای کرد تا لە بکوژان بیپارێزین، وتی دەمکوژن و بێدەنگم دەکەن، چەقۆیەک بێنە با بیانترسێنین. بەدوامەوەن. موفەوەزی پۆلیسیش وتی، ڕۆڵە تۆ دەڵێی منداڵ هەڵدەخڵەتێنی، ئەی تۆ کەست دی بە دوایدا ڕابکات و هەڕەشەی کوشتنی لێ بکات؟ مالاکیش وتی نەخێر. ڕووداوەکە زۆر خێرا تێپەڕی و من فریای هیچ نەکەوتم. موفەوەزی پۆلیسیش زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: تۆ یەکێکت سارد کردووەتەوە، فریای چی تر بکەوی؟ سەیرێکی دوکتۆری کرد و وتی: لەشی ساغ بێ، هەر وا فریا دەکەوێ. مالاک دوای ئەو ڕستەیە زۆر تووڕە دەبێت و بەسەر موفەوەزی پۆلیسدا هاواری دەکات: پێم بڵێ من بۆ دەیکوژم؟ خۆ من نایناسم و چیم هەیە لەگەڵیدا؟ خۆ من گەندەڵ نیم

ڕۆژنامەنووسەکان بێدەنگ بکەم، من بۆ بیکوژم، کەمێک عەقڵت بخە کار، نە پارەم دزیووە، نە شوێنێکی گرنگی کۆمەڵگام بەدەستەوەیە و تا بە پارە و دیاری شت بۆ خەڵک بکەم و ئەو ڕۆژنامەنووسە نەگبەتەش منی کەشف کردبێت... موفەوەزیش وتی: من چووزانم، دەتەوێ عەقڵم بخەمە کار، ئێ باشە، عەقڵم پێم دەڵێ، وەک لە ڕۆژنامەکاندا لەبارەی تۆوە خوێندمەوە، کە ڕەنگە شتی وا بکەی تا بزانیت دڵە دەستکرد و پلاتینییەکەت چ پەرچەکردارێکی دەبێ، هەر وەک چۆن کاتی خۆی گوڵدانەکەت فرێ داوەو شتەکانی ئەم ژوورەت شکاندووە. عەقڵم پیم دەڵێ، چونکە وێنەی گرتوویت و تەنانەت ئەم پەردە تایبەتیانەش ڕێگەی لێ نەگرتووە و ئەوەش تۆی تووڕە کردووە. پێم بڵێ؟ دەتەوێ عەقڵم بخەمە کار، باشە، کێ دەڵێ یاری شەترەنجی لی نەبردوویتەوە و ئەوەش وای لەتۆ کردووە بیکوژیت، تۆ لەسەرسنگی ئەو شەترەنجێکی خوێناویت پێ بووە، وایە؟ تۆ لەم شارەدا لەدوو کەست بردۆتەوەو وا دەزانی یەکەمی عالەمی؟ وا دەزانی هەموو مۆسکۆ ئێستا چاوەڕێت دەکات؟ مالاکیش هاواری کرد، بۆ تۆ وا دەزانی لەسەر دۆڕاندنی دەستێک شەترەنج خەڵک دەکوژم؟ پێم بڵێ تا ئێستا چەند کەسم کوشتووە؟ مفەوەزەکە وتی: ئەمە یەک، نایەڵم بیکەیت بە دوو. کە وای وت مالاک ئەوەندەی تر تووڕە بوو، تا دوکتۆر چووە بەینەوەو هەردووکیانی هێمن کردەوە. موفەوەزی پۆلیسی بردە ئەو دیو دەرگاکە و بە هێمنی پێی وت: کاکی خۆم! گوێ بگرە، تۆ دەزانی نەخۆشی دڵ یانی چی؟ موفەوەزەکەش بە هێمنی پێی وت: کاکی خۆم! تۆ دەزانی کوشتن یانی چی؟ دوکتۆر سەرێکی بادا و وتی؟ کاکی خۆم! تۆ دەزانی کە یەکێک نەخۆشی دڵی هەبێت، دەبێت لە پێشدا چارەسەر بکرێت، ئەگینا دەمرێت؟ موفەوەزیش وتی: کاکی خۆم! تۆ دەزانی یەکێ پیاو کوژ بێت، دەبێت لە پێشدا بگیرێت، ئەگینا پیاوی تر دەکوژێت؟ دوکتۆریش پێی دەڵێ: بۆ تۆ بەتەمایت بیگریت؟ موفەوەزی پۆلیسیش پێدەکەنێ و دەڵێ: نەوەڵا

بەقوربان،چایەکی لەگەڵدا دەخۆمەوە. دکتوریش پێی دەڵێ: تۆ ناتوانی بیگریت، تۆ هیچ فەرمانێکی رەسمیت پێ نییە. هیچ کەسێ بۆی نییە بێ مۆری رەسمی هیچ نەخۆشێکی من بباتە دەرەوە. موفەوەزیش دەڵی: ئێستا پێم نییە، راست دەکەی، دوای نیوەرۆ دێمەوە و قسەی لێ دەکەین. وا دەڵیت و ئەو ناوە جێدێڵێت. دوکتۆر بە پەلە تیلێک بۆ من دەکات و هەموو شتێکم بۆ دەگێرێتەوە، منیش وتم، پێیان بڵێ، گەر دەیگرن ئەوا دەبێ بیخەنە ژێر بەرپرسیارێتی خۆیانەوەو مادام ئەو ئەوەندە زمانی درێژە دەبێ ئەو ببێتە لێپرسراوی یەکەم بەرامبەر ژیانی. راگرتنی تەندروستی ئەو بە سەدەها هەزار دۆلاری تێ دەچێ. بزانم گەر ئەو ئەوەندە ئازایە با بیداو وتم: دوای ئێوارە تێلت بۆ دەکەمەوە.

# ٣٢

هەر لەولاوە، لەشارێکی نزیک لە پادشای یەکەمەوە، پادشایەک کچێکی زۆر جوانی دەبێت و بەقەت نووری چاوی خۆی و ئەم دونیایە خۆشی دەوێ. ئەم کچە جوانترین قژی هەیە لە دونیادا و کە هەمیشە لەسەر کورسییەک دادەنیشێ و لە باڵکۆنەکەوە لەبەر هەتاو شانەی دەکات، بە سەدەها کەس ڕۆژانە لەبەر دەم بالکۆنی کچە پادشادا دەوەستن و سەیری قژەجوانەکەی دەکەن. پەیتا پەیتا، هەر کەسێک و کوڕەپادشا و گەدایەک، دێنە خوازبێنی تا بیهێنن و شوویان پێ بکات، باوک پێیان ڕازی نابێت و دەڵێت و بۆ من فەرقی نییە چ کارەیە، لای من گرنگە دڵی چۆنە؟ ڕۆژێکیان کاتێک قژی دەشوات و بەسەریا دەخەوێ، کاتێک بەیانی خەبەری دەبێتەوە، سەیر دەکات قژی زۆر درێژ بووە، بەجۆرێک بەهەموو ساڵۆن و هۆڵ و ژوورەکاندا پەرش و بڵاوبووەتەوە، هێندە قژی درێژ بووە، کە ناتوانێ لە شوێنی خۆی هەستێت وسەری بۆ ڕاناگیرێت و هاوار دەکات و باوک دەگاتە سەری و سەیر دەکات ئەم قژە سات دوای سات لە درێژ بووندایە. دەشڵەژیت و نازانێت

چی بکات، لە ژیانیدا وەک پادشایەک هەم وەک باوکێک کە هەموو تەمەنی قوربانی چرکەیەکی کچەکەی دەکا، قەت هێندە وەک ئێستا، بێدەسەلات نەبووە. کچەش دەڵی: بابە فریام کەوە، بابە ناتوانم هەستم، بابە ئەوە قژم بۆ وام لێ دەکات؟ بۆ بووە بە دوژمنم؟ سیحرم لێ کراوە و قژم هەر درێژ دەبێت، وای بابە وای، وای دایە وای. نەگبەتی دونیا خۆم. باوک دەڵێ: ئادەی ئەو مقەستەم بۆ بێنن، کە مقسەست لە قژی دەدا تا بیبرێت، سەیر دەکات سوودی نییە و قژەکە یەکسەر جارێکی تر درێژ دەبێتەوە. هەتا وای لێ دێ کە قژی کچە پادشا دەچێتە دەرەوەی ژوور و کۆشک و بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا درێژ و بڵاو دەبێتەوە. پادشا فەرمان دەدا، هەر کەسێک دەستی مقەست دەگرێت، لە شوێنی خۆیەوە دەست بکات بە برینی قژی کچە پادشا، بەڵکو بە هەمووان فریای برینی بکەوین، بە هەزارەها ئیشی تیا دەکەن و فریا ناکەون و قژەکە هەر درێژ و درێژ دەبێتەوە، دەڵێن: پادشا چی لێ بکەین، شوێنمان نییە بۆ قژەکەی دەیبرین، قژەکە بخەینە کوێوە، ئەویش دەڵێ ئەو قژە جوانە هی کچەکەمە، نابێ فرێی بدەن، ئەوانیش دەڵێن: نا، فرێی نادەین بەس چی لێ بکەین؟ پادشاش دەڵێ: بیچنن و بیکەن بە فەرش، فەرشێکی درێژ. ئەوانیش بەقسەی دەکەن دەست دەکەن بە چنینی فەرش. فەرش درێژ و درێژتر دەبیتەوە، دەڕوات و دەڕوات. هەر دەڕوات و هەر دەڕوات بەرەو خوار تا ڕۆژێک بەیانییەکەی دەگاتە بەر دەمی دەرگای ئەو کوڕە پادشایەی لەناو جەنگەڵەکەدا باوکی لە منداڵییەوە بەجێی هێشتووە، ئەو بەیانییە، وەک هەموو بەیانییەکی تر، بەخۆی و پەرداخیک شیری پڕ هەنگوینەوە بە دەستێک و بەدەستەکەی تری وەک هەمیشە مقەستێک، دەرگاکە دەکاتەوە تا خۆی بە برینی گیا ولقی ناو دارستانەکەوە خەریک بکات، لەپڕ دەبینی فەرشێکی زۆر سووربا و بۆنێکی زۆر خۆشی لێ دێ، قەت بۆنی وا خۆشی نەکردووە، وەک توولە ڕێگایەک هاتۆتە بەردەمی دەرگاکەی. ئەمیش لەژیانیدا هەمیشە بەدوای ڕێگایەکدا

دەگەڕێ تا لەو جەنگەڵە بچیتە دەرەوە، دەچێتە سەر فەرشەکەو دەڕوات و دەڕوات تا لە جەنگەڵی هەزار بە هەزار ڕزگاری دەبێت، بەردەوام دەبێت، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، تا دەگاتە بەردەمی ماڵی کچە پادشا. پادشا پێی دەڵێ: تۆ کێیت بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ ئەویش دەڵێ نازانم ، بۆن و سیحری ئەم فەرشە منی هێنا. ئەی لە کوێوە هاتووی؟ ئەویش دەڵێ: نازانم لە ناو جەنگەڵەوە. ئەی ئیشت چییە؟ نازانم ، بەس من دەتوانم لق و چڵ و گیای ناو دارستانەکەم ببڕمەوە، لەوەدا زۆر خێرام و کەس لێم ناباتەوە. پادشاش پێی دەڵێ: ئەو بۆنی سیحرەی تۆ باسی دەکەیت، بۆنی قژی کچەکەی منە، من پادشای ئێرەم، کچەکەم سیحری لێ کراوە و قژی هەر درێژ دەبێتەوە، دەتوانین بیبڕیت؟ بەڵی پادشا کوا کچەکەت؟ ئەویش کچەکەی پێشان دەدا و دەم و دەست عاشقی دەبێت، دەڵێ بەڵی پادشا، لەوەدا من زۆر کارامەم و دەستم ڕەنگینە، گەر یارمەتی کچەکەت بدەم، خەڵاتەکەم چی دەبێت؟ پادشاش دەڵێ: چەند زێر و زیو، چەند خشڵت دەوێ، بەسەر چاو، ئەویش دەڵی ، من زێرو زیوم ناوێ، پادشاش دەڵێ: دەتکەم بە وەزیر، کوڕەش دەڵی: نا وەزیریشم ناوێ، پادشا دەڵێ: دەزانی من کچەکەم زۆر خۆش دەوێ و هەموو شتێکی بۆ دەکەم، فەرموو یارمەتی بدەو دەتکەم بە پادشای ئەم وڵاتە لە جیاتی خۆم. کوڕەش دەڵی، نا پادشای ئازیز، من ئەوەشم ناوێ، پادشا، تێناگا و بەسەر سوڕمانەوە دەڵێ، ئەی تۆ پێم ناڵێیت چیت دەوێ؟ ئەویش دەڵێ، دەستی کچەکەتم دەوێ، من دەمەوێ کچەکەت بێنم، ڕازی دەبی؟ پادشاش دەڵێ: ئادەی تۆ جارێ کارامەیی و دەست ڕەنگینی خۆتم پیشان بدە، بە کچەکەشی دەڵێ:کچم پێی ڕازی دەبیت؟ کچەکەش دەڵێ: بەڵێ بابە گیان. کوڕەش بە مقسەتەکەی کە لە گیرفانیدا حەشاری دابوو، زۆر بە خێراییەکی سەرسوورمانەوە دەکەوێتە بڕینی قژی کچە و لە ماوەی سەعاتێکدا هەمووی دەبڕێت و کچەش دەتوانێت هەستێت و دڵ خۆش، باوەش دەکات بە باوکیدا، پادشا بە کوڕە دەڵێ: وەک دەزانی کچەکەم

سیحری لێ کراوە و بەیانی جارێکی تر قژی درێژ دەبێتەوە، ئەی ئەوسا چی دەکەی؟ کوڕەش دەڵی هەموو ڕۆژێ بۆی دەبڕم، پادشا دەڵێ: بەڵام ڕۆڵە ئەمە ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە، هەموو تەمەن هەر وا دەبێ، کوڕەش دەڵێ، پادشا گیان! من کچەکەتم خۆش دەوێ، منیش هەموو تەمەن خزمەتی دەکەم و قژی بۆ دەبڕم، تا ئەبەد. تا ڕۆژێک سیحرەکە تاقەتی دەچێ و نامێنێت و بەتاڵ دەبێتەوە.

## ٣٣

کە گەیشتمە ئەو شوێنە، سەیرم کرد ماردین چاو بە فرمێسک خەوی لێ کەوتووە. منیش ماچێکم کردو داپۆشی. بە دەست خۆم نەبوو، زۆر بە هێمنی دامە پرمەی گریان، هەستم کرد زۆر دەمێکە نەگریاوم و پێویستم پێیەتی، لە تەنیشتییەوە سەیرم دەکرد و دەگریام. دەمزانی شتێک هەیەو ماردین لێم دەشارێتەوە، نەمدەزانی چییە؟ بەڵام گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە کە تەنها سەرەتای خەیاڵەکەی لە دوو حیکاتی جیهانییەوە وەرم گرتووە، دەنا هەمووی لە چنینی خۆمە و بۆن کردنی قژی ماردین ئەو هێزەی پێبەخشیم حیکایەتێکی وای بۆ بگێڕمەوە. بەیانی بزانم لە کوێدا خەوی لێ کەوتووە تا بۆی تەواو بکەم. هەر بەو فرمێسکانەی چاومەوە، منیش خەوم لێ کەوت، بەیانی بە ماچێکی ماردین خەبەرم بووەوە، وتی: دوێنێ تۆ هێزت نەبوو بڕۆیت بۆ دەوام، ئەمڕۆ من هێزم نییە و دەڵێی چی هەردووکمان نەڕۆین و لە ماڵەوە بمێنینەوە، شتێکی گرنگ هەیە حەز دەکەم بۆت باس بکەم. بەس پێش ئەوە حەز دەکەم حیکایەتەکەم بۆ تەواو بکەیت، وتم:

لەکوێدا خەوت لێ کەوت؟ وتی کوڕە، هەموویم گوێ لێ بوو، زۆرم لەخۆم کرد و یەک بار شەڕم لەگەڵ خۆمدا کرد تا نەخەوم. وتم باشە، ئەی لە کوێدا بووین ئەگەر ڕاست دەکەی؟ وتی: لەو شوێنەدا کە دەڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان پادشایەک هەبوو. هەر دووکمان قاقامان لێدا و هەر بە پێکەنینەوە وتی کوڕە گاڵتە دەکەم، لەو شوێنەدا کە دەڵێ، تا ئەبەد قژی بۆ دەبڕم و هیلاک نابم. وتم: وایە ڕاستە. وتی: دەی توخوا تەواوی بکە .وتم: هەواڵ بۆ پادشای یەکەم دێنن، کە کاتی خۆی کوڕەکەی لە جەنگەڵەکەدا بەجێ هێشتووە و پێی دەڵێن کە کوڕەکەت لەوێ نەماوەو لە دارستانە چڕەکەدا چووەتە دەرەوە، ئەویش دەچێ بۆ ئەوێ و دەبینی فەرشێکی زۆر جوان و بۆندار تا بەردەمی دەرگای کوڕەکەی هاتووە، ئەویش بە خۆی و چەند سەربازێکەوە بەسەر فەرشەکەدا دەڕوات تا دەگاتە بەردەرگای ماڵی کچ و کوڕەکە و لەوێ پادشای ئەو شارە دەیناسێتەوە و بەخێرهاتنی دەکات و پێی دەڵێ: چۆنە ڕێی کەوتۆتە ئێرە و فەرموو میوانی ئەو بێت، ئەویش دەڵێ: دەمەوێ بزانم کێ بەسەر ئەم فەرشەدا گەیشتووەتە ئێرە؟ کوڕەکەش دەڵێ: من گەورەم. پادشای یەکەم دەڵێ: تۆ ئەو کوڕە نیت لە جەنگەڵەکەدا دەژیایت، ئەویش دەڵێ بەڵێ من ئەوم، تۆ چووزانی و من چۆن دەناسی؟ ئەویش دەڵی، من تۆم لە منداڵییەوە لەوێ داناوە. ئەویش پرسیار دەکات، تۆ دەتویست بۆ ئەبەد من لەو جەنگەڵەدا زیندان بکەیت؟ ئەی بۆ نەتکوشتم؟ ئەویش پێی دەڵێ ئاخر من باوکتم و نەمتوانی. کە منداڵ بوویت پێیان وتم، ئەمە دەبێ بکوژێت، چونکە کاتێک گەورە دەبێت، حەزی لە شوێنەکەت دەبێ و دەتکوژێ تا شوێنت بگرێتەوە. ئەویش دەڵێ : من منداڵ بووم و تۆ چۆن بڕیاری وات لەجیاتی من داوە، پادشای دووەمیش پێی دەڵێ، دەزانی پادشای ئازیز، بڕوا ناکەم ئەمە کوڕەکەی تۆ بێت، بڕوا ناکەم ئەمە ئەو کوڕە بێت کە بیەوێ شوێنی تۆ بگرێتەوە، وتی بۆ؟ وتی چونکە پارە و زێڕ و خشڵێکی زۆرم پێدا و نەیویست، ویستم بیکەم بە وەزیر و ئەو نەیویست، لە جیاتی

خۆم کردم بە پادشا و ئەو نەیویست، دەزانی ئەو لە جیاتی ئەوانە چی هەڵبژارد؟ وتی چی؟ کوڕەکە هەڵی دایەو وتی خۆشەویستیم هەڵبژارد، بەڵام تۆ وەک باوکێک پادشایەتیت هەڵبژارد و منت بەو منداڵییە لە باوکایەتی مەحرووم کرد و دڵت شکاندم، دڵشکاندنکی وا گەورە، هەر وا ئاسان چاک نابیتەوە. من ئێستا ناتوانم بێم لە گەڵتا و داوای لی بووردن دەکەم. پادشای دووەمیش سەیرێکی کرد و وتی پێم خۆشە لەم مەملەکەتەی من ئێستا بچیتە دەرەوە و خواحافیزت بێت. پادشا ڕۆیشت و ئەو ناوەی بەجێ هێشت و تا ئەبەد خەفەتبار و دڵشکاو مایەوە.

## ٣٤

ڕووداوەکان زۆر خێرا تێپەڕین، من لێرە تەواو سەرقاڵی پەیداکردنی دڵێکی ئاسایی بووم بۆ سیزیف و نەمدەتوانی ئێرە جێبێڵم و دەبوایە ئەو دڵە، لەم مانگەدا پەیدا بکرێت و من بتوانم لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە، بۆیە هەر چەند حەزم دەکرد سەفەرێکی خێرا بکەمەوە و لە نزیکەوە ڕووداوەکان ببینم و هەمووان هێمن بکەمەوە، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا، هەموو پلانەکانی بەسەر یەکدا قلّپ کردەوە. هەر بۆ ئێوارەکەی کاتێک موفەوەزی پۆلیس بە سێ ئۆتۆمۆبیلەوە لەبەر دەم نەخۆشخانەکەدا وەستان و ئەو ناوەیان گرت و موفەوەز خۆی لەگەڵ چوار یاریدە دەردا خۆی کرد بە ژووری دوکتۆردا و فەرمانی دەستگیرکردنی مالاکی خستە سەر مێزەکە. دوکتۆر مانی هیچی لەبەردەمدا نەما، لە تووڕە بوون و چەند جنێوێک بەوەی ئەمی خستە سەر ڕێگای دوکتۆریی، جنێوی بە دایک و خوشکی ئەو کەسە دا کە یەکەم دەرسی پزیشکی پێ وتووە. موفەوەز پێی وت: ئێستا دێیت دەرگاکەیمان بۆ دەکەیتەوە یان خۆمان بیشکێنین؟ دوکتۆریش وتی: تۆ قسەت لەگەڵ

ناکرێت، برۆ بیشکێنە تا دوایی پارەکەیت لەسەر حیساب بکەم و بیدەی.
موفەوەزیش وتی: جا خۆ لەگیرفانی خۆم نایدەم، پارەی ئەو خەڵکە ڕەش
و ڕووتەیە. دوکتۆریش وتی: تۆ خەمی دڵی ئەو خەڵکە ڕەش وڕووتە
ناخۆیت، ئێستا خەمی گیرفانیان دەخۆی؟ مفەوەزیش پێش ئەوەی بڕواتە
دەرەوە ئاوڕێکی لێ دەداتەوە و پێی دەڵێ: دوکتۆر مانی، تۆ ناوت مانییە
و لە مەنی ئینگلیزییەوە زۆر نزیکە بە مانای پارە، با بزانین کاممان ئەو
پارەیە دەیدەین؟ ئادەی ئەو دەرگایەم بۆ بشکێنن. کە دەچنە ژوورەوە سەیر
دەکەن مالاک لەوێ نەماوە و پارەکانی بردووەو هەندێ شتی پێویستی تر و
جلەکانی گۆڕیوە و لە پەنجەرەکەوە هەڵهاتووە. نامەیەکی بەجێ هێشتوە و
نووسیوێتی: من هیچم نەکردووە و کەسم نەکوشتووە. موفەوەزیش کە نامەکە
دەبینێ دەڵێ: گەر کەست نەکوشتووە بۆ هەڵدێیت؟ من هەموو هەوڵێکم دا
نەگاتە ئەو حاڵەتە، لەگەڵ دوکتۆر مانیدا بەسەعات باسی ئەوەمان دەکرد کە
ئەوان گەر دەشیگرن با هەر لەو ژوورەی خۆماندا دەستبەسەر بێت تا ئێمە
هەموو ئیشەکانی دڵگواستنەوەکەی بۆ دەکەین. بەڵام ئازیزان! لە وڵاتێکدا
کە زۆربەی زۆری ئەندامەکانی نەخۆشن، کە زۆربەی زۆریان پێویستیان بە
دڵێکی تازە هەیە، گیرفانێکی تازە هەیە، ئیشێکی تازە هەیە، عەقڵێکی تازە
هەیە، چاوێکی تازە هەیە و گوێچکەیەکی تازە هەیە کێ گوێ لەکێ دەگرێت.
هەڵهاتنی مالاک یەکسەر لە مێدیاکاندا بڵاودەبێتەوە، هەندێکیان بێرەحمانە
نووسیبویان، پیاوکوژێک هەڵهاتووە و گرتنی ئەرکێکی نیشتیمانییە، لایەکی
تر نوسیبووی، شەترەنج لەگەڵ کەسێک مەکەن نەیناسن، ڕەنگە بکوژرێن.
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە نووسیبووی، پیاوکوژی ڕۆژنامەنووسەکان هەڵدێت.
ئەمە جگە لەو هەموو ناوزڕاندن و توومەت دروستکردن و جنێو و ناو
ناتۆرانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تا ئێستا بەو کوڕە کراوە لە هیچ
شوێنێکی ئەم دونیایەدا نموونەی نییە. تەنانەت دوو، سێ مەلای مزگەوتیش
خۆیا تێهەڵقورتاندبوو، لە خوتبەکانیاندا، یاری شەترەنجیان مەحکوم

کردبوو، بەیارییەکی شەیتانانەیان لە قەڵەم دابوو.ئەوەی من ئاگام لێیەتی، یەکەم جار تاکسییەک دەگرێ و دەچێتەوە بۆ لای دایکی، چەند لەوێ لای دایکی دەمێنێتەوە نازانم. ئەوەی شێرۆی برازام بیستبووی ئەوەیە کە کاتێک موفەوەزی پۆلیس بە خۆی و چەند ئۆتۆمبیلێکەوە دەچنە ئەوێ، مالاک لەوێ نابێت و دایکی بە موفەوەز دەڵێ: کوڕەکەم هەر چی لێ هات تۆ بەرپرسیاری؟ ئەویش بە دایکی مالاک دەڵێ: دایە گیان: من رازیم بەو شەرتەی تۆش ڕازی بیت بەوەی هەر ڕۆژنامەنووسێک لەم شارەدا کوژرا، کوڕەکەت لێی بەرپرسیارە. دایکیشی دەڵێ: ئێوە کەستان بۆ نادۆزرێتەوە، ئێوە توانای ئەوەتان نییە ئەوانە بدۆزنەوە کە تاوانباری ڕاستەقینەن و ئێستا گەڕتان لە کوڕەکەی من ئاڵاندووە. موفەوەزیش پێش ئەوەی ئەو ناوە جێبێڵێت پێێ دەڵێ: دایە گیان! گەر تاوانبارە ڕاستەقینەکان ئاوا هەڵبێن، بێگومان ڕاست دەکەی کەسمان بۆ نادۆزرێتەوە. بەڵام من حەز دەکەم جارێ لە کوڕەکەی تۆوە دەست پێ بکەم. ئیدی ئازیزان! ئەوەی ڕوودەدا، کەس نازانێ چۆن ڕوودەداو فریای هەموو ڕووداوەکانی ناکەوم، ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە کە مالاک دیار نامێنێت، هیچ کەسێک نازانێت بۆ کوێ دەڕوات؟ دایکیشی نازانێت، بەس دەزانم ئەو پارەیەی من بۆم تەرخان کردبوو، لەناو جانتایەکی بچووکدا بۆم دانابوو، ئەوەی پێ دەبێت، ئەوە تۆزێ جێگای دڵخۆشی بوو بۆ من، بەڵام هەر دوای یەک دوو ڕۆژ لە دیارنەمانی، دوو ڕۆژنامەنووسی تر دەکوژرێن، ئەوانەی لەسەر گەندەڵی هەندێ لە بەرپرسە گەورەکان دەنووسن و لای لاشەکەیان شەترەنجێک و چەقۆیەک دەبیندرێت، ڕۆژنامە حیزبییەکان و ماسمێدیا دەیکەنە هەرا. من یەکسەر کە ئەوەم دەبیست دەمزانی ئەوە مالاک نییە، بەڵکو سیناریۆیەکی زۆر زیرەکانەیە بۆ کپکردنی دەنگە ئازاکانی وڵاتەکەم بۆ ئەوەی هەموو تاوانەکان بخەنە ئەستۆی ئەو. دەیاننووسی: دڵێک لە پلاتین هێندە ڕەقە بیست چەقۆ لە ڕۆژنامەنووسێک دەدا. من لەوەدا زیاتر و زیاتر بێتاوانی مالاکم دەبینی،

بەڵام دەمویست بەهەر جۆرێک بێت بزانێت کە من ئەو بێتاوان دەبینم و لای من هەر کوڕە جوان و رۆح بێگەردەکەی جارانە. بەڵام نووسینی هەندێ لە میدیاکان و بێ ڕەحمی هەندێکیان و بۆیاغکردنی ئەو وەک پیاوکوژی سەردەم هەزار ئەوەندە و زیاتر ئیشەکەی من و گەڕانم بەدوایدا، زەحمەتتر کردبوو.

## ٣٥

چالاک که حیکایەتەکەی بۆ تەواو کردم، چاو بەفرمێسک هەر بە دانیشتنانەوە لەسەر جێگا، باوەشێکی توندم پێدا کردو چەند جارێک ماچی لاملیم کردو سوپاسم کرد. بەو جۆرە باوەشەوە، توند بە خۆمەوە نووساند، بەو شێوەیە مامەوە تا چاوی یەکتر نەبینین، تا من بتوانم باشتر قسە بکەم. دەترسام بینینی چاوی یەکتر بمخاتە گریان و قسەکانم بۆ نەکرێت. پێموت: چالاکی ئازیز! گەر بڵێم ئێوارە شێتەکە، تۆ چیت بیردەکەوێتەوە؟ ئەویش وتی ئەو ئێوارەیە بوو، کە تۆ زانیت من و مالاک دوانەین وگێلاسی غەمگین تۆی هێنا بۆ یانەکە. وتم: ئێستاش ئەم بەیانییە لام، بەیانییەکی زۆر شێتە، وتی دەزانم شتێک هەیە و دەتەوێ پێم بڵێیت، من چەند ڕۆژە چاوەڕێ دەکەم، من پێش ئەوەی خەونە ناخۆشەکەی دوێنێش ببینم زانیم شتێ هەیە، دە پێم بڵێ، وام زانی دوێنێ پێم دەڵێیت، بەس حیکایەتەکەی هات بەسەردا، وتم چالاکی ئازیز! من ماوەیەکی زۆرە مەمکم دێشێ وئەمە هەر پێش شووکردنەکە دەستی پێ کرد و لەوێ وتیان هیچ نییە و مەترسە. چەند

جارێک پشکنینم کردووەو تا دوێنێ دوکتۆرەکە وتی: کە دەبێت مەمکی چەپم ببڕمەوە، چونکە دوو لووی تیایە، دەشبێ زوو ئەم کارە بکەم و بڕیار بدەم چونکە ئەگەری بڵاوبونەوەی زۆرە و ناشزانن بڵاوبووەتەوە یان نا؟ دەبێ هەمیشە لەژێر پشکنیندا بم تا دڵنیا دەبین هیچ نەماوە. منیش بڕیارم داوە ئەم هەفتەیە بیکەم. ویستی سەیری چاوم بکات و خۆی گورج بکاتەوە نەمهێشت و هەر وا هێشتمەو وتی: من دەمێکە ئەو غەمە لەچاوانتا دەبینم و دوێنێش بێ ئەوەی تۆ بزانیت زۆر گریام. پرسیاری کرد:هەر دەبێ بیبڕنەوە و هیچ چارەیەکی تر نییە؟ نەخێر ئازیزم، هیچ چارەیەکی تر نییە. چالاک گیان! دەمەوێ خەفەت نەخۆیت و بەهێز بیت، کەمێک لەشم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تۆ دەتوانی کە خۆم ڕووتکردەوە سەیرم نەکەیت. ئەویش وتی: ئەی سەیری کێ بکەم؟ تۆ بە مەمکەوە و بێ مەمکیش جوانترین و خۆشەویسترین مەخلوقێکی سەر ئەم زەوییەی ، گەر تەرکی سەیرکردنی تۆ بکەم، (تەرکی سەیرکردنی هەموو دونیا نەکەم چی بکەم)؟ منیش وتم دەی قەینا  هیچ نییە تەنها مەمکێکمە، ئەویش وتی، وەک گێلاسی غەمگین دەڵێ، لە دەرەوە کێ سەیری مەمک دەکات؟ منیش بۆم تەواو کرد و وتم، ڕاست دەکات، مەمک هەر بۆ لای خۆمان باشە و خەڵکی پێ شێت بکەیت. هەر دووکمان پێکەنین و گریانمان تێکەڵاو بوو. توندتر باوەشمان بەیەکدا کرد. وتم: ئادەی تووخوا! ئەو مۆبایلەم بدەرێ لاتەوە، با قسەیەک لەگەڵ گێلاسدا بکەم، زۆرم پێویست پێیەتی، وتی: ئەی بە دایکت ناڵێیت؟ با بەساقە، چۆن پێی ناڵێم، گریانی ئەویشم ماوە.وتم : بەراست تۆ دوێنێ قسەت لەگەڵ دایکت کرد و باسی مالاکی کرد، بۆت نەگێڕامەوە، وتی: ویستم ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە دوێنێ، بەڵام کاتمان نەبوو، هەواڵێکی خۆشە، دوکتۆرێکی کورد لێرە ناوی باوەنوورە، بەخۆڕایی هەموو شتێک بۆ مالاک دەکات و مالاکیش ڕازی بووە، داهێنانێکی تازەی دۆزیوەتەوە، هەر چەند من نایناسم و ناویم نەبیستووە، بەڵام دایکم دەڵێ کە زۆر بەناوبانگە و تەنانەت لە وڵاتانی

دونیاش ڕێزی دەگرن. پێکەنی و وتی: ڕەنگە هەر لای خۆمان ڕێزی نەگرن. منیش وتم: ئەی چی بۆ دەکات؟ ئەو پێکەنی و وتی ئەی چی بۆ ناکات؟ چی خودا پێی خۆش بێت و پێی ناخۆش بێت، هەمووی بۆ دەکات. تیمێکی چەند کەسی لێرەوە دەباتەوە، هەموو مەسرەفی نەشتەرگەری و ژووری تایبەتیی و شت بردن لێرەوەو دڵی دەستکرد بۆ ماوەیەک و دوای ئەوەش دڵێکی ڕاستەقینەی بۆ پەیدا دەکات و دەیکاتەوە بە گوێزی ساغ. تەنانەت ماڵ ئاوا! پارەشی دەداتێ. دیارە ئەو برایەم شەترەنجی چاکی لێ بردووەتەوە و دوکتۆر زۆر قەرزارێتی. منیش پێکەنیم و وتم ئێ وەڵا دوکتۆر هەر وا دەبێ، بزانم بۆ ئەو مەمکەی بۆم دەبڕنەوە چەندم دەدەنێ؟

# ٣٦

ئەو ڕۆژەی نەشتەرگەرییەکەیان بۆ ماردین کرد، من هەموو ڕۆژەکە لای بووم. کە چاوی داخست لای بووم، کەچاوی کردەوە لای بووم، ئەو دوایی وتی: تۆ بەدرێژایی نەشتەرگەرییەکە لەناو چاومدا بوویت و دانیشتبوویت. تۆ لەگەڵ هەموو چەقۆیەک و لەگەڵ هەموو مقەستێکدا لۆکەت بۆ هێناوم و ئاوت کردووە بەدەممەوە و ناوچەوانت سڕیووم. تۆ گۆرانیت بۆ من وتووە، تۆ فلووت و پیانۆت بۆ لێداوم، ئەوە تاقە سەرچاوەیەک بوو هێزی دەدامێ. بەڵام منیش خۆم بەدوای هێزێکی سیحرییدا دەگەڕام و لەناوەوە لەت و پەت بوو بووم، لە پاشماوەی دیوارێک دەچووم تەنها بە پاڵێکی زۆر کەم بڕووخێت و هەرەس بێنێت، نا، تەواو لە مۆمێک دەچووم فوویەکم بەس بێت بکوژێمەوە. لەم لاوە ماردین نەشتەرگەری بۆ کراو، لەولاشەوە لە وڵات مالاک نەشتەرگەری بۆ کرا، هەردوو ئازیزانی من لەیەک کاتدا لە خەستەخانە کەوتبوون، حەزم دەکرد لەهەردوولا بم و نەمدەتوانی، یەکەم جار بوو لەو قسەیەی ئەوسای ماردین گەیشتم، کە باسی دوولەت بوونی خۆی کرد لە

سەختی هەڵبژاردنی نێوان من و مالاک و خۆی شوپهاند بە پاڵەوانێکی وەک فیسکۆنتی دوو لەت. من بە تێل دەبوایە هەواڵی ماردین بگوازمەوە بۆ دایکی و دایکم، لە دایکیشمەوە هەواڵی مالاک بۆ خۆم و ماردین، کە تەنها نووزەیەکی کەمی بۆ گەڕایەوە یەکسەر هەواڵی مالاکی لێ پرسیم؟ منیش وتم: دایکم جارێ نەیبینیووە، بەس پێیان وتووە، کە سەرکەوتوو بووە و دڵی لای نەبێت. دایکم دەیووت شکور دوکتۆرێکی زۆر باشی هەیە، فریشتەیەکە لە ئاسمانەوە کەوتۆتە خوارەوە. دەیوت: کوڕی خۆم! شتی وا هەموو ڕۆژێ ڕوونادات، دەڵێن سەد ساڵ جارێ، شتی وا دەکەوێتە خوارەوە و ئەوەش بەختی مالاکی گرتەوە... دوای سێ ڕۆژ، ماردینیان ئیزن داو بە تاکسیەک گەڕاینەوە ماڵەوە. لەوێش وەک خۆی گێڕایەوە پێیان وتبوو، کە ماوەیەکی تر بێتەوەو سەیری برینەکەی سەر سینگی دەکەین و هەندێ پشکنینی تری بۆ دەکەین. لەو لاشەوە کەمێک دڵم بەو هەواڵانە خۆش بوو، کە لە وڵاتەوە دەهاتن و مالاک کەمێک هێزی بۆ هاتۆتەوەو ئێستا لەوێ زۆربەی ڕۆژنامەکان لەسەری دەنووسن و بە کوڕی دوودڵ ناوی دەبەن و کەوتۆتە سەر هەموو زمانێک، لە ڕاستیدا من بەو زمانە شڕ و کورتەی خۆمەوە کە تازە فێری بوو بووم، لێرەش شتێکم لەسەر بینی و خوێندمەوە و وێنەیەکی ئەو و دوکتۆر باوەنوور پێکەوە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە. وێنەکەی مالاکم بینی و هەستم کرد لەجاران لەڕولاوازتر بووەو لە ژێر وێنەکەدا نوسرابوو، سێزیفی ئەم سەردەمە، لەجیاتی بەرد، دڵی خۆی بەکۆڵەوەیە .دڵی خۆی، سزای خۆیەتی. ئازیزان! ئەوە یەکەم جار بوو، وێنەی باوەنوور ببینم بە سەدرییەکی سپییەوە لە تەنیشت مالاکەوە دانیشتبوو، دڵم بە وێنەکە خۆش بوو، پێم خۆش بوو براکەم دوکتۆرێکی وای هەیە. دوکتۆرێکە پیاو دەتوانێ دڵی خۆی بخاتە بەردەستی. پیاوێکە، مقەست و چەقۆشی پێ بێت لێی مەترسە، لێی مەترسەو چاو داخە. هەستم کرد باوەنوور پیاوێکە براکەم دەتوانێ زۆر شتی لێ قەرز بکات، لەوانەش دڵ.

من لێرەوە بۆ هەمیشە سوپاسی بێ پایانم بۆ دوکتۆر باوەنوور دەردەبڕم و تەمەننای تەمەنێکی درێژی بۆ دەخوازم. دوای چەند ڕۆژێک ماردین خۆی بە پێی خۆی توانی بچێت بۆ لای دوکتۆر و سەیرێکی برینەکەی مەمکیان کرد و وەک خۆی وتی سارێژبوونەکەیان زۆر پێ باش بوو، هەروەها بە ئامێری زۆر هەستیار پشکنینی تریان کرد نەوەک لووی تر بە لەشیدا بڵاوبووبێتەوە، هاتەوە کەمیک دڵی خۆش بوو، لەبەر خۆیەوە هەندێ جار گۆرانی دەووت، وتی ماوەیەکی تر دەچمەوە لایان بزانم پشکنینەکانم چۆنن؟ با بچین، بەم ئێوارەیە حەزم لە پیاسەیەکە.

# ٣٧

دوای هەموو ئەو ڕووداوانە، دیارنەمانی مالاک گەیشتە هەفتەیەک و من بەبەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ دوکتۆر مانیدا هەبوو، من ئەو کاتە توانیم دڵێکی زۆر باش پەیدا بکەم و لەناو سەلاجەیەکی زۆر تایبەتدا لەگەڵ خۆمدا بردمەوە و سەفەرێکی زۆر خێرام کرد بەو هیوایەی چوونی من بۆ ئەوێ وا لە مالاک بکات لە حەشارگەی خۆیدا بێتە دەرەوە و پەیوەندیم پێوە بکات، چونکە ئیتر کاتی ئەوە هاتە پێشەوە کە دڵە دەستکردەکە لاببەین و دڵە نەخۆشەکەش فڕێ بدەین و مالاک لە دوودڵەوە ببێتەوە بە کوڕێکی یەک دڵ، بەڵام دڵێکی ساغ. وەک لە پێشیشدا وتم کە دڵە دەستکردەکەی من تەنها بۆ نزیکەی شەش مانگێک دەیخوارد و وا خەریکە شەش مانگەکە پڕدەبێتەوە. بۆیە گەر ئەو ڕووداوانە ڕوویان نەدایە، ئێستا هەموو شتێک وەک پلانمان بۆ دانابوو دەڕۆشت بەڕێوە. من لەوێ توانیم پەیوەندی بە دایکی مالاکەوە بکەم و داوام لێ کرد کە هەموو هەوڵێک بدات تا کوڕەکەی بدۆزێتەوە و پەیوەندیم پێوە بکات. لەوێ توانیم گێلاسی غەمگین ببینم و

ئەویش لەوێ هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی، لە راستیدا ئەوە گێلاس بوو کە باسی چالاک و ماردینی کەمێک بۆ کردم و پەیوەندی ئەم دوانە بە مالاکەوە وای لە من کرد کە تەلەفۆن بۆ ئەو دوو بەڕێزە بکەم و هەڵیانبژێرم تا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بن. هەست دەکەم ئەوان لەمن زیاتر و کراوەتر دەتوانن باسی ژیانێک بکەن کە ئەمان لەسەد لاوە پێکەوە گرێ دەداتەوە. من دوکتۆرێکم، هەم غەریبب و هەم وەک میهنەکەم ناتوانم و بۆم نییە بچمە هەندێ وردە تەفاسیلەوە و لەناو باغچەی ژیانی ئەواندا بێم و بچم و بە ئارەزووی خۆم گوڵ لێبکەمەوە و هاوار بکەم و شت بگێڕمەوە، نە خۆم ئەو حەقە بەخۆم دەدەم و نەکەسیش پێم دەدا.ئەوە تەنها نووسەرەکانن ئەو حەقە بەخۆیان دەدەن لە هەموو شوێن و زەمانێکدا بگێڕنەوە و بچنە ژیانی تایبەتی هەموو کەسێکەوە بیانەوێ شت دەربێنن و شت بشکێنن و بیاندەن بەیەکدا و نهێنی ئاشکرا بکەن. بە داخەوە من نووسەر نیم و دوکتۆرم بۆیە ئەو حەقەم بەخۆم نەدا، ئەو دوانەش کە من داوەتی بەشداریکردنی ئەم کۆنفرانسەم کردوون یەکێکیان کاکە چالاکە و برای مالاکە و ئەم دوانەش دوانەن و لەوەش زیاتر حەز ناکەم هیچ بڵێم. ئەوی تریان خانمی بەڕێز ماردین خانە و ژنی کاکە چالاکە و هاوڕێی زۆر نزیکی مالاک و گێلاس خانە. من لەسەفەرەکەمدا تەنانەت شێرۆی برازام هان دا تا هەموو هەواڵێکم پێبگەیەنێت و مۆبایلی دوامۆدێلم بۆ کڕی تا بۆ هەموو هەواڵێکی دەیبیستێت تێلم بۆ بکات و ئاگادارم بکاتەوە، بەڵام بە داخەوە لەو سەفەرە سێ ڕۆژیەمدا هەموو هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی سیزیف بە ئاکام نەگەیشتن. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا من شەڕێکی زۆرم لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسانی هەرێم کرد، چونکە ئەوان تەواو لەو باوەڕەدان، کە مالاک پیاوکوژە و دەبێت بگیرێت و حوکمی خۆی وەربگرێت پێش ئەوەی ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ بکرێت. شتی وا لە دونیادا نییە لە وڵاتی مندا نەبێت. تەنانەت بەهۆی ئینتەرپۆلەوە ناویان ناردووە بۆ وڵاتان تا گەر مالاک سەفەری هەر وڵاتێکی کرد ڕادەستی هەرێم

بكرێتەوە. گەر وا بێت مالاك ناتوانێت بۆ هیچ شوێنێك سەفەر بكات. من هاوارم لێ دەكردن و دەمووت: ئەو كوڕە ناتوانێت بڕوا بەڕێگادا، ئێستا سەفەری وڵاتان دەكات؟ موفەوەزی پۆلیس دەیوت: ڕاست دەكەی ناتوانێ بڕوات بەڕێگادا، بەس چاك پیاو دەكوژێت و چاك خۆی دەشارێتەوە. كەسمان نەدیووە وا جوان ڕابكات و خۆی بشارێتەوە دەیوت: پیاوم دەوێ شەترەنجی لێ بەرێتەوە، یەكسەر خپ خۆی و پادشاكەی دەخوات. منیش دەموت: ئێوە باسی مالاك دەكەن وەك دڕندەترین و ترسناكترین پیاوكوژ، ئێوە نازانن ئەو كەسێكی بێ هێز و دڵنەخۆشە و ڕەنگە نەتوانێ قاپێك لەبەر دەمی خۆیدا هەڵبگرێت. موفەوەزیش دەیوت: ئینجا ئەو قاپی بۆ چییە؟ هەر چەقۆیەك و شەترەنجێكی دەوێ، هەڵگرتنی قاپەكە با لەسەر ئێمە بێت. با ئەو ڕۆژنامەنووسەكان لە پێشەوە بكوژێت و ئێمەش لەدواوە قاپی بۆ هەڵدەگرین.

# ٣٨

ئازیزان! کاتێک ئێوە ئەمە دەبیستن، ڕەنگە من لەوێ نەبم و بۆ ئەوەش داوای لێ بووردن دەکەم، ڕەنگە من، نەتوانم بۆتان بخوێنمەوە، هەر چەند زۆر حەزم دەکرد بەشدار بم و بە هەموومان بمانتوانیبایە یارمەتییەکی مالاک بدەین، بەڵام من پەیمانەکەی خۆم بردە سەر و توانیم ئەوەی بەڕاستی دەزانم و شایانی گێڕانەوە بێت، نووسیمەوە. بۆ ئەوەش سوپاسی زۆرم بۆ دوکتۆر باوەنوور کە زۆر دڵسۆزانە خەریکی یارمەتی دانی مالاکە و بۆ ئەوەش چ من و چ چالاک قەت ئەو جوانیی و ڕۆحی یارمەتییەی دوکتۆرمان لەبەر چاو ون نابێت. لە ڕاستیدا دەکرا من زیاتر بنووسم و زیاتر بە نووسین و بەکردەوەش بەشداربوومایە لەدۆزینەوە و چارەسەرێک بۆ مالاک، بەڵام نەمتوانی و هاوکێشەکان یەک لەدوای یەک لەبەر دەممدا وەستان و ڕێگرییان لێ کردم. من هەر دوای دوو هەفتە گەڕامەوە و سەیری برینی سەرسینگیان کردم و هەندێ پشکنینی تازەیان بۆ کردم و وتیان خۆمان تێلت بۆ دەکەین، دوای سێ هەفتە، مانگێک تێلیان کردەوەو پێیان وتم کە جارێ هیچی

وایان نەدۆزیوەتەوە و گەر هەشبێت ئەو ئەو لووانە هێندە بچووکن، کە نابیندرێن، بەڵام پێویستە من مانگێک، دوو مانگی تر دیسانەوە بچمەوە و هەندێ پشکنینی تر بکەم. بەڵام من هەستم دەکرد بارم زۆر باش نییە و هەمیشە ماندوو، دەکۆکیم و خەوم دەزڕا و بە پیاسەیەکی کەم لەتەنیشت دەریاچەکەی لای ماڵی خۆمانەوە نەخۆش دەکەوتم، نەدەمتوانی پیاسە بکەم و نەدەمتوانی پاسکیل بئاژووم. مەلەم بۆ نەدەکراو ئارەزووی خوێندن و سەفەریشم نەما، بۆیە من خۆم دوای سێ مانگ چوومەوە بۆ لای دوکتۆر بۆ پشکنین و ئەم جارە ئەوەی پێشبینیم دەکرد و لێی دەترسام ڕوویدات، ڕووی دا، هەر دوای هاتنەوەی پشکنینەکان بە دوو هەفتە، دوکتۆر تێلی بۆ کردمەوە و بانگی کردمەوە و وتی: بەداخەوە لووەکانی ئەو مەمکەی بڕیبومانەوە زۆر خراپ بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە و پەڕیونەتەوە بۆ زۆر شوێن، ئێستا بە باشی دەبیندرێن و ئەوسا هێندە بچووک بوون نەدەبیندران. منیش هیچ گریانم نەهات، چونکە پێش ئەوە زۆر گریابووم و دڵم خەبەری دابوو کە دەبێ وا بێت، چونکە بارم زۆر خراپ و شڕ بوو. وتم ئەی چارە؟ وتیان دەتوانین بە هەندێ حەب و تیشکی ڕادیۆم کەمێک دوای بخەین، بەڵام لەهەندێ شوێندا بڵاوبوونەتەوە، کە چارەسەری زۆر زەحمەتە. منیش وتم باشە چەند مانگ و ساڵی تر دەتوانم بژیم؟ وتیان ماکس هەشت مانگ تا ساڵێک. دوکتۆرەکەم باوەشی پێدا کردم و چاوبەفرمێسک، لەمن غەمبارتر بوو، منیش وتم تکایە حەز ناکەم کەس بەمە بزانێت، تەنانەت چالاکی مێردیشم. وتیان باشە و بەکەس نالێین. نا، هەرگیز دڵم نەهات، بەچالاک بڵێم، باشم کرد یان نا؟ نازانم و بۆ ئەوەش داوای لێبوردن دەکەم، دڵیشم نەهات بە دایکم بڵێم، هەر چەند خۆم نەبووم بە دایک، بەڵام دەمزانی کە دڵی هیچ دایکێک تەحەمولی ئەوە ناکات. تەنها کەسێک پێم وت گێلاسی غەمگین بوو، کە ڕۆژێک چالاک لەماڵەوە نەبوو بەفرسەتم زانی و تێلم بۆ کردو هەموویم بۆ گێڕایەوە و هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە من و غەمگینی

هاوڕێم لە تەلەفۆنەکەدا گریاوین، من لێرەدا باسی ئەوە ناکەم ئێمە ئەو ڕۆژە چیمان وت، چۆن گریان و چ مەلەیەکی ناو فرمێسکمان کرد. مەلەیەک هەست دەکەم کە کچانی وڵاتەکەم تەنها ڕێگەی مەلەی وایان پێ دەدەن، مەلە لەناو فرمێسکدا نەک مەلەی ڕاستی. هەست دەکەم ئەوە تەنها مافێکی تایبەتی من و گێلاسە و حەز ناکەم بۆ کەسی باس بکەم و زۆر پەیوەندیشی بەم باسەوە نییە. گەر ئەو ڕۆژێک گێڕایەوە یان نووسییەوە و بڵاو کردەوە، ئەوا مافی خۆیەتی و من ناتوانم ڕێی لێ بگرم، بەڵام هەمیشە گێلاس لای من، ئەو هاوڕێیەیە کە لەساتە زەحمەتەکانی ژیانمدا دەگەڕامەوە بۆ لای و دوای ئەوە هەستم دەکرد، کە ژیان هێندە ناخۆش و ناشرین نییە و لەگەڵ هەموو ماوەی کورت و دڵڕەقییەکی لەگەڵماندا و لەگەڵ هەموو ئەو برینانەی ژیان تیاماندا دەچێنێت، دەتوانین خۆشمان بوێت.

# ٣٩

که دوادێرم خوێندەوە، بەچاوێکی پڕفرمێسکەوە وتارەکەی ماردینم خستەوە ناو زەرفەکەی خۆیەوە. من بەدرێژایی ئەم کاتەی لێرە لەسەر کورسییەک لەم خوارەوە دانیشتووم و لەناو قەرەباڵەغییەکی زۆردا لەم سیمینارەدا، گوێ لە دوکتۆر باوەنوور دەگرم. من هەرچەند یەک دڵم هەیە، بەڵام قەت وەک ئێستا لەژیانمدا دوودڵ نەبووم، ئایا وتارەکەم بخوێنمەوە یان نا؟ ئەی وتارەکەی ماردین؟ من بەدرێژایی ئەم چەند سەعاتەی لێرە دانیشتووم، ئەوەی من کردوومە لەگەڵ گوێگرتنمدا لە دوکتۆر، خەریکی پێداچوونەوەی وتارەکەی خۆم بوومە و لە زەرفەکە دەرمهێناوەوکەمێکم لێ خوێندۆتەوەو ئەوەی بە پێویستم زانیبێت ڕاستم کردۆتەوە و لەپڕ لام بردووەو وتارەکەی ماردینم کەمێک خوێندۆتەوە و گوێم لە دوکتۆر گرتۆتەوەو ئەوەی خۆم دەرهێناوەتەوە. هەست دەکەم هاتنی من بەتەنیا بۆ ئەم سیمینارە بە بێ ماردین پرسیار زۆر دەوروژێنێت و ڕەنگە من نەتوانم وەڵامیان بدەمەوە. من ئەمڕۆ چەند جارێک تێلم بۆ دوکتۆر کرد و

مۆبایلەکەی کوژاندبووەوە، حەزم دەکرد لەهەندێ شتی زۆر گرنگ ئاگاداری بکەمەوە، کە ئەو ئاگای لێیان نییە، ئەو دوو، سێ جار ناوی من و ماردینی هێنا کە لێرەین و وتار دەخوێنینەوە. دەبێ من پێش ئەوەی بچمە سەرەوە تا دوکتۆر لەفرسەتێکدا ببینم و زۆر شتی بۆ باس بکەم. وتارەکەی خۆم دیسان دەرهێنایەوە و ئەو بەشەی کە مابوو بە بێدەنگی خوێندمەوە تا هەندێ شت راست بکەمەوە و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. ئازیزان! من دەمزانی کە ماردین ماوەیەکی زۆر بوو تەندروستی باش نەبوو، هەر لەدوای بڕینەوەی مەمکی چەپی و تەنانەت چەند مانگێک پێش ئەوەش بیانوویەکی دەدۆزییەوەو و وەک جاران نەدەهات بۆ پیاسە، نە مەلە ما و نەسەفەر و نە نووکتە و پێکەنین، ئەوێک کە هەموو شتێکی بۆ من باس دەکرد، هەستم دەکرد خۆی لە بینینی چاوەکانم و پرسیارەکانم دەدزێتەوە. لەگەڵ تێکچوونی باری تەندروستی ماردیندا لێرە، لەوڵاتیش هەواڵەکان ناخۆش بوون و باسیان لە هەموو ئەو تۆمەتانە دەکرد کە دەیاندایە پاڵ مالاکی برام و ماسمیدیا و کۆنتێکستی کوردی بەپیاوکوژ و تاوانبار بۆیەیان دەکرد. ئەویش بەخۆشاردنەوەی هەموی دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. هیچ شتێک دڵخۆشکەر نەبوو، چ لێرەو چ لەوێ، تا سێ هەفتە پێش ئێستا بۆ یەکەم جار دوکتۆر باوەنوور تەلەفۆنی بۆ کردین، ئەوسا من و ماردین لە ماڵەوە بووین و ئەو سەری کردبووە سەر ڕانم و زۆر نەخۆش بوو، لەهۆڵەکە سەیری فیلمی فانی و ئالێکسەندرای ئینگمەر بێریمانمان دەکرد، ئەو لەوێدا سەعاتێک زیاتر قسەی کرد و باسی هەموو هەنگاوەکانی خۆی کرد و زۆر بەڕێزیشەوە باسی لە دواهەنگاوی خۆی کرد بۆ یارمەتی دانی مالاک بە بەستنی کۆنفرانسێکی گەورە، کە تیایدا من و ماردینیش بتوانین شتێ بنووسین و لەوێ بیخوێنینەوە. وتی: هیچ هیوایەکم نەماوە ئەو برایەت بدۆزمەوە و پۆلیسیش وازی لێ بێنێت ئەم کۆنفرانسە نەبێت، کە خەڵکانی زۆر گرنگ داوەت دەکەم بەشکم حکومەتی هەرێم گوێمان لێ بگرێت. هەموو

کات و بەروار شوێنەکەی پێ وتین و وتم: چی بنووسین؟ وتی: هەموو شتێک، بە ڕووداوە تایبەتییەکانیشەوە، ئێوە برا و هاوڕێی نزیکی مالاکن و لەهەموو کەسێک زیاتر ژیانی ئەو دەزانن و دەتوانن هەموو شتێ بنووسن کە ببێتە ئەوەی زیاتر لە مالاک بگەین و یارمەتی بدەین کە ئەو تاوانبارە نییە میدیاکان باسی دەکەن. تکایە سێ هەفتەتان لەبەر دەستایە و فریا دەکەون. ئێمەش لەبەر ڕێز و ماندووبونی ئەو لەگەڵ مالاکدا، ڕازی بووین و تەنانەت ماردینیش ئەم هەنگاوەی زۆر پێ خۆش بوو بۆیە یەکسەر وتی ئۆی، وەڵا کاتمان زۆر کەم ماوە، ئادەی دەفتەرێک و قەڵەمیکم بۆ بێنە بێزەحمەت با دەست بکەم بە نووسین، منیش وتم نا زۆری ماوە، سێ هەفتەی ماوە، ئەویش وتی، نا زۆر کەمی ماوە، زۆر کەم. سەیرێکی کردم و وتی: چالاکی ئازیزا دەبێ تۆ پەیمانێک بدەی بە من کە ئەم شتانەی من لێرەدا دەینووسم، نابێت سەیریان بکەیت تا ڕۆژی کۆنفرانسەکە، وتم: پەیمان بێ ئازیزم، بەڵام خۆ تۆ دێیت بۆ کۆڕەکە؟ وتی: گەر نەمتوانی نایەم و ئەوسا تۆ لەجیاتی من بیخوێنەوە. هەفتەیەک تێپەڕی و هەواڵێکی خۆشمان بیست کە ئیقامەمان بۆ دەرچووە و هیچ کەس لەم ساڵانەی دواییدا وا زوو وەک ئێمە بۆی دەرنەچوو بوو، بۆ ئێوارەکەی من شووشەیەک شەمپانیام کڕی و لەگەڵ دوو پیزادا هاتمەوە بۆ ماڵەوەو لەناو زەرفێکیشدا دووبلیتی پاپۆڕ بۆ وڵاتی دراوسێ، کە ئێوارەکەی دەڕوات و ڕۆژی دوایی بەیانییەکەی دێتەوە. هەستم کرد تەنانەت ئەو هەموو هەواڵە خۆشانە ماردینی نەجوڵاند و بزەیەکی نەخستە سەر لێوی. وتی: من ناتوانم ئەم ئێوارەیە بێم و زۆر نەخۆشم، دەزانی چی؟ منیش وەک منداڵ وتم چی، وتی: شتێکت پێ دەڵیم زۆر حەز دەکەم بەقسەم بکەیت و دڵم نەشکێنیت، منیش وتم ئینجا کەی من دڵم شکاندووی؟ وتی: زۆر حەز دەکەم بێ من بڕۆیت، مادام بلیتت کڕیووە با نەفەوتێ، وتم: زۆر بەهەرزان دەستم کەوتن بۆیە ناتوانین بیاندەینەوە و پارەکە نادەنەوە، بەڵام هێندە هەرزان بوو

دەتوانین فریێی بدەین ئازیزم.. نا شتی وا مەکە و گوێ بگرە چالاکی دڵ. دەزانم تۆ زۆر حەزت لەو سەفەرەیە، دەشزانم تەنها لەگەڵ مندا حەز دەکەی. بەڵام من داوات لێ دەکەم تکایە برۆ، من گەر بمتوانیبایە چۆن نەدەهاتم؟ منیش دڵم نەشکاند و وتم باشە دەڕۆم، بەڵام بێتاقەت مەبە، پەیمان بێ بیتاقەت نابم و زۆر شتم ماوە بینووسم بۆ کۆنفرانسەکە. ئەوەی وت و من ڕۆیشتم. هەموو ئێوارەو شەوەکە دڵم لای بوو، لەوێوە کەمێک تەلەفۆن لەناو پاپۆڕەوە زەحمەت بوو، هیچ خەت نەبوو، بۆیە نەمتوانی هیچ قسەیەکی لەگەڵ بکەم و هەواڵێکی بپرسم. کە بەیانییەکەی هاتمەوە، هەر لەناو میترۆکەدا هەستم کرد کلیلەکانی ماڵەوەم پێ نییە و ترسام لێم کەوتبن و بیرم کردەوە، کە ماردین منی بەرێ کرد و ئەو چاکەتەکەی بۆ هێنام و وتیشی هەموو شتێکی تیایە بۆیە من سەیرم نەکرد، حەزیشم نەکرد بەو بەیانی زووە تێلی بۆ بکەم، وتم نەوەکو نووستبێت، کلیلیشم پێ نەبوو، بەناچاری بەو بەیانییە لای ماڵەوە چووم بۆ پیاسە تا دوو سەعات تێپەڕی و تێلم کرد و ماردین وەڵامی نەدایەوە، چوومەوە بۆ پیاسە و دوو سەعاتی تر خۆم خلافاند و تێلێکم کردەوە و وەڵامی نەبوو، دڵم کەوتە مەراقەوە، زەنگم لە دەرگاکەدا و نەیکردەوە، چەند جارێکم دووبارە کردەوە و هیچ. کە چەند جارێک زەنگ و تێلم کرد و دەنگی نەبوو، دراوسێکەم هاتە دەرەوە و پرسیارم کرد وتم: ماردینت نەدیووە دوێنێ شەو یان ئەمڕۆ بچێت بۆ شوێنێک؟ وتی: نا، ئەی بۆ کلیلت پێ نییە، وتم نا بیرم چووە، وتی: دەتوانی تێل بکەی بۆ لێپرسراوی خانوو، ئەمە ژمارەکەیەتی، بۆی هێنام و تێلم کرد و دوای نیو سەعات هاتن و کۆپییەکی کلیلی ماڵەوەیان هێنا و دەرگاکەمان کردەوە و چوومە ژووری نووستن و دەبینم ماردین نوستووە، ویستم خەبەری بکەمەوە، نەمتوانی و لە پڕ هەندێ حەبی زۆرم لەسەر مێزەکە بینی و سێ نامەشی نوسی بوو، زانیم حەبێکی زۆری خواردووە. ڕامکرد و تێلم کرد بۆ ئەمبولانس و پۆلیس و ئەوانیش هاتن و

سەیریان کرد لە دوێنێوە گیانی تێدا نەماوە و بەو حەبانە خۆی کوشتووە. لەگەڵیدا چووم بۆ خەستەخانە و دوای پشکنین پێیان وتم: کە بە حەب کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. کە سەیری فایلەکەیان کرد، پێیان ڕاگەیاندم کە شێرپەنجەی هەبووە و لوو بە هەموو گیانیدا بڵاوبوەتەوە و تەنها چەند مانگێکی مابوو بۆ ژیان. وتیان بۆ پێی نەوتووی؟ وتم: نەخێر هیچی نەوتووە، وتیان: ئەوەتا لێرەدا نووسراوە، کە ماردین نایەوێ کەس بەمە بزانێت و ئەمە وەک نهێنییەک مۆر کراوە، خۆت دەزانی ئەمە مافی هەموو هاووڵاتییەکە لێرە و ئێمەش ڕێزی ویستی ئەومان گرتووە. پۆلیس هەندێ قسەیان لەگەڵ کردم و دوای باری تەندروستی ئەویان زانی و زانیان من ئەو شەوە لەماڵەوە نەبووم و ئەو هەموو حەبانەیان بینی کە ماردین خواردوویەتی، تەوقەیان لەگەڵ و سەرەخۆشییان لێ کردم و وتیان: دیارە خۆی کوشتوەو ئەمەش بۆ کەسانێک کە تەنها چەند مانگێکیان دەمێنێت، ناتوانن بژین و کۆتایی بەژیانیان دێنن. بۆیە کەس دەستی لە مردنەکەیدا نییە و تەنانەت منیش بێ تاوانم و دەتوانم بچمەوە بۆ ماڵەوە و کاتی خەفەتباربوونی خۆم بژیم کە زۆری پێ دەچێت. منیش سوپاسم کردن و نەمزانی چی بکەم. دەستم کرد بەگریان. لاشەکەی ماردینیان لە خەستەخانە لە ژووری تایبەتیدا دانا و منیش هاتمەوە بۆ ماڵەوە، بە تێل خزمانم ئاگادار کردەوەوە و ئەوانیش لەوێ پرسەیان بۆ داناو منیش لێرە پرسەیەکی یەک ڕۆژیم داناو هۆڵێکم بەکرێ گرت و هەندێ هاوڕێی و ناسیاو هاتن و تەوقەیان کرد و ڕۆشتن. وەک وتم ماردین سێ نامەی بەجێ هێشتبوو، یەکێکیان بۆ من بوو، دووەمیان بۆ مالاک بوو، سێیەمیش ئەو نووسینەی بوو کە دەیویست لە کۆنفرانسەکەدا بخوێندرێتەوە. ئەوەیان من بۆم نەبوو یەکسەر بیخوێنمەوە، چونکە هەر یەکەم ڕۆژ پەیمانم پێ دا کە تەنها ڕۆژی کۆنفرانسەکە بیبینم و بزانم چی نوسیووە، ئەوی تریان نامەکەی مالاک بوو کە ئەویش ڕێگەم بەخۆم نەدا زەرفەکەی بکەمەوە و بیخوێنمەوە،

چونکە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نەبوو، بەڵام هەستم کرد شتێکی ڕەقی تیایە و هەر بەدەست لێدان زانیم کە ئەو ملوانکەیەیە، دڵە بەردینەکە، کە کاتی خۆی یەکی دانەیەکی بە دیاری بۆ هێناین و مالاکیش لە ئاهەنگی ژنهێنانەکەمدا دایەوە بە ماردین. دیارە ماردین حەزی کردووە جارێکی تر بۆی بنێرێتەوە. نامەی سێیەم نامەیەکی دوور و درێژ بۆ من. نوسیوویێتی تەنها بۆ تۆ، بۆیە من بەتەما نیم لێرەدا بیخوێنمەوە. نە هێزی ئەوەم هەیە و نە پێویستیشی دەزانم، چونکە هەست دەکەم زۆر تایبەتە و هیوادارم ئێوەش ڕێزی ژیانی تایبەتی من بگرن و داوام لێ نەکەن تا بیخوێنمەوە بۆ ئەوەش سوپاستان دەکەم. من تا ئێرەم نووسی و حەزم دەکرد زۆر شتی تر هەیە بینووسم، بەڵام دوای مەرگی ماردین هێزی نووسینم بڕا و هەر دەمویست شتی زۆری بۆ زیاد بکەم و نەمدەتوانی، بۆیە لێرەدا دەوەستم سوپاسی بێپایانم بۆ ئێوەی بەڕێزو دوکتۆر باوەنووری ئازیز.

# ٤٠

دوای سێ ڕۆژ، بۆ شەوەکەی ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد و لێی دەترسام ڕووی دا، شەو هەندێ دەچنە کلینیکی دوکتۆر مانی و دەرگاکەی دەشکێنن و دەچنە ئەو ژوورەی دڵەکەم لە دۆڵابێکی ساردی تایبەتیدا تیا هەڵگرتبوو، دڵ دەدزرێت و لە جیاتی ئەوە پادشایەک و وەزیرێکی شەترەنج دادەنرێت و هەموو هەوڵێکی من بۆ دانانی ئەو دڵە بۆ مالاک دێتەوە سەر سفر و ئینجا بۆم دەرکەوت، کە کەسانێکی زۆر بەهێز لەپشتی ئەم ڕووداوانەوە یاری دەکەن و نایانەوێ مالاک دەرکەوێت و نەشتەرگەری بۆ بکرێت. گەر ئەو ساتەش مالاکیان بدایەتەوە دەستم، بەبێ ئەو دڵەی دزییان نەمدەتوانی هیچی وای بۆ بکەم. بۆ ئەوەی فۆکوسەکە بخرێتە لای تریش، لەشارێکی تری هەرێمیش ڕۆژنامەنووسێکی تر بێدەنگ دەکرێ و لەلایەوە دیسان شەترەنجێک و چەقۆیەک دەبێتە دیاری لاشەکەی، ئەوە بەس بوو دیسانەوە مێدیاکان بەلایەکی تردا زلی بکەنەوە و لەسەر مالاکی حیسابی بکەن. تەنانەت دیارنەمانی دڵەکەیان وا لێک دایەوە، کە من بەدزییەوە چوومە و

دڵەکەم لەگەڵ خۆمدا بردووە و بەپەلە بۆم داناوە، ئەوانە وا دەزانن دڵدانان بە پلایس دادەنرێت. لەو ساتەدا لەکۆمەڵگاکەی مندا کەس لە مالاک باشتر نەبوو بۆ شاردنەوەی تاوانەکان و دەم و چاوە راستەقینەکان. هەرچەندە سوپاسم بۆ هەندێ لە میدیای ئازاد کە جار دوای جار ئەو فیلانەیان ئاشکرا دەکرد و پشتگیری خۆیان بۆ من و مالاک دووپات دەکردەوە. دوای دزینی دڵەکە، ئیتر زانیم من وەک دوکتۆرێک هیچ شتێکی وام بۆ مالاک پێ ناکرێت و باشتر وایە بگەڕێمەوە و بەجۆرێکی تر و لەلایەکی ترەوە بتوانم هەنگاو بنێم بۆ دۆزینەوە و چارەسەرێک، ئەویش داوەتکردنی ئێوەی ئازیزە بۆ ئەم کۆنفرانسە تا هەموومان دەنگمان بخەینە پاڵ یەک بۆ دروستکردنی فشارێک تا حکومەتی هەرێم لەو بریاری دەستگیرکردنە پاشگەز بێتەوە و واز لە مالاک بێنیت لە حەشارگەی خۆی بیتە دەرەوە و من بتوانم بە هێمنی لە هەر شوێنێک بێت ئەو نەشتەرگەرییە و گواستنەوەی دڵی بۆ بکەم. تەنانەت من دەتوانم بە هۆی ئینستیتۆتەوە، هەلیکۆپتەرێکی تایبەتی بنێرم بە شوێنیدا و بە شێوەیەکی فەرمی حەز دەکەم بیهێنم بۆ ئێرە ئەوەش گەر تازە درەنگ نەبووە. بۆیە پێویستم بە ئیمزای هەمووتانە، تا فشارەکە گەورەتر بێت، چونکە ئێرەش گەر بزانێت ئینتەرپۆل داوای کەسێک دەکات، بێ سێ و دوو تەسلیمی دەکاتەوە، ئەمە ئەگەر پەناهەندەیەکی سیاسی نەبێت. بۆیە لەلای من خستنی ئەو هەموو تاوانە سیاسیانە لەپاڵ کەسێکدا، مەسەلەیەکی سیاسییە و ئەو کوڕە دەتوانرێت وەک پەناهەندەیەکی سیاسی ڕابکێشرێت بۆ ئێرە، بەڵام ئەمە بۆ داهاتوویەکی نزیک نەک ئێستا، بڕوا ناکەم ئەو ئێستا زۆری مابێت، بەتایبەتی دڵە دەستکردەکەی لە ئێستادا ڕەنگە لەکار کەوتبێت و ناشزانم ئەو کوڕە ماوە یان نا؟ ئەوەش پرسیارێکە من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە. با ئەوانە وەڵامم بدەنەوە کە ڕێگرییان لێ کردم و ئەو هەموو بەردەیان خستە سەر ڕێگام. ئازیزان! ئێستا ئیتر ئێوە وێنەیەکی زۆر باشتان لا دروست بوو بەرامبەر باری کوڕێک کە تەنها دڵی نەخۆش بوو،

منیش ویستم یارمەتی بدەم و چاکی بکەمەوە، بەڵام دڵنیام ئەوە هەموو وێنەکە نییە، بەڵکو بەشێکی هەتا بڵێیت بچووکێتی، ئەوەی دەتوانێت وێنەیەکی گەورەترو ڕوونترتان بداتێ و ناتەواوی وێنەکەی من تەواو بکات، ئەو دوو ئازیزەیە کە داوەتم کردوون بۆ ئێرە و هیوادارم ئەمڕۆ هاتبن و لێرە بن. من وەک وتم: ئەوانم قەت نەبینیووە و تەنها یەک جار بە تەلەفۆن پێش سێ هەفتە قسەم لەگەڵ کردن و پەیمانیان پێدام کە بێن و شتێک بنووسن و بخوێننەوە. بەڵام پێش ئەوەی سەرەی ئەو دوو ئازیزە بێت، هەر وەک لەسەرەتادا باسی دڵشکانە گەورەکەم کرد و پێم وتن گەر کاتم هەبێت، پێم خۆش دەبێت باسی دڵشکانی خۆمتان بۆ بکەم، من ڕەنگە بە خێرایی باسێکی دڵشکانی خۆمتان بۆ بکەم، دوای ئەوەش پاوسێک وەردەگرین و ئینجا گوێ لە کاک چالاک و ماردین خان دەگرین.

# ٤١

من هەستم کرد، ئیتر کاتی من نزیک بۆتەوە و دوکتۆر باوەنوور لە کۆتایی قسەکانیایەتی و دیارە ئەویش هیچ شتێکی لەبارەی مردنی ماردینەوە نەبیستووە. ئەگینا دوو سێ جار ئاوا بەو شێوەیە ناوی نەدەهێنا. لەو کاتەدا کە باوەنوور کەوتە باسکردنی دڵشکانی خۆی، هەستم کرد مۆبایلەکەی گیرفانم چەند جارێک لەرێوە و من خستبومە سەر بێدەنگ تا بەدەنگەکەی لای ئامادەبووان خۆم بێتام نەکەم. ئێس ئێم ئێسێکم لە گێلاسەوە پێگەیشت و سەیریشم کرد چوار جار تێلی بۆ کردووم و ئاگام لێ نەبووە، نووسیبووی، بەزووترین کات تێلێکم بۆ بکە. منیش چوومە دەرەوە و لەو دیو دەرگاکەوە تێلم بۆ کرد و وتی: ئێستا لە کوێیت؟ منیش وتم لە کۆنفرانسەکەی دوکتۆر باوەنوور. وتی چالاکی ئازیز! گوێ بگرە، من مالاکم دۆزیوەتەوە و حاڵی زۆر خراپە، لە پەنا شاخێکدا خانوویەکی یەک ژووری کڕیوە و ئەم ماوەیە هەر لەوێ ژیاوە، نایەوێت کەس بیبینێت. منیش وتم: ئێ زۆر باشە، بەشکوم بە دوکتۆر بڵێم و یارمەتی بدات، وتی گوێ بگرە بەساقە! ئەو بۆ مردنی

ماردین بیستوویەتی و بیرتە لەم دواییەدا هەمیشە باسی سزا گەورەکەی دەکرد؟منیش وتم بەڵێ ئەی چۆن. ئێ هەر دوای بیستنی ئەوەی کە ماردین خۆی کوشتووە، ئەویش دڵە دەستکردەکەی لێکردۆتەوە و وەستاندوویەتی و بەئاستەم نووزەی دێت و هەناسە دەدات، بڕوا ناکەم تا بەیانی بژی. منیش لەشوێنی خۆم ئەبڵەق واق وڕماو و بێدەسەڵات.پرسیم: ئەی دایکم لایەتی لەوێ؟ وتی: بەڵێ بەس ڕێگەی دایکت و منی داوە، بەڵام شتێکی ترت پێ بڵێم. وتم فەرموو، وتی زۆری پێ خۆشە تۆ ببینێت و داوات دەکات، وتم: بەراست، ئەی بۆ نا، وا بزانم براین و دوانەین، دەزانی چی؟ ماردینیش نامەیەکی بۆ نوسیووە و وا بزانم ملوانکەکەی خۆی بۆ ناردۆتەوە، وتی: ئەو ملوانکەیە نەڵێیت کە لە ئاهەنگەکەدا کردیەوە بە ملیا و منیش بە تەعلیق شتمەوە؟ وتم: با، تەواو خۆیەتی، بەس نامەکەم نەکردۆتەوەو نازانم چی بۆ نووسیووە، وتم: ئەی ئێستا من چۆن ببینم؟ تۆزێکی تر سەرەی منە و دەبێت بچمە ژوورەوە، بەڵام گەر ئەو تا بەیانی بژی، ئیتر من چۆن ببینم؟ ئەویش وتی گوێ بگرە، چالاکی نازدار! من هەر بۆ ئەمڕۆ بلیتی فڕۆکەم بۆ حیجز کردووی، ئەمڕۆ تەیارە هەیەو سێ سەعاتی تر دەفڕێت و گەر بتەوێ بیبینیت، دەتوانی هەر ئێستا بکەویتە ڕێ بەرەو فڕۆکەخانە. منیش وتم: دەزانی هیچ شتێکیشم ناوێ و هەموو نامەکانیشم پێیە و تەنانەت نامەکەی ماردینیشم پێیە بۆ مالاک. دەخێرا بڕیارێک بدە، سەعات یەکی شەو دەگەیت و من دەتوانم لەگەڵ براکەمدا بێین و پێشوازیت بکەین و هەر یەکسەربچین بۆ لای مالاک، وتم: دەباشە، ئەوە دێم،هەرچەند حەزم دەکرد لەبەر قسەی دوکتۆر باوەنوور بەشداریم بکردبایە، بەڵام تازە هیچ کۆنفرانسێک براکەم ناداتەوە و دڵی چاک ناکاتەوە. ئێمە هەموو شەڕەکەمان بۆ ئەوە بوو مالاک لەژیاندا بمێنێتەوە، گەر تا بەیانی بژی، ئیتر ئەم چیرۆکەی من و ماردینیش لە کۆنفرانسێکی ئاوادا و لەم قەرەباڵەغییەدا نرخی نامێنیت، وەک هەموو شتەکانی تریش کە نرخیان نییە. خوێندنەوەی ئەمەی نووسیومانە

چ سوودێکی هەیە لەولاوە مالاک چەند هەناسەیەکی مابێت... وتم: باشە گێلاسی ئازیز! زۆر سوپاس، ئەوا ئێستا دێم. تەلەفۆنەکەم داخستەوە، لەدەرەوە و لەو دیو دەرگاکەوە، گوێم لە دوکتۆر باوەنوور بوو هەر باسی دڵشکانە گەورەکەی خۆی دەکرد، باسی ئەو (بیگ بانگ)ەی دەکرد لە سینەی هەمووماندایە. منیش لەدڵی خۆمدا وتم: زۆر سوپاسم بۆ تۆ دوکتۆر گیان و ڕێزم بۆ دڵشکانت، زۆر حەزم دەکرد گوێم لە چیرۆکی دڵشکاندنی تۆش بوایە، بەڵام منیش دەبێ بڕۆم، (بیگ بانگ)ێکی تر، لەشوێنێکی تر چاوەڕێم دەکات و ڕەنگە بەیانی بتەقێتەوە، گەر تەقییەوە حەز دەکەم لەوێ بم و نزیک بم و گوێم لە تەقینەوەکەی بێت، گەر پارچەیەکیشی بەر من کەوت، با بکەوێت و گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەوێ بم. ئەوەم وت و بەپەلە ئەو ناوەم بەجێهێشت.

٢٠١٥ ستۆکهۆڵم